




# بەشێک لە وتووێژ و بابەتەکانی

## هاوڕێ شلێر حەسەن پوور

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- بۆ کۆکراوەی بەرهەم و وتووێژەکانی شلێرحەسەن پوور ................................ کەمال حەسەنپوور .......... ٤

٢- زۆرن ئەو تەوارانەی ................................................................ ئەحمەد ڕەحمانی .......... ٦

٣- خەلاتی ئاشتی نوبێل .................................................................................... ٨

٤- کۆنفرانس یا سیمیناری شۆڕشی ژینا بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینا .............................................. ١٠

٥- ڕاخوشانی ئەستێرەژنێک لە ئاسمانی خۆرهەلاتی نیشتمانم ...................................................... ١٤

٦- خەرمانەی خەرمانتان هەروا سوور و پڕ بەرهەم بێ! ............................................................ ١٦

٧- هۆنراوەکانی مامۆستا هێمن تا ئێستاش وەک باشترین سروود ...................................................... ٢٠

٨- بەشداری ڕێپێوان بە بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنۆس ...................................................... ٢٥

٩- بیرەوەری دەورانی منداڵی ......................................................................... ٢٨

١٠- چاوپێکەوتنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان - سوئێد ...................................................... ٤١

١١- خوشکە جوانەکەم سکالا گیان! ..................................................................... ٥٠

١٢- سوپاس و پێزانین بۆ شاکیژی بنەماڵەمان باوان گیان ............................................................ ٥٢

١٣- ئیرادە و یەکریزی ژنان، زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانیانە .................... دیمانە: شەونم هەمزەیی .......... ٥٧

١٤- چەند پەیڤەیک لە سەر باوکم وەک یەکەم مامۆستای ژیانم ...................................................... ٦٤

١٥- وتووێژی"ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەلات" ............................................................ ٦٩

١٦- چەند وتەیەک لەمەر کارو چالاکییەکانی هاوڕێ ڕەحمان نەقشی ............................................ ٧٤

١٧- مانگی ڕەمەزان و کولیچەکانی دایکم ............................................................................ ٧٦

١٨- بە سەر هاتی گوڵێ .................................................................................................... ٨٥

١٩- لە پەراوێزی تیزاب پرژاندنی دەستێکی ناپاک بە کچان و ژنانی بۆکانی دا .......................................... ٩٢

٢٠- بۆنی سێوی ٧ی پووشپەری سەردەشت ............................................................................ ٩٥

## کۆمەڵێک دیمانە سەبارەت بە شەهید مەلا ئاوارە

٢١- بەڕێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە .................................................................. ٩٩

٢٢- کاک مستەفا شڵماشی یەکێک لە تێکۆشەران و برای شەهید مەلا ئاوارە ............................................ ١٠٦

٢٣- کاک مەلا ڕەحمان کاژەیی، یەکێک لە پێشمەرگەکان و هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە ................................ ١١٣

٢٤- بەڕێز حاجی حوسێن حەدداد، یەکێک لەتێکۆشەرانی دێرینی حدک و هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە .................. ١٢٤

٢٥- بەڕێز کاک سەعید کوێستانی (کاوە) سەبارەت بە شەهید مەلا ئاوارە و هاوڕێیانی ................................ ١٣٢

٢٦- بەڕێز مامۆستا خالەق حەفیدی هاوڕێی نێزیکی شەهید مەلا ئاوارە .............................................. ١٣٧



# بۆ کۆکراوەی بەرهەم و وتووێژەکانی شلێرحەسەن پوور



**کەمال حەسەنپوور**

کاتێک کۆماری سێدارە دەستی بەسەر شاری سەردەشت داگرتەوە و دواتر بڕیاریدا حیجابی زۆرەملی بەسەر قوتابییانی کچدا بسەپێنێ، بابم بڕیاری دا چیدیکە شلێری خوشکم نەنێرێتەوە قوتابخانە. ئاخر بابم نەتەنیا دژی کۆماری سێدارە بوو بەڵکو دژی حیجابی زۆرەملیش بوو، ئەگەرچی بۆخۆی کەسێکی ئیماندار لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە بوو.

دابڕان لە قوتابخانە قەت نەبووە هۆی دابڕانی شلێر لە خوێندنەوە و خۆ پێگەیاندن. ئەو بەردوام خەریکی خوێندنەوە و خۆ پێگەیاندن بوو. وەک خۆم هەمیشە لەو بڕوایە دابووم کە بەڵگەنامەی خوێندن بە هیچ شێوەیەک سەلمێنەری خوێندەوار بوونی خاوەن بەڵگەنامەکە نییە و نەبوونی بەڵگەنامەی فەرمی خوێندنیش بە مانای نەخوێندەوار بوون نییە. لەو ڕوانگەیەوە ئەو ڕاستییە بە تەواوی لە دۆخی شلێری خوشکمدا ڕوون و ئاشکرایە.

شتێکی دیکەی جێگای ئاماژە ئەوەیە کە نە تەنیا لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەڵکو لە زۆر کۆمەڵگای پیاوسالاردا، کچان و ژنانی بەهرەمەند دەکەونە ژێر سێبەری هاوسەر و خزمانی نێرینەی بنەماڵەکەیان. سەرەڕای ئەوە کە مێردی شلێر خەباتکارێکی بێوێنە و شەهیدێکی زیندوویە کە ناو و ناوبانگی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بڕیوە، بەڵام شلێری هاوژینی قەت تەنیا وەک هاوسەری حەمەڕەسوڵ کەریمی پێناسە نەکراوە.

شلێر کاتێک لە سەردەشت بووە لە ڕیزی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکڕاتدا چالاک بووە و پاشان کە پەڕیوەی باشووری کوردستان بووە لە ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێموکڕات دا چالاک بووە. دوای ئەوەی پەڕیوەی تاراوگە و وڵاتی سوید بوون، شلێر بەردەوام لە ڕێکخراوی یەکیەتی ژناندا دەوری کارای هەبووە و لە چەند برگەدا بەرپرسی گشتیی ئەو ڕێکخراوە بووە. بێجگە لەوە ناوبراو لە کۆمیتەی لینشۆپینگی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەروەها لە کۆمیتەی گشتیی حیزب لە وڵاتی سویددا ئەندام بووە و هەمیشە ئەرکەکانی بە باشترین شیوە بەڕیوە بردوون.

خوێنەرانی هێژا (مەبەست ئەوانەی نووسراوەکانی پێشووی شلێریان نەخوێندۆتەوە) لە ناوەرۆکی ئەو کۆبەرهەمە ڕا کە بە هیممەتی کاک ڕەحمان نەقشی کۆ کراوەتەوە بۆیان دەردەکەوێ کە شلێر قەڵەمێکی تیژ و ڕەوانی لە نووسراوە و گێڕاوەنەکانیدا هەیە کە خوێنەر پەلکێشی بابەتەکە و تەنانەت سەردەمی ڕوودانی ڕووداوەکان دەکات.

وەک خۆم شانازی دەکەم کە برا و هاوڕێی حیزبیی شلێرم و هیوای تەمەن درێژیی و سەرکەوتنی زیاتری لە داهاتوودا بۆ بە ئاوات دەخوازم.

چوارشەممە ٢٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٣ی کوردی



## زۆرن ئەو تەوارانەی

### ئەحمەد ڕەحمانی




زۆرن ئەو تەوارانەی لە مەکۆی تێکۆشانی ژن بوون دا دەیانساڵە بێ پسانەوە لەهەوڵی تێکۆشان و خەباتن، بێ ئەوەی هەست بە ماندووبوون بکەن، بێ ئەوەی بزانن چیبە سەختە ڕێی ڕێگا، بێ ئەوەی باکیان هەبێ کە گەلێ ئەستەم و دژوارە تاریکی ڕێگەیان.

زۆرن ئەو تەوارانەی دەیانساڵە لە ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن بەهیواوە دەڕوانن، لە مەیدان دان بێ وچان، بیروباوەڕیان توێشەبەرەیە بۆ ڕێگای هەورازیان، نەسرەوتن تا سەرکەوتنیان کردووە بە ئامانجی بەرزیان.

زۆرن ئەو تەوارانەی کە چەندین دەیەو چەندان ساڵە بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە هەوڵدان تێدەکۆشن بێ ماندووبوون، بە بێ وچان، دەزانن ئەوە ئەرکێکی زۆر گرینگە بۆ گەلیان بۆ نیشتمانیان، ئەوان دەڕۆن هەدا نادەن تاکو نەگەن بە ئاواتی

لەمێژینەیان.

هەر هەبن تەوارانی یەکسانیخواز، ئێوە جێی شانازین کە چیتر ناتانەوەی یەکسان نەبن ژن و پیاو.

ئەوەیە بیری جوانی تەواری نێو مەتەرێزی یەکسانی کە بۆ گەل لە هەوڵدابێ، بێ ئەوەی بۆ تەنیا ساتێ بکێشی پەژیوانی بۆ خزمەتی بیری جوانی بۆ داهاتووی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە بەختەوەری و کامەرانی.

١٩ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

---



## خەڵاتی ئاشتی نوبێل



لە دوێنێوە کە ئاکامی خەڵاتی ئاشتی نوبێل بڵاو بۆتەوە هێندێ کەس و یەک لەوان بەندە پیرۆزبایمان کردوە، کەوتووینە بەر ڕەخنەی سوپر شوڕشگێرانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و بە شێوازی جۆراو جۆر کوردایەتیمان پێدەفرۆشنەوە.

لە ناخی دڵمەوە ئاواتم دەخواست ئەو خەڵاتە پێشکەش بە ژن یا پیاوێکی کورد و بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرابایە.

کاتێک ئێمە چ وەک حیزبە سیاسیەکان و چ وەک ڕێکخراوە مەدەنیەکان و چ وەک تاک مەبەست ئەو دوکتور و ئاکادێمیکانن کە هەمیشە دوای ڕووداوەکان ڕەخنە دەگرن بە چڕی و بەجیددی کارمان بۆ ئەو بەشە نەکردوە، بۆچی گلەیی دەکەین؟!

دوای شۆڕشی بەرینی ژینا شیمانەی ئەوە دەکرا کە خەڵاتی ئاشتی نوبێل بدەرێت بە چالاکێکی ژن یا پیاوی ئێرانی و تەنانەت ئەگەر ئێمە لەو بوارە زیرەک باین و کاندیدی کوردمان ناساندبایەن وێدەچوو ئەو خەڵاتە درابایە بە کوردێک مادام ئەو کارەمان نەکردوە حەق نییە هێندەش گلەیی بکەین و هێرشی ناڕەواش بکەینە سەرکەسانی دیکە.

ئەمن وەک خۆم پەیامی کۆمیسۆنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل ئاوا لێکدەدەمەوە کە ئەو خەڵاتە دراوە بە هەموو ژنانی ئێران و

بەتایبەت ئەو ژنانەی لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی ئازایانە هاتنە سەر شەقامەکان و لەو سوێنگەیەش خەڵاتەکە دراوە بە نەرگس محەممەدی وەک ژنێکی چالاک لە بواری مافی مرۆڤ کە چەندین جار مەحکوم بە زیندان کراو و هەنووکەش دەستبەسەرە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

## کۆنفرانس یا سیمیناری شۆڕشی ژینا بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینا




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩-٠٨-٢٠٢٣ کۆنفرانس یا سیمیناری شۆڕشی ژینا بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینا بەدەست پێشخەری یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کۆمیتەی دەرەوەی وڵات لە نورویژ بەڕێوەچوو.

بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ژنانی نەتەوەکانی دیکە ئێران لەو کۆنفرانسە دا خاڵێکی ئەرێنی ئەو کۆنفرانسە بوو بەڕای من هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو کە یەکیەتیی ژنان پێ هەستابوو و جێگای دەستخۆشییە و هیوادارم لە داهاتووش دا لە پێک هێنانی کۆڕ و سیمینار بەردەوام بن.

لەو کۆڕە دا سەرجەم ١٦ وتاربێژ لە ژێر چوار پانێل دا کە بە زمانەکانی فارسی، ئینگلیزی، نورویژی و " وتارێکی کورت بەکوردی سۆرانی" و یەک بە "دیالێکتی کوردی کرمانجی" پێشکەش کران.

وەک میوان یا ئەندامێکی یەکیەتیی ژنان سودم لەو باسانە وەرگرت کە لێیان حاڵی دەبووم.

بەهۆی زۆری وتارەکان و نەبوونی کات مەجال نەدرا تێبینییەکانمان هەر لەوێ باس بکەین بۆیە سەرنج و تێبینییەکانی خۆم لێرە بەکورتی باس دەکەم.

سەرەتا ئاماژەم پێدا کە ئەو کۆنفرانسە لە باری وتار و ڕەنگاو ڕەنگی تا بڵێی دەوڵەنەد بوو، بەڵام لە کۆی ١٦ وتار جیا لە وتاری خاتوو تاهیرە سادقی کە ئامەژەیەکی کورتی بەو لاوانە کرد کە لە شۆڕشی ژینا دا گیرابوون و هەنووکەش لە گرتووخانەکانی رژێمی ئێراندا دەستبەسەرن، لە هیچ یەک لە وتارەکان دا باس لە گرینگترین بەشی شۆڕشی ژینا، واتە بنەماڵەی شەهیدان نەکرابوو.

ئەو شۆڕشە لەبنەڕەت را لە سەردەستی ئەوان و بەگیان فیدایی و بەخشینی خوێنی ڕۆڵەکانیان سەریهەڵدا و هەروەها بەردەوامی ئەو شۆڕشە بە چاونەترسی و خۆڕاگری ئەو بنەماڵانە بوو کە هەرچەندە لە ژێر فشار و هەڕەشەیەکی زۆری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دابوون بەڵام لە ڕێگای چوون بۆ سەر مەزاری شەهیدان و بە پێشکەش کردنی وتارە مێژوویەکانیان حەماسەیان خوڵقاند و هەر ئێستاش بەردەوامن و بەیاد کردنەوەی ڕۆژی لەدایک بوونی ڕۆڵەکانیان هەردەم لەمەیدان دان و بەردەوامی ئەو شۆڕشەش هەر لەسەر دەستی ئەو ئازیزانەیە.

ئەو نەخوێندنەوە لە ساڵیادی شۆڕشی ژینا دا بۆ من هەم جێگای پرسیار بوو هەم زۆر جێگای داخ بوو.

هەڵبەت دەزانم وتاربێژان وتارەکانی خۆیان لە ژێر ئەو سەردێڕەی کە هاوڕێیان لە کۆمیتەی دەرەوە دیاریان کردبوو دا ڕێک خستبوو، بەڵام بەبڕوای من ناکرێ باس لەو شۆڕشە مەزنە و تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەو شۆڕشە دا بکەی و باس لە لەخۆبوردووی و خۆڕاگری بنەماڵەی شەهیدان و ئەو لاوە بەند کراوانە، بەکورتی بە تەرخان کردنی دوو دێڕ لە وتارەکان دا نەکەی.

بە گشتی گلەیی لەو ژنانەی کە بە نوێنەرایەتی ئەحزاب و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی دیکەی نەتەوەکانی ئێران کە لەو سیمینار دا بەشدار بوون و وتاریان دا ناکەم، بەڵام گلەیی لە هاوڕێیانی خۆم دەکەم کە ئەو خاڵەیان لەبەرچاو نەگرتبوو. گوتم وتارەکان ڕەنگاوڕەنگ و بەشێک تەواو ئاکادێمیک بوون ٤ وتار بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کران، کە ئەگەر ئەو وتارانە لە شوێنی خۆی مەبەستم کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوە مەدەنی و حیزبە خارجییەکان دا باس کرابایەن زۆر بەجێ بوو.

چونکە کاتێک چاوم بەسەر بەشدارانی نێو ساڵۆنی کۆنفرانس دا گێڕا هەشتا لە سەدی بە خۆمەوە لە زمانی ئینگلیزی تێنەدەگەیشتین.

هەربۆیە پرسیارم بۆ درووست بوو، بە خۆم گوت، گوێگری ئێستا و دوای بە میدیایی کردنی باسەکان دەبێ کێ بن و «مخاطب» گوێگر کێیە و ئەو بابەتانە کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبنەوە لە کوێ و بۆ کێ بڵاو دەبنەوە؟

وای دادەنێم کە ئەو وتارانە بۆ ئەو دەستە لەو ژن و کچانەیە کە لە دیاسپۆڕان و شارەزایان بەسەر زمانی ئینگلیزی دا هەیە، ئەی ئەو ژنانەی لە نێوخۆن چی!؟

ئەگەر ئەو وتارانە بۆ هاودەنگی لە گەڵ نێوخۆ و گرێدانی هاوپێوەندی لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە ساڵی پێشوو دا بوو، کە واتە بۆچی بە زمانی ئینگلیزی!؟

بەراستی پێم خۆشبوو وەڵامی ئەو پرسیارانە بزانم کە بەداخەوە لە بەر زۆری وتار و کەمی کات نەکرا ئەو پرسیارانە لە شوێنی خۆی بکەین.

لە یەک لە وتارەکان دا باسی هاودەنگی ژنان لە بەشەکانی دیکە کوردستان لەگەڵ شۆڕشی ژینا کرا، کە قەتعەن وانەبوو. ئەگەر هەڵسەنگاندنێک لەگەڵ هاوسۆزی و هاودەنگی ژنانی ڕۆژهەڵات بۆ هەموو بەشەکانی دیکە چ باکور، چ باشوور چی ڕۆژئاوا بکەین، بەدڵنیاییەوە بەشداری ژنانی بەشەکانی دیکە کوردستان لە دەرەوەی وڵات هەم کەم بوو و هەمیش وەڵامدەری ئەو پشتیوانییە بەرینەی ژنانی ڕۆژهەڵات نەبوو.

ژنانی ڕۆژهەڵات لە کاتی شەڕی کۆبانێ دا بە پشتیوانی چالاکانەو بەرچاویان لەبواری دەرمانی و ماددی و مەعنەوی نیشانیان دا کە لەباری نەتەوەییەوە چەندە هوشیار و پێگەیشتوو و بەرپرسن.

ڕەنگبێ لەو بەشەش دا گلەیی لە ژنانی باکوور و ڕۆژئاوا نەکەم هەرچۆنێک بێ نەتەوەی سەردەست وەک تورک و عەرب بەسەریان دا زاڵن، بەڵام خۆ ژنانی باشووری کوردستان ئەو گرفتەیان نەبوو کەچی لە هەموو دونیا هاودەنگی و ڕێپێوان بەڕێوەچوو جیا لە باشووری کوردستان نەبێ.

**لەسەر ناوی "ژینا"**

بەلامەوە سەیرە هێندێ کەس خەریکن بە هێنانەوەی بۆچوون و بەڵگە هەوڵ دەدەن بڵێن شۆڕشی مەهسا دروستە نەک

"شۆڕشی ژینا"!؟ پێم خۆش بوو وەبیربێنمەوە کە ڕێژیمی کۆمار ئیسلامی زۆر دەمێکە هەوڵی سڕینەوەی زمان و ناسنامەی کوردی دەست پێکردوە و لەو پێناوەش دا لە هیچ شتێک سڵی نەکردۆتەوەو لە چوارچێوەی سیاسەتی سڕینەوەی شوناس و ناسنامەی کوردان و باقی نەتەوەکانی ژێردەستی ئێران، لە ماوە دەسەڵاتداری خۆیدا سەدان هەوڵی بۆ لاوازکردن و ئینکار و لەناوبردنی زمانی کوردی و فەرهەنگ و کولتوور و ناسنامەی کوردی داوە.

بەردەوام دەبیسین کە لە ئیدارەکانی سەبت و ئەحواڵ "سجیل" ناسنامە بە بیانووی جۆراوجۆر بەربەست بۆ دایک و بابەکان دروست دەکەن و ئیزن نادەن کە ئەو ناوەی دایک و بابەکان هەڵیانبژاردوە وەک ناوی ئەسڵی دیاری بکرێ بۆیە زۆربەی دایک و بابەکان بەناچار دوو ناو بۆ منداڵەکانیان دیاری دەکەن و بەو شێوەیە لە بەڵگە و سەنەد و پەسەندکراوەکان، ناوی دڵخواز سەبەت ناکرێ و بەئاشکرا هەوڵی سڕینەوەی ناوی کوردی و هویەتی هاوڵاتییە کوردەکان دەدرێ.

جیا لەوە ڕۆژ نییە بەکرێگیراوانی ڕێژیم بەربەست بۆ ئەو دوکاندارانە دروست نەکەن کە بە کوردی لەسەر دەرگای دوکانەکانیان نووسراوە.

لەو ساڵانەی دوایی دا لە ئێران ناوەندێک بەناوی ناوەندی پاراستنی زمانی فارسی پێک هاتوە کە بەوتەی خۆیان هەوڵ دەدەن وشەی بێگانە بسڕنەوە و لە جێگای وشەی فارسی دابنێن هەر لەو پێوەندیە دا جار بە جار لیست دەردەکەن کە لەناویان دا بە هەزاران ناوی ڕەسەنی کوردی دەبیندرێ کە لەسەری نووسراوە "بێگانە" و ڕێگا پێنەدراو.

بۆیە هێنانەوەی هەر پاساوێک لە سەر ناوی ژینا و سەبت کردنی ناو لە بەڵگەنامەکان دا بۆ من هیچ ڕەوایەتی نییە و پێویستە کە هەموومان داکۆکی لە ناو و ناوبانگ و ڕەسەنایەتی خۆمان بکەین و چیدی پاساو بۆ بڕیارە داسەپاو و دوور لە یاساکان نەهێنینەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٣

## ڕاخوشانی ئەستێرەژنێک لە ئاسمانی خۆرهەڵاتی نیشتمانم.



چ بنووسم کە پڕ بەباڵای خۆڕاگری چەندین ساڵەی ژیانی پێشمەرگانە و ژیانی هەندەران و دوور لە وڵاتت بێ، پێشتر گوتبووم دەبێ خامە و پێنووست گەلێک بەتوانا بێ تا بتوانێ هەموو ئەو چرکە ساتە پڕ لە سەروەری و خۆڕاگریەنەتان لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵە دا کە لە پێناو ئازادی و سەربەستی نیشتمان دا کێشاتان بنووسێتەوە.

بەڵام لە شوێنێک دەبێ دەست پێبکەین ئەگەر نووسینەکانمان کرچ و کاڵیش بن دەبێ خۆمان بیانووسینەوە، یادی شەهید نەسرین حەدداد بەخێر کاتێک بەرپرسیان بەرپرسی یەکیەتیی ژنان بوو بە یەکەوە باسمان لە پرۆژەیەک کرد کە کاری لەسەر بکەین و هەوڵ بدەین ژیان و بەسەرهاتی پۆلێک ئەستێرەژنی وەک پوورە کافە، دایە ئایشە دەورانی، پوور مریەم و سەیدزادە و خاتوونەکانی دیکەی کە لە شۆڕشی خۆرهەڵات وەک سەربازی وون بێ ناو و نیشانن، هەرچەند کورت،یش بێ بنووسین.

داخەکەم کە شەهید نەسرین بەرپرس نەما ئەو پرۆژەیەش لەبیر کرا.

چەند جار لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی یەکیەتیی ژنان لەگەڵ یەک دوو هاوڕێ داوامان لەو ڕێکخراوەیە کردوە کە ئەو ئەرکە پیرۆزە بگرنە ئەستۆ و هەوڵ بدەن بەسەرهات و داستانی ڕاستەقینەی ئەو خاتوونانە کە شان بەشانی هاوسەری ژیانیان لە

خەبات و تێکۆشان دابوون و هەن، بۆ مێژوو کۆبکەنەوە تا لە داهاتوو دا نەوەکانمان بزانن ژنی کورد زیاتر لە هەموو ژنانی دونیا بۆ ئازادی نەتەوەکەیان تێکۆشاون و لەو ڕێگایە دا زۆر ڕەنج و ئازار و چەرمەسەری و تەنیاییان کێشاوە. زەحمەت و خۆڕاگری ئەو بەرزە ژنانە لە بەرامبەر زوڵم و زۆرداری ڕێژیمی یەک لە دوای یەکی ئێران بووە کە گەلی ئێمەی وەک گەلێکی خۆڕاگر لە سەر پێ هێشتۆتەوە و هەنووکەش درێژە بە خەبات دەدەین.

دایە ئایشێ یەک لەو دەگمەنە ژنانە بوو کە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر چەرمەسەری چێشت.

نموونەی ژنانی لە چەشنی دایە ئایشێ ژنی تێکۆشەری ڕێگەی کوردایەتی و ژنی باوەڕمەند بە مرۆڤایەتی و بە یەکسانی و ئایین لە کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستان هەر لە زیاد بوون دابێ.

بەبۆنەی کۆچی دوایی دایە ئایشێ سەرخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی گەردی بەگشتی دەکەم و خۆم بە هاوخەمیان دەزانم.

ڕووحی دایە ئایشێ شاد و یادی و بیرەوەری ئەو دایکە بەڕێزە هەمیشە لەدڵان دا زیندوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ – ڕێکەوتی: ١٩ی جوولای ٢٠٢٣

## خەرمانەی خەرمانتان هەروا سوور و پڕ بەرهەم بێ!




**شلێر حەسەنپوور، حەمەڕەسووڵ کەریمی**

**گیارەنگ بە ئێوە بەرێزانەوە سەربەرزە.**

سەرەتا وەک بەرێوەبەرانی ماڵپەری گیارەنگ خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ئێوەی ئازیز پاڵپشت و یارمەتیدەری ئەم کارە مێدیایی و ڕاگەیاندنەی گیارەنگن، هەر بۆیە سەری ڕێز و خۆشەویستی بۆ یەکەیەکەی ئێوە ئازیزان کە هەمیشە هاندەری سەرەکی ئێمە بوون و هەن دادەنوێنین. دەریای بێ سنووری پشتیوانی و گەوهەرەوشەکانی ئێوە ئازیزان، پێشنیار و تێبینی و دەربڕینی بیرو بۆچوونەکانتان لە سەر ماڵپەری گیارەنگ و ستافی بەرێوەبەری گیارەنگ، هێندە گەرم و پڕ لە هەست و سۆز و پڕ ڕێنوێنی و ئامۆژگاری و زۆر بوون، کە بە دڵنیایەوە ئێمەتان وەک جاران و بگرە زیاتریش قەرزداری گەورەیی و دڵسۆزی خۆتان کرد و بە ناردنی نووسراوەکانتان کە بۆ ئێمە هەموویان چەپکە گوڵ و میداڵی شانازی بوون، ڕێگەی بەردەوامیتان بۆ والاتر کردین و کێوی قاقتان ئەوەندە بۆ نەوی کردین کە لە وێهەڵگەڕانی نەترسین و بەرەو سەرکەوتنی زیاتر هەنگاو باوێژین. بەرێزان! ئێوە ئەم گیارەنگە ڕەنگینەی خۆتان بە پاڵپشتی و هاوکاریتان وەک کێوی گیارەنگ و هێزی گیارەنگ ڕەگئاژۆ و بەهێزتر کرد.

لە ڕۆژی ٢٢ی ئـاپریلی سـاڵی ٢٠٠٣ی زایینـی کە هاوکـات بـوو لە گەڵ ١٠٥ سـاڵەی ڕۆژی ڕۆژنـامەگەری کـوردی، مـاڵپەری گیاڕەنگ وەشانەکانی خۆی ڕاستەوخۆ بە دیزاینێکی سادە و ساکار دەست پێکرد. ئەوکات بۆ ناساندنی گیاڕەنگ لە سەر نێت، دەبوو زەحمەتی زۆر بکێشی تا بتوانی بە خوازیارانی ماڵپەری کوردی بناسێنی.

بەخۆشیەوە بە هۆی بوونی هاورێ و دۆست و خۆشەویستەکانمان زۆر زوو گیاڕەنگ سنوورەکانی بەزاند و توانی ببێتە میـوانی ماڵەکانی نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات بە گشتی و ئۆگرانی ئازادی بە تایبەتی.

ماڵپەری گیاڕەنگ ئەگەر نەڵێین لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەو ماڵپەرانەدا بوو کە بە شێوەی شەخسی و بێ پشـتیوانی حیـزب و لایەنێک بەڕێوە چووە، دەتـوانین بە دڵنیـایەوە بڵێین کە لە سەفی نزیک بە یەکەمەکـان دابـوو. ستافێکی دوو کەسی بە ئۆگرییەکی تـایبەت بە خوێنـدنەوە و نووسین و کۆکردنەوەی بابەتەکـان بـۆ ئەوەی بتوانین خزمەتێکمـان بە بـواری ئەدەبـی کوردی و زمـانی کـوردی کـرد بـێ. جیـا لەوە مـاڵپەری گیاڕەنگمـان بـۆیە دامەزرانـد کە بۆشـایی نێـوان تـاکەکـان و کۆمەڵگـا، بۆشایی نێوان پێشمەرگەی شاخ و شار و گوندەکان کەمتر بکەینەوە. گیاڕەنگ لە سەر پرنسیپێکی ئەخلاقی و خۆشەویستی بە نیشتمان و وەفاداری و ئەمەگ بە خەباتی پێشمەرگانە لە هەموو ڕەهەنـدەکان دا دامەزرا و بە پشت بەستن بە ئیـرادەی گشتی و بە تـایبەت نووسەران و ئەدیبان و ئازادیخوازنی کورد، پێشمەرگەئاسا بۆ سەرخستنی ماڵپەری گیاڕەنـگ بە هاوکـاری گشت لایەک هەنگاومـان هەڵێنـایەوە و بە خۆشیەوە ئێستا بیستەمین سـاڵی دامەزرانـی بە هیممەتـی هەمـوو لایەک جێـژن دەگرین و ئەم دەلاقە سەوز و ڕەنگینەی گیاڕەنگ ئاوەدانتر و ڕەنگینتر دەکەین.

لە مـاوەی بیست سـاڵی ڕابـردوو دا ڕووداوگەلـی جۆراوجـۆر لە کوردسـتان و ئێـران و جیهانـدا ڕوویـان داوە، لە ڕووداوە مێژووییەکـان دا، لە کارەسـاتە دڵتەزێن و ناخهەژێنەکاندا، لە قۆنـاخە خـۆش و ناخۆشەکان دا، لە بەشی هەرە زۆری ئەم ڕووداوگەل و کارەسات و قۆناخانە دا ماڵپەری گیاڕەنگ بە قەدەر جێگە و پێگەی خـۆی و تەنـانەت زۆرتـریش لە سەر خەت بـووە و لە سـاز کردنـی هەواڵ و بـابەت و ڕوومـاڵ کردنیـان دا کەم و زۆر لە ڕاپەرانـدنی ئەرکە مێـدیایەکانی خـۆی دا بە یارمەتی کەسانی خەمخۆر و دڵسۆز و کوردپەروەر بەجێ نەماوە و بە پێی توانا زانیاری گەیاندۆتە دەست بینەر و خوێنەر و دڵسۆزانی ماڵپەرەکەمان بە تایبەتی و گەلەکەمان بە گشتی.

هەر لەم پەیوەندییە دا و لە ڕاپەرین و شۆڕشی ژینا دا یەکەم ماڵپەر بووین بۆ ئەوەی بتوانین جیا لە پشتیوانی خۆمـان بـۆ ئەم ڕاپەرینە، هاوکات بە کۆکردنەوەی وێنەی شەهیدانی شۆڕشـی ژینـا و درووست کردنـی مـاڵپەرێکی تـایبەت بە ژیاننـامەی شـەهیدانی ئەم قۆنـاخە توانیمـان کە لە ڕوومـاڵکردنی بەشێکی بەرچـاو لە خۆپێشـاندانەکان و لە هـاتنە سـەر شـەقام و

ڕاپەرینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە سەر هێڵ بین و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ شۆڕشی ژینا و درووشمی ژن ژیان ئازادی بچینە پێش و هاوکات بە درووست کردنی پۆستێری تایبەت بە شەهیدان ڕووپەڕێکی نوێمان وەک ڕاگەیاندن و ماڵپەری گیارەنگ بە ڕووی دەرەوەدا و بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات بۆ خۆپێشاندانەکان هەبووە کە ئەوە بۆ ئێمە وەک ئەرکێکی نیشتمانی دیاری کراو بووە و ئێستاش هەروا وەک پشتیوانی ئەم شۆڕشە کار و خزمەتەکانمان درێژە دەدەین.

ماڵپەری گیارەنگ ئەرکی ڕاگەیاندن و بڵاو کردنەوەی زانیاری لە هەموو بوارەکاندا بە ئەرکی خۆی زانیوە، لە کارە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دا هەردەم بە پێی توانای خۆی پێشەنگایەتی کردووە. گەلێک جاران نەیاران و دوژمنانی گەلەکەمان بە ئیمکاناتی زۆری ماددی و بە بوونی هێزێکی زۆری سایبێری لە ئێران، لە ڕێگەی هاککەرانی تورک و عەجەم کەوتۆتە بەر هێرشی هاککردن و ویستوویانە بێدەنگی کەن و پێش بە وەشانی بگرن، ڕەنگ بێ بۆ یەک دوو ڕۆژ توانیبێتیان کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم وەشانی گیارەنگ و یا ئارشیوی بابەتەکانی لێ بفەوتێنن، بەڵام هەموو جارێک گیارەنگ بە ئیرادەیەکی پێشمەرگانە، بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی و بەڵێنیەکانی و بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکان وەشانی خۆی دەست پێکردۆتەوە و مستێکی توند و پۆڵائینی لە لمبۆزی نەفس نەزم و سیخوران و هاککەرانی سەر بە ڕژێمی جەهل و نەزانی و حکوومەتی پەت و سێدارەی ئێران داوە و باشتر لە پێشوو بە دیزاینی نوێتر و قائیمتر لە جاران دەستی بەکار کردۆتەوە و ئێستاش بە خۆشیەوە لە دارەدارە دەرچووە و ڕێگەی بۆ کاری داهاتووی خۆی تەخت کردووە و هەروا ئەسپی خۆی لە بوارای ڕاگەیاندن دا لە تەنیشت شۆرەسوارانی وەک ئێوە تاو داوە و بۆتە چەقڵی چاوی دوژمنانی کورد.

لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا ژمارەیەک لە نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و کەسایەتی تایبەت ، بۆ چرکەساتێک لە گیارەنگ دوور نەکەتوونەوە و بە ناردنی بابەتە هەمەڕەنگەکانیان هەم گیارەنگیان پڕ نێوەرۆک کردووە و هەمیش وەک یارێکی بەوەفای گیارەنگ، ئێمە و خوێنەرانی گیارەنگیان لەبیر نەکردووە و هەنووکەش بەردەوام هاریکار و یارمەتیدەری ئێمەن. پۆلێک لە هاورێیانی گیارەنگ بە سپۆنسەر کردنی گیارەنگ، بۆ بەردەوامی وەشانەکانی بۆ ماوەی ٤ ساڵ ماڵپەری گیارەنگیان لە باری ماددییەوە بێنیاز کرد، چەند هاورێی دیکەمان هەر لە سەرەتاوە بۆ ئەوەی گیارەنگ بە بەرگی نوێ و تازەوە ببێتە میوانی ماڵەکان، لە باری دیزاین و دارشتنەوەی دا وەک کۆڵەکەی مانەوەی گیارەنگ لە تەنیشت گیارەنگ بوون و هەنووکەش هەروا بەردەوامن لە هاوکارییەکانیان، پۆلێک لە تێکۆشەرانی ریزەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان چ وەک بنەماڵەی شەهید و زیندانی سیاسی، چ وەک پێشمەرگە و هەڵسووراو و چالاکی سیاسی نێو سەنگەری خەبات و تێکۆشان لە شاخەکانی کوردستان و قەڵای دێموکرات، بە ناردنی وێنە و بیرەوەری و زانیاری بەخشین بە خوێنەرانی گیارەنگ بناغەی ئەم هەوارە ڕەنگینەیان بە ئەستۆندۆکی خۆیان قائیم ڕاگرتووە.

ماوەتەوە کە ئەوە بڵێین، بۆ بەردەوامی ماڵپەری گیارەنگ، پشتیوانی ئێوە دڵسۆزان و بەڕێزان، گرینگترین خاڵی یارمەتیدەرە.

خۆشەویستان! کار وئەرک و پێ ڕاگەیشتنی بەشە تکنیکی و ئیداریەکانی لە سەر ئێمە ستافی بەڕێوەبەری گیارەنگ و نووسین و ناردنی وتار و هەواڵ و بابەتی سوودبەخش لە ئێوە ئازیزانی گیارەنگ چاوەڕێ دەکەین. بەو شێوەیە بە یەکەوە دەتوانین لە خزمەتی گەلەکەماندا بین و یارمەتیدەری گەشە پێدانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بین و بە گەیاندنی زانیاری بە وەخت و بابەتی بە سوود هەمووومان بە یەوەکە لە سەنگەری خزمەت بە گەل و نیشتماندا بچینە پێشێ.

ئێمە لەم دەرفەتەش کەڵک وەر دەگرین کە سوپاسی خۆمان بۆ گشت لایەک و بە تایبەت ئەو کەسانەی کە بۆ یادی دامەزرانی بیست ساڵەی گیارەنگ خۆیان ماندوو کرد و بە ناردنی بابەت و شەن و کەون کردنی گیارەنگ لە هەموو بوارەکاندا گیارەنگیان هەڵسەنگاند. لەم بەشەدا چ وەک نەقد و چ وەک وەسف و چ وەک تیشک خستنە سەر گۆشە و لاپەرە و دیزاین و کارەکانی ڕابردووی گیارەنگ و لەوەش گرینگتر چ وەک ناردنی پێشنیار و تێبینی بۆ دەوڵەمەندتر کردنی گیارەنگ هەموویان لە ناخی دڵمان دا بۆ هەمیشە بە گەورەیی و ڕووناکی دەمێنێتەوە.

ئێمەش وەک بەرێوەبەرانی گیارەنگ، شلێر حەسەن پوور و حەمەرەسووڵ کەریمی پابەند بە درێژەدانی ئەم ماڵپەرە دەبین و هەوڵ دەدەین کە لە ئاست چاوەروانییەکانی بینەران و خوێنەران و ئێوە ئازیزاندا بین. بە دڵنیاییەوە بە بەردەوامیمان، سەنگەری خەبات و تێکۆشانمان لە گیارەنگ دا بە دژی رژێمی تیرۆریستپەروەری ئیسلامی ئێران پتەوتر و قائیمتر بکەین.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت


شلێر حەسەن پوور و حەمەرەسووڵ کەریمی

٢٤ - ٤ - ٢٠٢٣ی زائینی

سڵاو لە شەهیدانی ٢٤ . ٠٤ . ١٩٧٤ی زائینی شاری قەڵادزێی دوو جار شەهید کە لەم ڕێکەوتە دا بە دەستی حکوومەتی بەعسی عێراق بوردوومان و ناپاڵم باران کرا و سەدان کەس شەهید و بریندار بوون و بەشێکی زۆر لەم شارە وێران بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ – ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠٢٣

**هۆنراوەکانی مامۆستا هێمن تا ئێستاش وەک باشترین سروود، خۆش و پڕ مانا لە گوێم دا دەنگ دەدەنەوەو قەت لەبیرم ناچنەوە.**



دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بەڕێوەبەری شار لە دەست حیزبی دێموکرات دابوو، ئەو کات دوو شوێن زۆر بۆ من سرنج ڕاکێش بوون یەکیان مەیدانی ئەسلەحە ( چەک وەک تفەنگ و دەمانچە) کە لە شوێنێک بەناو کاروانسرا لە بەردەم دووکانی هەلاجی و لێفەدروی قانیعی هەڵکەوتبوو، بازاڕێکی گەورە کە هەمیشە جمەی دەهات.

زۆر جار کە دەیانناردم بۆ کرینی حاجەتێک یا کاتێک لە حەمام ڕا بەرەوماڵ دەگەڕامەوە بە ئەنقەست ئەو ڕێگایەم هەڵدەبژارد تەنیا بۆ ئەوەی چاوم بە ئەسلەحەکان بکەوێ، کەیفم پێدەهات کاتێک دەمدی چۆن فرۆشیارەکان دەراغی دەمانچە یا تفەنگەکانیان و فیشەک و گوللەی برنەو و چەکەکانی دیکەیان دەردێنان و پڕیان دەکردن لە گولله و سیلەیان دەگرت و بە کڕیارەکانیان نیشان دا و مەعامەلەیان دەکرد.

دووهەمین شوێن دووکانی مەلا سابیر کە بەرامبەر بە شێخ مەولانەی سەردەشت بوو، کە بۆ من زۆر شوێنێکی سرنجڕاکێش بوو. بەبینینی پەرتووکە کۆن و نوێیەکان شاگەشکە دەبووم زۆرجار وەک خولیای منداڵی چاوم لەسەریەک دادەنان و لە

خەیاڵم دا هەموو پەرتووکەکانی دوکانی مەلا سابیرم دەکرین.

بەڵام ئەوش لە خەیاڵ و خولیای منداڵی زیاتر هیچ نەبوو.

کە بە بەردەرگای دوکانی مەلا سابیر دا تێدەپەڕیم بە کاتژمێر لە بەردەرگای ئەو کتێنفرۆشیە هەڵدەوەستام و ناوی ئەو کتێبانەم دەخویندنەوە کە بەڕووی ویترەن یا چوارچێوەی دوکان ڕێز کرابوون.

کتێبەکانی سەمەدی بێهرەنگ ئەوکات ڕووبەرگی "کچل کفتربازٰ"م لا جوان بوو ئاواتم دەخواست ئەو کتێبە بخوێنمەوە.
ڕۆژێک کە ناردبوویانم بۆ ماڵی کچی پوورم بەلای ئەو دوکانە دا بەرەو ماڵێ گەڕامەوە.

ئەو ڕۆژە غیرەتم شکا و چوومە ژووری دوکانەکە، دەترسام کە نەکا کەسێک بمبینێ و بەدایکم و بابم بگاتەوە و بڵێن بۆچی لاداوە و یەکڕاست نەهاتوویەوە ماڵێ، زۆر بەپەلە چاوم بەسەر کتێبەکان دا خشاند، پەرتووکی کوردی زۆر لێبوون لە نێو هەمووان دا پەرتووکێک بە ڕووبەرگێکی ڕەش و سپی کە بەڕەنگی ڕەشی تۆخ لە سەری نووسرابوو و"تاریک و ڕوون" سەرنجی ڕاکێشام.

لەبەر خۆمەوە گوتم تاریک و ڕوون ئەگەر تاریکە بۆ ڕوونە؟

هەر ئەو پرسیارە هانی دام و دەستم بۆ کتێبەکە برد و وردە وردە لاپەڕەکانم هەڵدەدانەوە نەمدەزانی کوردی وەخوێنم پچڕ پچڕ دەستم کرد بەخوێندنەوە. پێشەکییەکەی زۆر وشەی قورسی تێدابوون هەر لێی حاڵی نەدەبووم، تا چاوم بە ناوی مامۆستا هێمن کەوت ئەوجار زانیم پەرتووکەکە کۆکراوەی هۆنراوەکانی مامۆستا هێمن،ە.

هەروا بەتامەزرۆیی لاپەڕەی ناوبەندی کتێبەکم کردەو بەسەر ئەو شێعرە داکەوتم.
"گریانی نیوەشەو"

"شەوانە ئەو دەمانەی شەو دەگاتە کاتی نیوەی شەو

خەڵک نووست و لە چاوی من کەسەر دیسان ڕەواندی خەو"

لەبەر ئەوەی نەکا مەلا سابیر دەنگم دا کتێبەکەم لەسەر جێگای خۆی دانایەوە و چاوێکم لە دەوروبەری خۆم کرد و لە دوکان هاتمە دەر و بەرو ماڵ گەڕامەوە.

هەروەک گوتم سەرەتایی شۆڕش بوو و شنەبایی ئازادی کوردستانی تەنی بوو.

لە شاری سەردەشت یەکیەتی لاوان "اتحادیە جوانان" پێکهاتبوو بە هۆی تێکەڵ بوونی بنەماڵەکەمان بە شۆڕش و حیزبی دێموکرات، بەشی زۆری گەنج و لاوەکانی بنەماڵە لەو اتحادیە دا ئەندام بوون، ئەوان زۆربەی شەوان لە ماڵی ئێمە کۆدەبوونەوە جیا لەوەی تەمرینی سروودی شۆڕشگێریان دەکرد تا درەنگانێک هەر گاڵتە و گەپیان بوو.

ئەمن تەنیا کچێک بووم کە لە ژوورەکە لەگەڵیان دا دادەنیشتم و گوێم لە سروود و قسەکانیان دەگرت.

ڕۆژێک کە چوومە ژووری گەورە ئەو ژوورەی لێی کۆدەبوونەوە لەسەر تاقەکە چاوم بە هەمان پەرتووک کەوت "تاریک و ڕوون" کتێبم هەڵگرت، هەموو ڕۆژەکە سەرم بەسەرداگرت و بە سەقەتی هۆنراوەکانم خوێندنەوە.

هەر ئەو ڕۆژە بۆ شەوێ کاکم هۆنراوەیەکی نێو تاریک و ڕوونی ماموستا هێمن بە ناوی "ئەمەگی گوڵان" بە شێوەی گوتنەوەیەکی جوان دەخوێندەوە.

کاتێ کاکم هۆنراوەکەی دەخوێندەوە نێوەرۆکی شێعرەکەم زۆر پێخۆش بوو و منیش لەبەر خۆمەوە لەگەڵم دەگوتەوە.

وا دیار بوو کاکم بەرنامەی هەبوو و هەوڵی دەدا ئەو هۆنراوە بەشێوەیەکی جوانتر و سرنجراکێش تر واتە خوێندنەوەی هۆنراوەکە بە دەنگێکی خۆش و تێکەڵ دەگەڵ دەنگی جۆبار لەسەر نەواری زەبت پڕکاتەوە بۆ ئەو کارەش زەحمەتی زۆری کێشا و هەموو شەوێ تەمرینیان دەکرد هەر ئەو هۆنراوە نا، بەڵکوو تەمرینیان بۆ چەندین سروودی دیکە دەکرد و کۆڕێکی سروودی خۆماڵی بنەماڵەی دوایی زەحمەتێکی زۆر نەوارەکە ئامادەبوو، بەڵام داخەکەم بەهۆی داگیر کردنی دووبارەی کوردستان و شاری سەردەشت ئەو نەوارە شاردرایەوە و هەرگیز شانسی ئەوەی نەهێنا تا بڵاو بێتەوە.

شێعری "ئەمەگی گوڵان" وەک هەموو هۆنراوە جوانەکانی هێمن موکریانی لە نێو دڵ و مێشکی من دا جێی گرت و بۆ هەمیشە مایەوە بەچەشنێک کە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە کاتی کاری ماڵێ بەدەم خواردن درووست کردنی ئیوارانە لەبەر خۆمەوە

دەیانڵێمەوە.

ڕووحی بەرزی مامۆستا هێمن شاد و ئارام

"هۆنراوەی ئەمەگی گوڵان"

هاتە دەر مانگی یەکەمی بەهار

مێلاقە سوورە لە لێوی جۆبار

هەروا کەمێک دوور وەنەوشێک بوو شین

وەنەوشێکی چۆن؟ ملکەچ و سەرشین

بە مێلاقەی گووت وەنەوشە جارێک

لە مێژە هەمە لە تۆ پرسیارێک

ئەتۆ کە پەلکت وا سوور و گەشە

دەروونت بۆ چی خەڵووزی ڕەشە؟

مێلاقە:

چت لەوەی داوە دەس هەڵگرە لێم

ڕازی دەروونم بۆ بە تۆ بڵێم

وەنەوشە:

سوێندت بۆ دەخۆم هەتا بمێنم

ئەو ڕازە لەکن کەس نەدرکێنم

مێلاقە:

دەس هەڵناگری گوێ ڕاگرە بۆم

تاکوو پێت بڵێم دەردی دڵی خۆم

ئەمن لە خاکی کوردی ڕواوم

بە ئاوی ساردی کانی دێراوم

بە شەوبای چیای بڵند و سەرکەش

ڕەنگی پەلکی من بووە سوور و گەش

چاکەی کوردانم لە چاوی دایە

لەناو گوڵاندا ئەوە ڕەوایە؟

کورد وا هەژارن من هەژار نەبم
ئەوان داخدارن من داخدار نەبم
دەروونم ڕەشە، جەرگم سووتاوە
وەتی کوردستان داگیر کراوە
لۆمەی من دەکەی وەنەوشە کەچی
بۆ خۆت سەرشین و دژ و ملکەچی
وەنەوشە:
منیش بەدەردی تۆ گرفتارم
پەروەردەی خاکی کوردی هەژارم
کە تۆ هەناوت بۆ کورد بووە ڕەش
منیش بۆ کوردی سەرم نا لە هەش
بە ملی کەچم وەک کوردی دەچم
کە کورد ملکەچن منیش ملکەچم
هێمن موکریانی
لە بیرەوەریەکانی منداڵیم

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠٢٣

## بەشداری ڕێپێوان بە بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنۆس




سپتامبری ساڵی ٢٠٢٢ واتە ساڵی پێشوو لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمیتەی سوئێد بەرەو ئاڵمان بۆ بەشداری کردن لەو ڕێپێوانە بەرینەی بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنۆس لە بێرلین پێک هاتبوو دەڕۆشتین کە هەواڵی مەرگی ژینا ئەمینی بڵاو بۆوە.

ڕاستی زۆر بەبێ هیوای لە سەر ستۆری ئینستاگرامەکەم نووسیم

"ئارام بنوو دوای مەرگی تۆش هیچ ڕوونادا" مەبەستم لە نووسینی ئەو دێڕە ئەوە بوو کە ئەو ڕووداوانە لە لامان زۆر ئاسایی بوون و هیچ شتێک ڕامانناچڵەکێنێ. بەڵام ڕاست بەپێچەوانەی بۆچوونی من بنەماڵەی ژینا و خەڵکی سەقز زۆر بوێرانە خاوەنداریان لە کیژە بەناحەق گیان لێ ئەستێندراوەکەیان کرد و هەر ئەو بوێری و خاوەنداریەتیەی بنەماڵەی ژینا و دواتر خەڵکی سەقز لە کاتی ئەسپاردە کردنی تەرمی ژینا و ئامادە بوونیان لە گۆرستانی ئایچی بوو بەهۆی هاتنە سەرشەقامی خەڵکی کوردستان و بەشێک لە شارەکانی ئێران بۆ مەحکوم کردنی کۆماری ئیسلامی و گوتنەوەی دروشمی "ژن,

ژیان، ئازادی" بوو بە گڕکان و جیهانی تەنی.

ڕاست ساڵێک و چەند ڕۆژ دواتر لە مەرگی گوماناوی "ژینا ئەمینی" هەمان ڕووداو لە مێترۆی تاران لە سەر کیژۆڵەیەکی ١٦ ساڵەی کورد "ئارمیتا گراوەند" لەدایک بووی کرماشان بەڵام دانیشتووی تاران بەهۆی سەرپێچی کردن لە داپۆشینی قژ و حیجابی زۆرەملێ دووبارە دەکرێتەوە.

بەو جیاوازیەوە کە ئەوجارە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەست بەسەر جەستەی بێ گیانی ئارمیتا دا دەگرێ و بەقسە بۆ تیمار کردن دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی فەجر لە تاران و بەپێی هەواڵ و خەبەری مێدیاکان لەوێش لە ژێر چاوەدێری چڕی دەوڵەتی دا دەبێ، هاوکات بنەماڵەی ئارمیتا بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێن تا ئەوڕۆ شەممە ٢٨ی ئوکتوبەر هەواڵی مەرگی ئەو کیژۆڵە بێتاوانە کە ٢٨ ڕۆژ بوو لە کۆما دابوو لەلایەن مێدیاکانی کۆماری ئیسلامی ئیران ڕادەگەیندرێ.
ئەوەی بۆ من جێگای پرسیارە هۆکاری بێدەنگ بوونی بنەماڵەی گراوەندە!؟

نامهەوێ قەزاوەت بکەم مادام خۆم لە نێوخۆی ئێران نیم و هیچ فشارو زۆری کۆماری ئیسلامی ئێرانم لەسەر نییە بەڵام لەو وتووێژە کورتەی دایک و بابی ئارمیتا وا دەردەکەوێ کە بەداخەوە لە یەکەم ڕۆژ ڕا ڕووداوی بەربوونەوەی کچەکەیان ئاسایی قەبوڵ کردوە و هیچ دژکردەوەیان سەبارەت بەو ڕووداوە نەبوو.

ئەگەر بڵێین لە ژێر فشار دابوون و ناوێرن یا نەینوێراوە ئەو کارە بکەن بۆ من وەک دایک شتێکی نامۆیە، فارس دەڵێن: " بالاتر از سیاهی رنگی نیست" کە وایە ترس دوای چی؟؟

چۆن دەبێ مەرگی منداڵ و جگرگۆشەی بێ تاوانم ڕامانەچڵەکێنێ؟

نامهەوێ زۆر لەسەر ئەو بەشە هەڵوێستە بکەم چونکوو ئەگەر بتهەوێ تێگەیشتنێکی درووستت لە سەر ڕاستی ڕووداوەکە هەبێ دەبێ خۆت لە نێو ئەو جغزە دابی و شتەکان وەک خۆی کە هەیە ببینی.

بەڵام ئێستا کە کۆماری ئیسلامی ئێران ئیزنی بە بنەماڵەی گەراوەند نەداوە تا تەرمی ئارمیتا بۆ زیدی لەدایک بوونی خۆی و دایک و بابی بگەڕێندرێتەوە و بڕیاریان بۆ بنەماڵەی ئارمیتا داوە کە تەرمی ئارمیتا لە تاران و لە ژێر چاوەدێری حکومەتی دا بەخاک بسپێردرێ ئایا خەڵکی تاران بۆ ئیدانە کردنی کوشتنی ئارمیتای بێتاوان بەدەستی بەکرێگیراوانی

ڕێژیم بەبەهانەی نەپاراستنی "لەچک حیجابی زۆرەملێ"، بۆ هاوسۆزی کردن لەگەڵ بنەماڵەی گراوەند دەڕژێنە شەقامەکان یا بەهەشتی زەهرا؟؟

یا وەک جاری پێشوو لە کاتی شۆڕشی ژینا دا لە ماڵەکانیان دا دەمێنەوە و بۆئەوەی گلەییان نەیەتەوە سەر لە تاریکی شەو دا سەر لە پەنجەرەی ژووره خەوەکانیان وەدەردەنێن و یەک دوو دروشم دەڵێنەوە؟؟

ئەو جارە چاوەڕوان دەبم و وەپێش ڕووداوەکان ناکەوم.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

## بیرەوەری دەورانی منداڵی.



مانگی یەکەمی هاوینە تیشکی خۆر بە درزی پەردە ڕەنگ شینە هەڵاوەسراوەکەی پەنجەرە دا لە چاوانم چەقیوە و خەوی بەرەبەیانی لە چاوان زڕاندووم.

چەندجار شوێنی سەرینەکەم دەگۆڕم بەڵام بێ فایدەیە.

سەر هەڵدەبڕم و چاوێک بەژوورەکە دا دەگێڕم کەس لە ژوورەکە نییە، بابم بەرەبەیانی زوو ڕۆیشتبوو بۆ کاری دایکم جێگاو بانی خۆیی لابردبوون، مەڵێ بەئەنقەست پەردەی پەنجەرەکانی تۆزقاڵێک وەلادا بوو تا وەخەبەر بێم. کە باش گوێم هەڵخست، خشەخشی گەسکەکەیی دەهات، حەساری دەماڵی.

لەنێو جێگایەکەم خۆم لێک کێشایەوە و هەروا لەسەر پشت مامەوە و چاوم بڕییە میچی ژوورەکە نەخش و شێوەی دارەکان سەرنج ڕاکێش بوون و هەر یەکیانم بە جۆریک دەهاتە بەرچاو هەر یەکیانم ناوێک لێنابوو.

تاوێک هەر ئاوا لە بیر و فکری منداڵانەم دا بووم، جینگڵم دەدان لەو کەلەکە بۆ ئەو کەلەکە کە دایکم بەنەرمی بانگی کردم



شلێرە!

ڕۆڵە شلێرە!

کە وەڵامم نەدایەوە ئەو جار بانگی کرد: جلال!

ڕۆڵە جەلال!

دەهەستن!

مانگا چاوڕەش لە گاڕانێ بەجێما!

لێفەکەم لە خۆمەوە پێچا و لە جێگایەکەم دا خۆم مەڵۆس کرد، دووبارە و ئەو جارە بە دەنگێکی بلێندتر و تێکەڵ بە تووڕەی بانگی کردم: شلێر، شلێر

----

گوێم لە دەنگی پێی بوو کە بەپلیکانەکان دا وەسەردەکەوت.

جێگایەکەم لە قوژبنی ژوور و نێزیک دەرگایەکە بوو، چەند چرکە پێچوو، سەرم هەڵێنا بزانم دەرگا تەختە شین و سەوزەکەی ژووری پێوەدراوە یا نا، دەمویست وا بنوێنم کە خەوم لێکەوتووە و گوێم لە هیچ نەبووە.

لە ژێر لێفەکەدا، متەقم لەخۆ بڕی بوو کە جیڕە دەرگایەکە هات، دایکم بوو درگایەکەی کردەوە و بەسەرمەوە هەڵوەستا و گووتی:

ڕۆڵە دەهەستە!

لە دڵی خۆم دا گوتم بۆ ئەمن، با ئەورۆ نۆبەی جەلال بێ.

دڵی خۆم بەو خەیاڵە خۆش کردو چاوم لەسەریەک دانان و بێدەنگ بووم لە ژێر لێفەکە و گوێشم هەڵخست بزانم چی دەبێ کە دایکم تاقەتی بڕاو لەپڕ لێفەکەی لەسەرسەرم ڕاکێشا و گووتی:

ئەوە بۆ جوابم نادەیەوە دێڵە داهۆڵ؟!

لەترسان سەرین بەدەست لە جێگا دەرپەڕیمەدەر و دەستم بە مینگە مینگ کردو لاقم لەعەرزێ وەژاندن و بەگریانەوە گووتم:

هەموو ڕۆژێ ئەمن، بۆ هەر دەبێ ئەمن بچم بۆ گاڕانێ با ڕۆژێک جەلال بچێ.

دایکم کە تووڕە بوو گووتی:

ئێستا وەختی ئەو حیکایەتانە نییە، زۆر درەنگ بووە گورجکە پێت نەڵێمەوە، ئەورۆ هەر دەبێ ئەتۆ بیبەی. ئەوەی گوتوو دەرگایەکەی پێکدادا.

نەخێر، وا دیار بوو دایکم دەستبەردار نەبوو، دەمزانی ئەگەر ئێستا بەقسەی نەکەم دوایی بەقەڵا پێم دەگێڕێتەوە.

بەنابەدڵی لێفەکەم چوارقەد کرد و لە سەر سەرینەکەم داناو دۆشەگەکەم هەڵدایە سەر و هاتمە دالانەکە و بەرو تاقەکە چووم لەچکە پەشمینە شینە ڕیشەدارەکەم لە مل هالاند و کەوشە تازەکانم هێنان کە لە پێیان کەم دوو دڵ بووم، ئەوان لە پێ کەم یا کەوشە کۆنەکانم دوو جار لام بردن و هێنامنەوە ئاخری ساغ بومەوە کەوشە تازەکانم لە پێکەم.

گورج لە پێم کردن و بە هەڵاتن بە پلیکانان دا هەڵاتمە خوار و خۆم لە ئاودەستێ هاویشت و دوایی لە سەر لێواری حەوزە چوکەلەکەی نێوبەندی حەسارێ دانیشتم و بە دەستێک چلپێک ئاوم بە چاوم دا کرد و هەر بە لچکەکەی ملم دەم و چاوم ئیشک کردنەوە، دەستێکی تەڕیشم بە سەر پرچم دا هێنا و ئامادە لە بەردەرگایەکە راوەستام.

جار جارە چاوێکم لە کەوشەکانم دەکرد یەک دوو هەنگاو دەچوومە دواوە و دەهاتمەوە پێش و خۆم دەلەنگاند. گەلێکم شایی پێ بوون، دایە بۆ سەردانی خاڵە و سەفەری ئەو جارەی بۆ سابلاغ بەدیاری بۆی هێنابووم. هەر وا دەهاتم و دەچووم و لەنجەم دەکردن لە خۆشی کەوشان، کە دایکم مانگای هێنا دەر و شولکەکەی دا بەدەستم گووتی:

پەلە بکە ڕەنگبێ فریا کەوی.

شولکەم لەدەست دایکم وەرگرت و مانگا چاوڕەشم وەپێش خۆم دا و بە لارولەنجە بەدوای دا بە کۆلانی ماڵی مەلای ساوەران دا دواتر بۆ سەر شەقامی ئەسڵی شار و پەڕیمەوە بەری ماڵی خدری خانەی و لەوێڕا بەرەو مخابراتی شاری تێهەڵکشام. لەو نێوەش دا ئەوە هەر چاوم لە دەورووبەری خۆم دەکرد.

وەک ڕۆژان کەسم نەدەدی مانگای پێبێ. درەنگ ببوو، لە دڵی خۆم دا دەمگوت خوایە گاڕان نەڕۆیشت بێ.

تینم بۆ هات خۆ ئەگەر گاڕان رۆیشت بێ دەبێ مانگا چاوڕەشێ بگەینمە جێ.

چاوم لە کەوشەکانم کرد هەر بریقەیان بوو، نا چۆن بەو کەوشانە بە خڕێ دا بچمە خوارێ خۆ ئێستا پڕە لە ڕیخ، لە بەرخۆمەوە دەمگوت بریا ملم شکا با و ئەوڕۆ ئەو کەوشەم لە پێ نەکردبایەن، خۆ کەسیش دیار نییە تا بیانبینێ نە شادی، نە خەجیج و نە ئایشێ.



دوایش دڵخۆشی خۆم دەدایەوە و دەمگووت ئەی ئەگەر ئێستا لە پێیان نەکەم کەنگێ لە پێان بکەم بەو بیرو خیاڵەو بەرەو کۆرپەی دەرویشتم، ئەو شوێنەی بە هەموو منداڵێم ترسم لێیبوو.

ئاخر هەریەک لە رفیقان داستانێکیان لەسەر کۆرپە بۆ گێڕابوومەوە، یەک دەیگوت دەعبایەکی ڕەشی تووکنی تێدایە هەر کە بە پەنای دا بڕۆی خۆت پێدادەدات.

یەک دەیگووت ئەسحابەیە و ئەگەر کەسانی خەراپ بە بەردرگای دا بڕۆن ئەوە خۆیی نیشان دەدا.

ئەسحابە و کورپە هیچ ئەی ئەگەر دیسان ئەو کچانە هاتنە سەر ڕێم و گرتیانم چی؟!

لە ترسان ئەژنۆم شکابوون، بە هەناسەبڕکێ و لە ترسی خۆم هەر شولکم لەولاو ئەولای مانگا چاوڕەشێ ڕادەکێشا، مەڵێ مانگا لە داخی من تێهەڵچوو و بەلاڕێدا تێی هەڵکرد، هەر من هەنگاوم توندتر دەکرد و مانگا چاوڕەش زیاتر غاری

دەدا.

هەر چی کردم مانگام بۆ نەگەڕایەوە و مانگا بەپشت ژاندارمەری دا تێی هەڵکرد، ئەو بەغار و ئەمنیش بە کەوشی قتووی سووری سێ چوار سانتی بە نێو دڕوو دەونان دا بەدوای مانگا دا هەڵدەهاتم.

لە ترس و دڵەراوکێی خۆم هاواری مانگام دەکرد و پڕبەدەم دەمگوت چاوڕەش گیان ڕاوەستە.

مانگا چاوڕەشیش تازە ڕێگای خۆی گرتبوو و هەر بەرەو بەرەو بەرزایی هەڵدەکشا و ئەمنیش وەک شێتان بەدوای دا بەسەر چڕپوچاڵ و دەوەنان دا غارم دەدا، کە لەنەکاو لاقم لە تەپڵە گوێنیەک هاڵقا و بەراودم بەعەرزێداکەوتم، بە نەقەنەق هەستامەوە کە چاوم لێکرد ئاغزوونەی یەک لە کەوشەکانم پسابوو، لە تاو کەوشە تازەکانم و لە داخی مانگا دەستم کرد بەگریان، شین و شەپۆرێکم دەگێڕا، گەرەکی ژاندارمەری دەنگی دەدایەوە.
ئەوە لە دوورەوەش چاوم لە گاڕانە کە وردەوردە بەرەو خرێ ...... دەڕوا.

لە تاو کەوشەکانم و لە ترسی ئەوەی فریا نەکەوم مانگا چاوڕەش بگەینمێ یەک بەو هەوارە گابۆڕم لێدەدا و دەمگووت: ئەی دایە گیان!

ئەی بابە گیان!

نە جارێک نە دوو جار، هەروا کە هاوار و بانگم لێدەدان فرشتەیەکم لێ پەیدا بوو، پیاوێکی باڵا کورتی خڕەکە دەم و چاو پانەی جامەدانە لەسەری چاو چکۆلە کە کەواوپانتۆڵێکی دوو ڕەنگی لەبەر بوو، لە دوورەوە هاواری کردمێ و گووتی: دایکێ ئەوە چت لێ قەوماوە؟

ئەمنیش کە هەناسەم لێ بڕا بوو و چڵم و لیکم تێکەڵ ببوون بە گریانەوە گووتم مانگایەکەم بۆ ناگیریتەوە.

هەروا تێهەڵڕوانیم و گووتی:

ئەتوو کوا بەو پێڵاوە تەقتەقیلکانە دەردەچی دایکێ من؟!

لێرە ڕاوەستە بزانم چم بۆ دەکرێ!

هەرکە کابرا وای گووت لە جێگای خۆم لەسەر گاشە بەردێک دانیشتم.

هەتا ئەمن کەمێکم لە کەوشان ڕوانی کابرا مانگای هێنایەوە و گووتی:

وەرە بەدوام با بەرەو گاڕانێی بەڕێ کەین.

مانگا چاوڕەش لە پێشەوە و کابرا بەدوا دا و ئەمنیش بەدوای کابرا دا بە شەلەشەل هەلینگم دەدا، ئەوە لە دڵی خۆشم دا هەر دەگریم بۆ کەوشەکەم.
کە گەیشتینە لێواری خڕێ کابرا ئاوڕێکی دایەوە و گووتی:

دایکێ من هەڕۆوە ماڵێ ئەتۆ مەیە ئەمن دەیگەیێنمێ.

لە خودام بوو بەڵام لە وەڵام دا گووتم: لێرە ڕادەوەستم.

دووراو دوور چاوم لێدەکرد و گوێم لێ بوو کابرا هاواری گاوانەی کرد و گووتی:

ئاگات لەو مانگا سەرشێتە بێ.

گاوانە سەرێکی لەقاند و ئیتر ئەوان دوور کەوتنەوە.

کابرا مانگای بەڕێ کرد و هاتەوە لای من، بە چاوە چکۆلە کانی خێسەیەکی لێکردم و گووتی: ئەوە هەر دەگری؟

سەرم لەبەرخۆناو و هیچم نەگووت.

ئەوجار پرسی:

دایکێ من کچی کێی؟

بەشەرمەوەو هەر لەژێر لێوم و بە نووزە گوتم کچی عەلی مام ئۆمەرم.

گوتی: هەی لەمنت نەکەوێ جا پیاو کچی ئەو پیاوە بێ ئاوا دەگری، ئەمن نۆکەری مام عەلی،م.

هەر دوو بە شەقامی ژاندارمەری دا هاتینە خوار ڕووی تێ کردم و گووتی:

بڕۆوە ماڵێ و بە بابیشت بڵێ حەمە خڕەی دەستی ماچ دەکردی، ئەو خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.
لە خۆشیان هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا و بە لارولەنجە بە بەردەرگای ماڵێ عەتتاری دا بەرەو ماڵێ داگەڕام کە جووتە خوشکە هارەکان دیسان سەر ڕێگایان پێ گرتم.

ڕێگای هەڵاتنم نبوو، بەو کەوشانەش هەر هەڵاتنم بۆ نەدەکرا بەناچاری لە بەرامبەریان ڕاوەستام؟

یەکیان گووتی:

کوڵمە سوور ئەوە گریاوی؟

کە وای گوت دڵم پڕ بوو و بەگەرووی پڕ لە گریانەوە گوتم چتان دەوێ.

ئەوان هەر دووکیان لەمن گەورەتر بوون و هەرجارێ کە تووشم دەبوون بە پرسیاری جۆراوجۆری وەک:

ئەو لەچکە جوانەت لەکوێ بووە؟

چت خواردوە؟

کێ لە ماڵێیە؟

یا ئەو کراسە کێ بۆی کڕیوی هەڵیاندەپێچام، منیش بەنابەدڵی وەڵامی پرسیارەکانم دەدانەوە.

ئەو ڕۆژە تاقەتم نەبوو وەڵامی پرسیار بدەمەوە وەک بەراز بەرامبەریان وەستابووم و مۆڕەم لێدەکردن ئەوانیش هەر بە پێکەنین و جەفەنگ تێیان هەڵدەروانیم تا یەکیان وەدەنگ هاتوو و گووتی:

ئەوە بۆوا قەڵسی شەمامە شلێرە؟

گوتم:

کەوشەکەم خەرابوە، گوتیان چاک نابێتەوە گووتم نازانم، چاویان لە کەوشەکانم کرد و یەکیان گووتی:

دا بێنە چاوی لێکەم.

کەوشەکەم لە پێ دانا و دامە دەستی کەمێکی ئەولاو ئەولا بە کەوشەکە کرد و گووتی:

نا چاک نابێ.

وەڵامەکەیم بەدڵ نەبوو بۆیە بەتوڕەی گوتم:

بێنە کەوشەکەم دەوە.

بزەیەکی کرد و کەوشەکەی دامەوە دەست و گووتی:

هانێ ئەوە کەوشەکەت دەبرۆ بەخێرچی.

سەیر بوو ئەورۆ زۆریان ڕانەگرتم، لە خۆشیان هەر ئەوەندێ بلێی یەک و دوو دەرباز بووم و تا بەردەرگایی ماڵێ ڕانەوەستام.

کە گەیشتمەوە بەر دەرگا، دیتم دەرگا لە ژووری را ئالقەرەز کرابوو بە کەلێنی دەرگا دا و بەزۆر دەستم بردە ژووری و دەرگایەکەم کردوە و چوومە سەری.

دایکم دەستەوارەیەک کولێرەی پەنجە کێشی لەسەر کەشەفێک دانابوون کە چاوی بە من کەوت پرسی:

ئەوە چۆن هاتیە ژوور دەرگاکەم داخستبوو گووتم کردمەوە.

دایکم سەرێکی لەقاند و کەشەفەکەی دایە دەستم و گووتی:
ئەو کولێرانە بەرە سەرسفرە تا ماستی و پەنیری دێنم.

کولێرەکانم بردنەسەر سفرە و بە غار گەڕامەوە دالانێ، کەوشەکانم لە بەرچاوان لابردن و شاردمنەوە تا دایکم نەزانێ خەرا بوون.

کە چوومەوە ژووری دایکم لە سەر سفرە دانیشتبوو لە تەنیشتی دایە دانیشتم.

زۆرم برسی بوو، خۆشترین خواردنی من کولێرەی لێبوو، ئیدی دەستم کرد بە نان خواردن هەر پاروەی درووستم دەکرد نیوەی قاپە ماستەکەم بە قاپووچکەکە هەڵدەگرد.

دایکم بەدەم چا خواردنەوە پرسی:

گەیشتیە گاڕانێ؟

نەموێرا هەموو داستانەکەی بۆ وەگێڕم هەر گوتم گاڕان ڕویشت بوو.

لە وەڵام دا گوتی دەمزانی هەرچی هەراو دەکەمێ هەڵناستن لەخەوێ ئەو هەر قسەی دەکردن و منیش پاروەم درووست دەکردن هەر پاروو لە پارووی دی گەورەتر.

دایکم خێلەیەکی لێ کردم و گووتی ڕۆڵە ئەوە بۆ ئاوا هیلاکی؟

تێنەگەیشتم مەبەستی چییە.

سەرم بەردایەوە و دستم کردەوە بە کولێرە خواردن و ئەوەی ڕووی دابوو لە بیرم کرد.

ماوەیەک پێچوو هەر نەموێرا باسی کەوشەکان بۆ دایکم بکەم هەر ئاوا دەپێم دەکردن.



دوو مانگ دواتر لە کۆلانی ماڵێ لەگەڵ جەلالی برام لەسەر پوڵی ڕۆژانە کێشەمان بوو.

جەلال لەگەڵ رەفیقان مێشێنی دەکرد ئەمنیش بۆ بەشە پووڵی ڕۆژانەی خۆم بەرۆکم پێگرت بوو ، جلال نەدەویست یاریەکە بەجێبیێڵێ هەر دەیگووت:

سەبرکە کە تەواو بووم دەچین بۆ بازاڕی.

بەڵام دەمزانی ئەو یاریە تەواو بوونی نییە بۆیە لاقم چەقاندن گوتم ئەمن هەر ئێستا پووڵی خۆمم دەوێ.

جەلال کە تووڕە بوو پاڵێکی پێوەنام بەعەرزێی دادام لەو بینە دا کەوشەکەم لە لاقی هاتەدەر هەر کە کەوشەی دی هەڵیگرت و هەڵیدایە سەربانی ماڵی جیرانێکمان.
هەر بەوەش قایل نەبوو وەسەر سەربانی ماڵی حاجی فەیزە کەوت و ئەمنیش بەگریان بەدوای دا.

خوا هەڵناگرێ زۆری پێ گووتم جارێ بچۆوە ماڵێ تا یاریەکەی تەواو دەبێ، بەڵام پەروەندەی ڕەش بوو و جار جارە فێڵی لێ دەکردم و نەیدەدامێ.

بۆیە پێم چقاندوو گووتم پووڵی خۆم ئێستا دەوێ.

تاکە کەوشێک لە پێ پاڵم وەدیواری ماڵێ حاجی فەیزە دابوو و لێنگم لە خۆڵێ دا درێژ کردبوون وەک شوعار شوعارم دەدا پوولەکەم دەیە، پووڵەکەم دەیە.

جەلال کە بێزار ببوو هاتە سەر سیلەی بانەکە بەردەکەی پێنیشان دام و گوتی ئەگەر نەڕۆیەوە ماڵێ ئەو بەردەت بە سەری دادەدەم.

گوتم پووڵی خۆمم دەوێ و لێرە ناڕۆم هەتا پووڵەکەم نەدەیەی.

جەلال قیژاندی بەسەرم دا گووتی:

بەسەرت دادەدەم گووتم پێمدادە ئەمن ناڕۆم.

وەڵا جەلال نەیکردە نامەردی ڕاست بەردەی دەسەری گرتم و بەردە وە تەپڵی سەرم کەوت.

سەرم زۆر هێشا دەستم کرد بە گریانێ هەستم کرد شتێکی گەرم بە لاچاوم دا دێتە خوار کە دەستم لێدا و چاوم لە دەستم کرد خوێن بوو ئیدی زریکاندم.

ئامۆژنم کە سەری لە پەنجەرەی وەدەر نابوو وەدەنگ هات لە جەلالی برام و گووتی:

ئەوە هەر بەڕاستی سەری کچەت شکاند؟
شەرت بێ چۆنم دی ئاوا بە کاک عەلی بگێڕمەوە چۆن ئەو بەردەت بۆ بەو کچە فەقیرە دادا؟

ئیتر گەرەک وەسەرگەڕا و دایکم ئاگادار کرایەوە بە دایکم بە ئامۆژنم سەریان بۆ شتمەوە و دەرمانە سووریان بۆ پێداکردم و بەرو شێروخورشیدیان بردم.

هەر ئەو ڕۆژەو دوایی تەداویی کردنی سەرم وەبیر کەوشەکەم هاتمەوە و بە دایکم گێڕایەوە کە جەلال کەوشەی لێ هەڵداوم.

هەرچی گەڕاین لە سەر سەربانی ماڵێ جیرانێ لینگە کەوشەمان نەدیتەوە، کەوشە ون بوو، خێرم لە کەوشان نەدی و بەدڵی خۆم کەوشی سووری فتووم لەپێ نەکردن. ئێستاش کە لە کەوشفرۆشی کەوشی سوور دەبینم وەبیر کەوشەکانم دەکەومەوە دڵم پڕ دەبێ و یادی ئەو ڕۆژە دەکەمەوە تا ئێستاش بۆم پرسیارە لینگە کەوشەکەم چی لێهات؟؟؟

لە بیرەوەریاکانی منداڵیم

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠٢٢

---

## چاوپێکەوتنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان - سوئێد

## لەگەڵ هاوڕێی بەڕێزمان خاتوو شلێر حەسەنپوور



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان-سوئێد، بەمەبەستی ناساندنی ئەندامانی خۆی هەرجارەی لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی خۆی چاوپێکەوتن دەکا و تیشک دەخاتە سەر ژیانی تایبەت و چۆنیەتی ژیانی ئێستا و تێکۆشانی هەرکام لە ئەندامانی خۆی لە ڕێکخراوەکەدا.

چاوپێکەوتنی ئەمجارەمان لەگەڵ هاوڕێی بەڕێزمان خاتوو شلێر حەسەنپوورە.

**پرسیار**: دەکرێ خۆت بە خوێنەرانمان بناسێنی و بە کورتی ئاوڕێک لە ژیانی تایبەتی خۆت بدەیتەوە.

**وەڵام**: پێشەکی سوپاس بۆ ئێوە!

بۆ من کە ساڵانێکی زۆر لە نێو بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد دا کارم کردووە زۆر جێگای شانازیە کە دەبینم هاوڕێیانم بێ پسانەوە بەردەوامن لە چالاکی و بەتایبەتی ئەوساڵ کە بەهۆی پەتایی کۆڤید ۱۹ نەگونجاوە چالاکی فیزیکی و حزووری بکەن، ئەو هەلەیان قۆزتۆتەوە و بەو شێوەیە ئەندامەکان بەسەر دەکەنەوە.

هەر لێرەش داوا دەکەم کە ئەو چاوپێکەوتنانە بکەن بە نامیلکە و لە ئارشیوی ڕێکخراوەکەمان دا خەزن و ئارشیڤی بکەن.
من شلێر حەسەنپوور لە شارە سەرسەوزەکەی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەکۆ و لانکی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لەدایک بووم.

زۆر منداڵ بووم کاتێ شەوانە دادەنیشتین، بابم بۆی باسی زوڵم و زۆری ڕێژیمی پاشایەتی بۆ دەکردین.

ئەو دەیگێڕایەوە کە چۆن ئاژانەکانی ئەو سەردەم خەڵکیان ئازار داوە و ویستوویانە بەقەولی بابم «دوولینگە» شلوار و شەپکە بسەپێنن.

بابم باسی ئازایەتی و بەرهەڵستی خەڵکی بۆ دەکردین، ئەوجار دەگەڕایەوە بۆ زۆر پێشتر کە چۆن پشت بەپشت باب و باپیرانی لە سەردەمێک دا کە سەردەشت حاکمی شاری خۆی هەبووە بەگژ زۆرداری دا چوونەوە.

بۆی باسی کەسێک دەکردین لە بنەماڵەی خۆی، باش لە بیرم نییە کە باپیری بووە یا مامی لە کاتی خۆیدا چۆن بەرهەڵستی بڕیارێکی حاکمی شاری سەردەشت بۆتەوە بۆ ئەوەی بە حاکمی شار بسەلمێنێ کە کاری لەدەست دێ بەشەو دەچێتە ماڵی حاکمی شار و لیباسی حاکم هەڵدەگرێ و بە پەرژینی بەردەرگای ماڵی حاکمی دا دەکا ودواتر وەڵام دەنێرێ بۆ حاکم و دەڵێ با ئاگاداری هەڵسووکەوتی خۆی بێ.

لەڕاستی دا کاتێ بابم ئەو بەسەرهاتانەی دەگێڕانەوە زۆر بەوردی گوێم بۆ رادەگرت، بەتایبەتی کە باسی ئاژانەکانی زەمانی رەزاشای دەکرد کە چۆن لە خەڵکیان داوەو بە زۆر پانتۆڵی کوردییان لە پێی پیاوان دەرهێناوە و تەنانەت وەک ئەتک کردن نێفۆکی پانتۆڵەکانیان بڕیون و دەسرەو پێچی سەری پیاوان و چارشێوی سەر سەری ژنانیان لەسەر ڕفاندوون.

لە بنەماڵەی ئێمە دا بە کوردی قسە کردن و ئاخاوتن بە زمانی شیرینی کوردی و گرنگی دان بە کلتووری کوردی پرنسیپێک بوو کە دەبوو هەموومان بیپارێزین و هەرکام لە ئێمە لەو پرنسیپانەمان لادابایە دەکەوتینە بەر تەوژمی تووڕەیی بابم.

شەوانی زستان و سارد و سەرما کە شەوگار درێژ و تاریک و تار دەبوون لە دەوری یەک دادەنیشتین و بابم شێعرو هۆنراوەکانی مامۆستا هێمن موکریانی بۆ دەخوێندینەوە.

شێعرەکانی تاریک و ڕوون و ئەوبەشە لە هۆنراوەی ناڵەی جودایی بۆ هەمیشە لە مێشکم دایە:

دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد
دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد
دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب
ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەرژینی بە زی
هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی
تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم
دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیر و هۆش
گەر گلاشم، کوردەواری و ئێوە خۆش!

کاتێ دەگەیشتە بەشی کۆتایی هێندە بە هەست دەیخوێندەوە چاوە کاڵەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسک و کڵووی گریان بینی پێدەگرت.

هەموو جارێ سەری دادەخست و لە ژێرەوە فرمێسکەکانی هەڵدەوراندن.

کاتێ شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد، پۆلی ٥ ی سەرەتایی بووم گەلێک شەو پێشمەرگە دەهاتنە ماڵمان و بە چەند شەو لە ماڵمان دەمانەوە، هەر ئەوکات بوو زانیم کە لە بنەماڵەی ئێمە دا گەورەی بنەماڵەمان حاجی برایم حەسەنپوور، «مامم» سوێندخۆر و ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بووە.

هەروەها حاجی حەمەدەمین حەسەنپوور لە سەر کوردایەتی و کارو باری حیزبی چەند ساڵ لە بەندیخانەکانی محەممەد رەزاشا دا دەستبەسەر بووە وهەروەها کاک حەمەرەسووڵ حەسەنپوور لەسەر چالاکی و ئەندام بوونی لە حیزبی دێموکرات دا

تەبعید و لە بنەماڵەو شاری خۆی دوورکراوەتەوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕش گەلانی ئێران و کەش و هەوای شار و بەتایبەتی شۆڕشگێڕی بنەماڵەکەمان بەشی زۆر لە ئێمە منداڵانی بنەماڵەی بەرەو "ئیتحادیەی جەوانان دێموکراتی کوردستانی ئێران" هان دراین..

ئەو کات بنکەیەک لە نێزیک شێخ مەولانەی شاری سەردەشت هەبوو ئێمە چەند کەسێک دەچووین وا بزانم ئەمن لە هەموان کەم تەمەنتر بووم.

لەو بنکەیە جیا لەوەی دەرسی کوردیان پێدەکوتین، فێری لەبەریەک دەرهێنانی چەکوچۆڵیان دەکردین.

لەبەر ئەوەی تەمەنم کەم بوو نەمدەتوانی بەشداری لە باسەکان دا بکەم تەنیا وەک گوێگرێک بەشداری ئەو کۆرسانەم دەکردن کە داندرابوون.

بەڵام بەداخەوە زۆری نەخایاند و شار کەوتەوە دەستی پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و پێشمەرگە بەرەو گوندەکانی دەوروبەری شاری سەردەشت پاشەکشەیان کرد.

وەک ئێستا لە پێش چاومە کە جاش و پاسدارەکان چەندە بێبەزەیانە خوشکم و منداڵەکانیان بەپێی پەتی لە کەشی ساردی زستان لە کۆڵان ڕاگرتبوون و جاشە خۆفرۆشەکان شتومەکی ماڵیان لەسەر شانان بەتاڵان دەبردن.

سەرەتا لە ماڵی پورە ئامین،م دایکی کاک کەریم حەداد ڕا دەستیان پێکرد و بە زۆر لە ماڵی خۆیان وەدەریانان.

وێڕای ماڵی پوورە ئامین،م ماڵی مام حەمەدەمین حەسەنپوور، ماڵی مام حەسەن حەکیمزادە، ماڵی حاجی حوسێن حەداد و ماڵی خوشکم موسادەرەکران.

بەشێک لە ماڵەکان بوون بە بنکەی پاسداران و بەشێکیش جاشەکان تێدا نیشتەجێ بوون.

ئەو دیمەنە ناخۆشانەم قەت لە پێش چاو وون نابن.

زۆربەی خزم و کەسەکانم بریتی لە ئامۆزا، پوورزا و دوو لە خوشکەکانم کە مێردەکانیان پێشمەرگە بوون، ڕێگای خەبات بۆ بەرەنگار بوونەوە دژ بەو زوڵم و زۆریەیان هەڵبژارد و لە نیژاوە، واوان و گرژاڵ نیشتەجێ بوون. بەداخەوە لەگەڵ هەر هێرشێکی دڕندانەی سوپای پاسداران ماڵ و ژیانیان لێ تێکدەچوو، بەرەو هەوارێکی نوێ باریان دەکرد، ئێمەش گوند بە گوند و شاخ بەشاخ هەر لە نیژاوێ و واوان و بنێوخەڵەف، مەزرا، ئالان، تا ئەوپەڕی مەرزی دەست کرد قەڵادزێ، سەنگەسەر کارێزە، قەندیلی سەربەرز بۆڵێ، کانیمێو، سڵێ و ئێندزێ و دواتریش دەشتی کۆیە بۆ دیداریان دەچووین.

ئەمن لەوێ لە نێزیکەوە چاوم بەسەدان پێشمەرگەی ئازاو نەترس دەکەوت کە بۆ وەدیهێنانی ئازادی دەستیان لە هەموو خۆشی ژیان هەڵگرتبوو و ژیانی سەربەرزانەی پێشمەرگایەتیان هەڵبژاردبوو.

هەر ئەو ئۆگریە بە پێشمەرگە و خەباتیان دژ بە زۆرداری وایکرد دواتر لەگەڵ بەشێک لە هاوڕێیان لە نێو شاری سەردەشت کاری حیزبی بکەین.

لەو ڕێگایەش دا خۆشەویسترین هاوڕێی منداڵیم هەمزە قادری بەدەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێعدام کرا.

هەموو ئەو ڕووداوانە وایان کرد کە من ڕێڕەوی ڕێگای پیرۆزی شەهید هەمزەو و هەموو شەهیدەکانی خەبات بۆ ئازادی بگرمە ڕێ و ئەندامەتیم لە حیزبی دێموکرات دا درێژە پێدا.

**پرسیار**: لە چ ساڵێکدا زێدی خۆتت جێهێشتووە و کەی هاتووی بۆ سوئێد؟

**وەڵام**: لە ڕۆژی ٢٦ی بانەمەڕی ١٣٧٥ی هەتاوی بە مەبەستی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش شاری سەردەشتم جێهێشتووە و لەگەڵ هاوژینم حەمەرەسوڵ کەریمی لە بنکەی کۆمیتە شارستانی سەردەشت لە هێزی گیارەنگ نیشتەجێ بووم.
بەرهەمی ژینمان کچێک و کوڕێکە.

کچەکەم ساڵی ئاخری زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەخوێنێ و کوڕەکەم پولی سێی سەرەتاییە.

سەبارەت بە هاتنمان بۆ سوئید، ساڵی ١٩٩٧ ی زائینی ڕێکخراوی یوئێن لە هەولێر زۆر چالاک بوو، بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد لە ڕێگای یوئێنەوە بۆ وڵاتانی جۆراوجۆر بەرێ کرابوون و بەشێکیش لە چاوەڕوانی سەفەر بۆ دەرەوەی

وڵات لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ژیانیان تێپەر دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو هەلەی بە قازانجی کەم ئەندامانی سەنگەر قۆزتەوە و لەگەڵ یوئێن پەیوەندی گرت و بەم شێوەیە بەشێکی بەرچاو لە کەم ئەندامانی نێو ریزەکانی حدک بەرەو وڵاتانی دەرەوە کۆچیان پێکرا.

بنەماڵەی ئێمەش یەک لەو بنەماڵەنە بوو کە مانگی پێنجی ١٩٩٨ی زایینی کوردستانمان جێهێشتووە و لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێ بووین.

**پرسیار**: ڕادەی خوێندەواریتان پێش هاتن بۆ سوئێد چەند بووە و لێرە چیتان خوێندووە؟

**وەڵام**: وەک لە سەرەوە ئاماژەم پیدا وەزعی بنەماڵەی ئێمە زۆر نائاسایی و ئاڵۆز بوو قۆناغی یەکی ناوەندیم دەخوێند کە خزمەکانمان بە زۆر لە ماڵەکانیان وەدەرنران و هەر دوو برایەکانم کە لە من گەورەتر بوون دەستبەسەرکران.

هاوکات وەزعی قوتابخانەکان زۆر ناسەقامگیر بوون هەر لەسەرەتا دوو جار شێوەی جلکی قوتابخانەیان پێ گۆڕین سەرەتا کراسێکی باڵاپۆشی درێژیان پێ بە درووست کردن داین، دواتر داوایان کرد شێوەی نوێ کە شێوەیەک بوو لە مانتۆ و مەقنەعە بکرین، هەر ئەوە بوو کە بابم ئیزنی نەدا بچمەوە بۆ قوتابخانە.

دیارە زۆرم هەوڵ دا کە بچمەوە و بەهاوکاری دایکم لە بەشی موتەفەریقە خۆم ناونووس کرد، بەڵام شەڕی ئێران و ئێراق دەستی پێکرد ئیتر بەداخەوە بۆم نەگونجا لە یەکی دوا ناوەندی زیاتر بخوێنم.

لێرە لە سوئێد پەروەردەم خوێندوە و زیاتر لە ١٢ ساڵە لە باغچەی منداڵان لەگەڵ منداڵانی ٤ بۆ ٥ ساڵ کار دەکەم.

**پرسیار**: باسێک لە چۆنیەتی و هۆی پێوەندیتان بە یەکیەتیی ژنانەوە و کار و چالاکییەکانی خۆتان لەو ڕێکخراوەیەدا بکەن؟

**وەڵام**: هەر لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە هێزی گیاڕەنگ و لە ئازادی لەگەڵ هاوڕێیان و ئەندامانی یەکیەتیی ژنان ئاشنا بووم.

ئەوەندەی لە کوردستان بووم لەخزمەت کاک حەسەن حاتەمی دا لە کۆبوونەوەیەک دا کە بەڕێزیان پێکهێنەری بوون بە ئەندامی بەڕێوەبەری شانە هەڵبژێردرام و شانەی حیزبیم بەڕێوەدەبرد، بەڵام ئەندامی ڕێکخراوەی ژنان نەبووم.

ئەوەندەی لە کوردستان بووم لە هیچ یەک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی یەکیەتیی ژنان دا بەشداریم نەکردوە.

هۆیەکەی ئەوە بووە کە بڕوام وا بوو ژن نابێ لە ڕێکخراوەیەکی جیا لە حیزب دا خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ویست و مافەکانی بکا. ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەم، بەڵام نابێ ئەو ڕاستیەش لەبیر بکەین کە شێوەی کار کردنی حیزبەکانی ئێمە چ ئێستا و چ ئەو کات ڕێگا خۆشکەر نەبووە بۆ بەشداری پێکردنی ژنان لە سیاسەت دا و هاوکات (بەشێکی بەرچاو) لە ژنانیش زۆر هۆگریان بە سیاسەت و کاری بەڕێوەبەریەوە نەبووە و نییە و خۆیان لە کار و تێکۆشانی سیاسی بەدوور دەگرن.

بەڵام ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان کە لەکەیەوە دەستم بە چالاکی لە ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان دا دەست پێکردوە، دەستپێکی کاری من لە ڕێکخراوەی ژنان دا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٨ی زائینی.

ئێمە بەشێکی زۆر لە بنەماڵە کوردەکان و بەتایبەتی ئەو بنەماڵانەی ماوەیەکی زۆر لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پێشمەرگە بوون، لەو شارە نیشتەجێ بووین، بەدەست پێشخەری کۆمیتەی حیزبی دێموکرات و بەتایبەتی لەسەر داوای هاوڕێ و هاوژینم حەمەرەسوڵ کەریمی و برای ئازیزم کاک کەماڵ حەسەنپوور کە بەرنامەی کاری یەکیەتیی ژنانی بە زمانی سوئێدی نووسیبۆوە و بە هاوکاری چەند هاوڕێی بەڕێز کە بە پێویستی دەزانم ناویان بێنم هاوڕێیان( ڕێناس محەممەدیان، شلێر ئەمینی، زنوێر ئەمینی، شەمسە ئەلیاسی و من شلێر حەسەنپوور ) بەڕێوەبەریەکی ٥ کەسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانمان پێک هێنا و چالاکییەکانی خۆمان لە شاری لینشۆپینگ دەست پێکردن.

سەرەتای کاری ئێمە لێک نێزیک کردنەوەی بنەماڵەکان و بەتایبەتی ڕێکخستنی ژنان و لاوان بوو.

بۆ ئەوەی ژیان لە هەندەران نەبێتە هۆی لێکدابڕانی ئێمە و منداڵەکانمان کلتووری کوردی، وەک زمان، موزیک و ڕۆژە نەتەوەیەکان لە بیر نەکەن بە کۆرسی فێرکاری زمانی کوردی بۆ منداڵان و گەورەساڵان دەستمان پێکرد.

دواتر پەرەمان بە کارو چالاکییەکانمان دان.

لەڕاستی دا کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە لینشۆپینگ بوو بە هەوێنی درووست بوونی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی گشتی لە ستۆکهۆڵم.

دوای لەت بوونی حیزب بۆ دووبارە سازمان دانەوەی یەکیەتیی ژنان بە ئینتسابی لە کۆمیتەی گشتی یەکیەتیی ژنان لە سوئێد لە خزمەت هاوڕێ گوڵاڵە شەرەفکەندی و هاوڕێ شوعلە قادری و هاوڕێ زیبا سەروەری و هاوڕێ جەمیلە کرمانجی و یەک دوو هاوڕێی دیکە کارو تێکۆشانم دەست پێکردەوە.

سێ دەورە بەرپرسایەتی گشتی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێدم وەئەستۆ گرتوە.

دوو جار دەنگی متمانەی هاوڕێیانم لە کۆمیتەی سوئێد وەرگرتووە بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی سوئێد شانازی بەشداریم لە دوو کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان پێبڕاوە.

جیا لە ئەوساڵ کە بەهۆی فشاری کاری نەمتوانی خۆم بۆ کار کردن لە کۆمیتە دا بەربژێر بکەم هەموو ساڵێ هاوکات لەگەڵ کار کردنم لە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد، ئەرک و بەرپرسایەتیم لە کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانیش دا وەئەستۆ گرتووە.

**پرسیار: لە ئێستادا بە چییەوە سەرقاڵن و لەگەڵ ژیانی ئێرە چۆن خۆتان ڕێک خستووە؟**

**وەڵام**: وەک هەر بنەماڵەیەک ژیانێکی ئاسایی و سادە و ساکاری خۆمان هەیە و جیا لە کاری رۆژانەم لێرە کە ئەویش بەرپرسایەتی تایبەت بەخۆی هەیە، لە گرووپی هەگبەی یارمەتی کە گرووپێکی خێرخوازیە و دوای بڵاو بوونەوەی پەتایی کۆرۆنا بۆ گەیاندنی یارمەتی بە هاوڵاتیانمان پێکمان هێناو چالاکم هاوکات ئەرک و ڕاسپاردەکانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان رادەپەڕێنم، کە هیوادارم شەرمەندەی خوێنی شەهیدانمان نەبین و لەو ئەرکەش دا ڕووسوو بین.

**پرسیار: ئەگەر لە کۆتاییدا قسەیەکتان بۆ خوێنەران هەیە فەرموون.**

**وەڵام**: دووبارە سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە و هیوادارم بتوانن پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەو ژنانە بگرن کە بەجۆرێک نەخش و ڕۆڵیان هەبووە لە خەبات وتێکۆشان دا.

لە کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان داوام کردوە، لیرەش داواکاریەکەم بۆ بەرپرسانی بەشی ڕاگەیاندن دووبارە دەکەمەوە، پێش ئەوەی درەنگ بێ لە فکری کۆکردنەوەو بە ئارشێو کردنی میژوو و بەسەرهاتی ئەو ژنانە دا بن کە شان بەشانی پیاوان زیاتر لە چوار دەیە تیکۆشانیان کردوە بەلام خەبات و ڕەنجیان نادیار و وونە.

هیوادارم لەداهاتوو دا لە توێی بەرنامەیەکی تایبەت دەنگ و ڕەنگی ئەو ژنە زەحمەتکێشانە ببینین و ببیسین.

دیارە ئێستا بەرنامەیەک بە ناوی ژنانی ناو شۆڕش هەیە کە هاوڕێیانمان لە نورویژ زەحمەتی ئامادەکاری و زەبتی دەکێشن، هەر لێرە دەستخۆشیان لیدەکەم و لەهەمان کات دا دەلیم بەداخەوە ئەوان نەیانتوانیوە تێکهەڵکێشێک بکەن کە هەمووان خۆیان لەو پرۆگرامە دا ببینەوە.

هەڵبەت نازانم و ئاگادار نیم کە هاوڕێیانمان لە نۆرویژ لە ژێر چ پرۆتۆکۆلێک دا کار لەگەڵ کورد کاناڵ دەکەن، مەبەستم ئەوەیە ئەو بەرنامە وەک کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە نۆرویژ بەرێوەدەبەن یا چی؟ بەگشتی رەنگبێ کەس گلەیی لە هاوڕێیانی نۆرویژ نەبێ و وک دەبیندرێ ئەوان ڕێچکەی کاری خۆیان وا داناوە کە سەرەتا لە دۆستەکانی خۆیان ڕا دەست پێبکەن بەلام زۆر وێدەچێ کوردکاناڵ بکەوێتە بەر ڕەخنە و ئەوەش بەباش نازانم.

هیوادارم هاوڕێیانی نورویژ مادام بەردەوام دەبن لە ئامادەکردنی ئەو بەرنامە لە داهاتوو دا تێکهەڵکێشێک بکەن و بەرنامەیەکی هەمەڕەنگ پێشکەش بکەن کە هەمووان خۆیانی تێدا ببینەوە.

دووبارە سوپاس پێزانیم بۆ کارو تێکۆشانی ئێوە هاوڕێیانی بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد. سپاس بۆ بەشداریتان لەم چاوپێکەوتنەدا و بە هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەی ئازیز.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢١

## خوشکە جوانەکەم سکاڵا گیان!



ئەوڕۆ ساڵێکیتر بەتەمەنت زیاد بوو!

وێڕایی پیرۆزبایی کردن ئاواتم ئەوەیە ژیانت لێوڕێژ لە شادی و ئاسوودەیی بێ و ڕۆژێکی خۆش لەگەڵ بنەماڵەت تێپەڕکەی و هەمیشە دڵخۆش بێ.

هەر ساڵ لە ڕۆژی لەدایک بوونت دا یەک دونیا بیرەوەری خۆش و ناخۆشم دێنەوە یاد!

ئەوڕۆ لێرە بیرەوەریەک دەنووسم کە تا ئێستاش کاریگەری لە سەر ڕووحی هەر دووکمان ماوە و لە دانیشتنەکانمان هەمیشە ئەو بیرەوەریە ناخۆشە دەگێڕینەوە

لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق زۆر جار شارە جوانەکەی سەردەشت دەکەوتە بەر هێرشی تۆپ و تەیارە.

ئێوارەیەک تۆپبارانێکی خەست دەستی پێکرد.

دایکم کە زۆر دەترسا لە پێش ئێمە دا هەڵاتە خوارێ و لێکدا لێکدا هاواری لە ئێمە دەکرد کە ئێمەش هەڵێین و لە تەبەقەی سەرێ نەمێنین و بچینە تەبەقەی خوارێی ماڵێ.

بابم ئارام و بێ هیچ جوڵە و ترس سەری بەسەر ڕادیۆزەبتەکەی داگرتبوو و گوێی لە هەواڵەکان دەگرت وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ.

من و سکاڵا کە چاومان لە بابم بوو ئاوا بێخەیاڵ دانیشتووە ویستمان لە لای بابم بمێنیمەوە بەڵام دەنگی تەقینەوەی تۆپەکان هێندە نێزیک و ترسناک بوون کە نەمانتوانی خۆراگرین و هەردووکمان هەڵاتین کە بچینە تەبەقەی خوارێ بەڵام لە ناو دەرگا دا مابووینەوە.

تەقینەوەکان پێنج پێنج و بەدوایی یەکدا دەهاتن بەچەشنێک کە مەجالی ئەوەمان نەبوو بچینە خوار.

هەردووکمان لە ناو دەرگا دەستتمان تێک گرتبوو و لەگەڵ هەر تەقینەوەیەک هاوارمان دەکرد:

ئەی بابە گیان!
ئەی دایە گیان!

هاوکات وزەوزی پرینچکە تۆپەکانمان گوێ لێبوون کە لە حەساری ماڵی دەکەوتن.

هەر ئەو تۆپبارانانە ببوون بە دوعای ڕۆژانەی سکاڵا و کاتێک لە کەسێک توورە دەبوو لە ژێر سێبەری دارە سێوەکەی حەساری لێنگی درێژ دەکردن و تا تێر دەبوو دەگریا دوایش دەستی دەکرد بە تووک و دوعا کردن و دەیکوت:

«ڕەبی تۆپی سەدامت بەرکەوێ»

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

## سوپاس و پێزانین بۆ شاکیژی بنەماڵەمان باوان گیان



باوان تەمەنی هەر ٢ مانگ و نیو بوو کە لە ئامێزی من و شلێری دایکی دا گەیشتە وڵاتی سوئێد، گاڵ و گەغەی منداڵی بە دوور لە خزمانی کوردستان لە سوئێد دەست پێکرد و ڕەنگی ژیانی ئێمەی لە نێو بنەماڵەدا بە تەواوی گۆڕی و بۆ ئێمەی تاراوگەنشین دڵخۆشی‌یەکی فرە گەورەی پێکهێنا، ئەم دڵخۆشی‌یە تاکوو ئێستاش هەر بەردەوامە و ڕەنگاوڕەنگی و خۆشی‌یەکی زۆری بە ژیانی ئێمەی دوورە وڵات بەخشیوە.

لە تەمەنی منداڵی دا کچێکی بێدەنگ و هێمن بوو، زۆر زوو فێری زمانی کوردی بوو، ڕۆژانە و شەوانە بە یەکەوە خەریکی گووتنی گۆرانی و سروود دەبووین و بە تامەزرۆی‌یەوە فێری نووسین و خوێندنی کوردی بوو، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان دا بە دەنگی خۆی گشت لایەکی دڵخۆش دەکرد و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر فێری شێعری کوردی و مێژوو و جوغرافیای کوردستان دەبوو.

یەکەم ڕۆژی قوتابخانەی باوان، ڕۆژی ١٧ - ٨ - ٢٠٠٤ی زائینی بوو، هەندێک دڵەڕاوکەی هەبوو، چەند ڕۆژ بوو پرسیاری جۆراوجۆری لێ دەکردین.

دەبێ بە تەنیا بچمە قوتابخانە و بە تەنیا بگەڕێمەوە ماڵێ؟

ئەگەر منداڵەکان لێم توڕەبوون چی بکەم؟

لە قوتابخانە دەتوانین یاری و کایە بکەین؟

چی دەخوێنین و چی دەکەین؟ و چەند پرسیاری دیکەشی دەکردن .

ئێمەش بە پێی توانا وەڵاممان دەدایەوە و هیوا و ئومێدمان پێدەبەخشی.

شەوی پێش قوتابخانە کەل و پەلی قوتابخانەمان لەگەڵ پێچانەوە و بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە چوو بۆ ژووری خەوتن، بەڵام ئەو شەوە زۆر بە درەنگەوە خەوی لێکەوت، بەیانی لەگەڵ زەنگی کاتژمێرەکە لەخەو هەستا و بە یارمەتی دایکی خۆی ئامادە کرد و ئێمەش لەگەڵ چەند منداڵی هاوڕێی باوان و جیرانمان کە کوردبوون، بەرەو قوتابخانە وەڕێ کەوتین و لە یەکەم ڕۆژی قوتابخانە لەگەڵی لە پۆلی یەکەم دا ئامادە بووین.



دوای خۆ ناساندنی گشت لایەک، مامۆستاکان بۆیان باسی خوێندن و یاساکانی قوتابخانە کردن، ئەوجار باوان دڵنیا بۆوە کە قوتابخانەش بەشێکە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی و پێویستە کە لەگەڵ قوتابخانە و خوێندن ڕابێ. ساڵ هات و ساڵ

ڕۆیشتن و بە خۆشییەوە باوان ئۆگری بە خوێندن و خۆپێگەیاندن زۆر و زۆرتر بوو، هەر بۆیە وێرای ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی لە خوێندن و خوێندنەوەش خافڵ نەدەبوو و ساڵ بە ساڵ و قۆناخ بە قۆناخ خوێندنەکانی خۆی درێژە پێدان و بە هەوڵ و هیممەتی لێبراوانەی خۆی، قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی لە شاری لینشۆپینگ بە سەرکەوتوویی بڕین و دواتریش بێ ڕاوەستان و پشوو، ڕێگای زانکۆی بۆ خوێندن گرتەبەر.

ئەم قۆناخەی ژیانی باوان کە دەبوو لە زانکۆ بێ و درێژە بە خوێندنی باڵا بدا، هەم بۆ ئێمە دژوار بوو، هەمیش بۆ باوان گەلێک سەخت و ناخۆش بوو، یەکەم باوان هەموو قۆناخەکانی پێشووی لە گەڵ ئێمە ژیا بوو، بەشێک لە کار و ژیانی لەگەڵ ئێمە تێپەر کردبوو، دووهەم زۆر بە کەمی لە ئێمە دوور کەوتبۆوە و هەمیشە لەگەڵ ئێمە لە بنەماڵەدا ژیا بوو، هەر بۆیەش هەم ئێمە و هەمیش باوان تا ڕادەیەک نیگەران و بەپەرۆش بووین، لەگەڵ ئەوەشدا هەم ئێمە و هەمیش باوان هەستمان بە گرینگی خوێندن لە پلەی بەرزتر دا دەکرد و خۆمان ڕازی کرد بوو کە ئەو ماوەیە ئەگەر بە جەستە لێک دوور دەبین، بەڵام پێویستە کە باوان ئەم قۆناخەش بۆ کارئاسانی ژیانی داهاتووی تێپەر بکات.

باوان لەم قۆناخەدا و بۆ درێژەدانی خوێندنی دەبوو لە شارێکی دیکە خوێندنی زانکۆی دەست پێ بکا و بە تەنیا بژی و بە تەنیا ئەرکەکانی ڕۆژانەی خۆی جێبەجێ بکا و لە تەنیشت خوێندن لە کاتی پشوودا کاریش بکا و ئەم قۆناخە بە هیممەت و ماندووبوونی خۆی بکاتە ئەزموونی ژیانی داهاتووی و بە خوێندن و خۆپێگەیاندن ژیانی داهاتووی خۆی مسوەگەر بکات و هەوڵ بدات کە ژیانی ئەم قۆناخە بکا بە پێژەیەک بۆ سەرکەوتن و بۆ خۆپێگەیاندن و خزمەت کردن بە کۆمەڵگا.

ڕۆژی ٣ - ٩ - ٢٠١٨ی زائینی بارگە و بنە و ئەو شتانەی کە پێویستی بوون بۆ ژیان و خوێندن بۆ پێچرا بۆوە و بە گشتی لە شاری لینشۆپینگەوە بەرەو شاری ئورێبرۆ ماڵی گوازتەوە، لەو کاتەوە باوان وەک کیژە کوردێکی ژیر، بە تەنیا و بە پشت بەستن بە ئیرادەی خۆی، بە ڕوانینی بۆ داهاتوویەکی گەش و بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی و بە تایبەت بۆ ئەوەی خزمەت بە نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای سوئێد بکا، شەو و ڕۆژی لە سەریەک دانان و خوێندنی زانکۆی بە دوور لە بنەماڵە دەست پێکرد.

لە ماوەی سێ ساڵ و نیوی تەنیایی دا زەحمەتی زۆری کێشا، ناخۆشی زۆری تەحەموول کردن و گەلێک جارانیش نەخۆش کەوت، بەڵام دیسان کۆڵی نەدا، هیچ کات گلەیی لە ناخۆشییەکان و لە دووری و تەنیایی و لە ئێمە نەکرد و بە پێچەوانە هەمیشە بە دڵێکی پڕ هیوا و ئومێدەوە درێژەی بە خوێندن و خۆپێگەیاندن دا و ئەم قۆناخەی خوێندنیشی بە خۆشییەوە بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهێنا.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا هیچ کات لە ئێمەش خافڵ نەبوو، زۆرجار بۆ کارەکانی ئێمە و ڕاپەراندنی بەشێک لە کاری ئیداری کاتێکی زۆری بۆ ئێمەش تەرخان کرد و ساڵانەش چەند جارێک سەردانی ئێمەی دەکردەوە و ئێمەش لەو کاتانەی کە دەمانزانی کە تاقیکاریەکانی تەواو کردوون دەچووین سەردانمان دەکرد و هەوڵمان دەدا کە لە تەنیشتی ڕاوەستین و کارئاسانی بۆ خوێندن و تەواو کردنی ئەم قۆناخەش بۆ بکەین.

ئەرکی دایک و باوک و بنەماڵە ئەوەیە کە لە هەموو کاتەکانی ژیاندا هاوڕێ و هاریکار و یارمەتیدەری یەکترین بین و لەو پەیوەندیەدا ئێمە کەمترین کارێک کە بۆ باوان کردوومانە، تەنیا هاندان و پاڵ پشتی کردنی بووە، ئەگینا ئەوە باوان بۆ خۆی بووە کە قۆڵی هیممەتی لە خوێندن هەڵکرد و بە ماندوویی و کۆڵ نەدانی خۆی توانی بە دوور لە ژیانی بنەماڵە، لیسانسی کۆمەڵناسی

( socionom ) . ( Filosofie kandidatexamen,  socionomprogrammet )

وەر بگرێ و ئەم قۆناخەش بۆ ژیانی داهاتووی بکا بە ئەزموون.

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا سوپاسی زەحمەتەکانی باوان دەکەین، سوپاسی هیممەت و ماندووییناسی و بەردەوامی دەکەین و هیواداریین کە قۆناخەکانی دیکەی ژیانیشی بە سەربەرزی و بە سەرکەوتوویی ببڕێ و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بتوانێ خزمەت بە نەتەوەی کورد و هەموو کۆمەڵگای جیهانی بکات و ببێتە یار و هاوڕێی هەموو ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە خزمەت و یارمەتیکردن هەیە.

جێی خۆیەتی کە سوپاسی هەموو ئەو خزم و ئاشنا و هاوڕێ و دۆستانە بکەین کە لەو ماوەیەدا ئاگایان لە باوان بووە، یا بە شێوەیەک لە شێوەکان یارمەتیان داوە، بە تایبەت هاوڕێ قوتابیەکانی، مامۆستا و بەڕێوەبەرانی زانکۆ و ئەوانەی کە لە بواری خوێندن دا هاوکاریان کردووە. بەداخەوە بە هۆی بوونی پەتای کۆرۆنا، یاسای باری تەندرووستی وڵاتی سوئێد و بەڕێوەبەرانی زانکۆ بە گشتی، ئیزنی ئەوەیان نەدا کە وەک عادەت و باوی ساڵانی پێشوو، جێژنی کۆتایی خوێندن بۆ خوێندکارانی زانکۆ بگیردرێ و بە گشتی دایک و باوک و ئەندامانی بنەماڵە و هاوڕێ و خزم و ئاشنا لە زانکۆ ئامادە بن، هەر بۆیەش ئێمە نەمانتوانی ئەو خۆشی و سەرکەوتنەی باوان لەگەڵ ئازیزانمان لە ساڵۆنی زانکۆ و یا شوێنێکی گشتی بەش بکەین.

سوپاس باوان گیان کە هەر لە منداڵیەوە، بوویە چرای ڕووناکی ماڵەکەمان، بە خەندە و قاقا و گۆرانی بووی بە

زایەڵەیەکی پڕ لە خۆشی، نەک بە تەنیا بۆ ئێمە، بەڵکوو بۆ هەموو ئەوانەی دەتناسن و یا دەیانناسی. پیرۆزە و هیوای باشترینەکانت لە ژیاندا لەگەڵ بەختەوەری و ئاسوودەیی لە ژیاندا بۆ بە ئاوات دەخوازین و چاوەڕوانیمان لە تۆی زێدە ئازیزی دایە و بابە، ئەوەیە کە کارەکانت و هەڵس و کەوتەکانت چڕ بکەیەوە لە سەر خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان و نەتەوەی کورد و گشت ئەوانەی کە پێویستە یارمەتی بدرێن.

سوپاس و دیسان سوپاس و هەر بژی و تەمەن درێژ بی کەسی دایە و بابەی.

حەمەڕەسووڵ و شلێر

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠٢٢

# ئیرادە و یەکڕیزی ژنان، زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانیانە



**دیمانە: شەونم هەمزەیی**

پرسی ژنان لە ئێراندا بە گشتی و بە تایبەتی دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هەمیشە یەک لەو بابەتە گرینگ و هەستیارانە بووە کە هەم کۆمەڵگەی ئێران و هەم ناوەندەکانی سیاسی و مافی مرۆڤی لە دەرەوەی وڵاتیشی بە خۆوە سەرقاڵ کردوە.

ژنانی کورد بە پێناسەیەکی نوێ لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدارن و سەرەڕای هێزمەندیی کۆمەڵگەی پیاو سالاری و تێپەڕ نەکردنی قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەیی، بەڵام توانیویانە شوێن‌پەنجەیان بەسەر زۆر لە گۆڕانکارییەکانەوە دیار بێ. بۆ زیاتر باس لە بارودۆخی ئێستای ڕۆڵ و پێگەی ژنان و چەندی و چۆنیی بەشدارییان لە بزووتنەوەکاندا وتووێژێکمان لەگەڵ خاتوو "شلێر حەسەن‌پوور"، ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات پێکهێناوە.

**شەونم هەمزەیی: با بەم پرسیارە دەست پێ بکەین، دەور و ڕۆڵی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا، چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

**شلێر حەسەنپوور**: پێشەکی سپاس بۆ ئێوە. بە پێی هەموو لێکۆڵینەوەکان و بڵاو کراوەکان بزووتنەوەی ژنان لە ئێران ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام سەرەڕای ئەو بەرەو پێشچوونە داخوازییەکانی ژنان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. چونکە بارودۆخەکان وەک یەک نین، بۆ نموونە ئەگەر داخوازیی ژنانی تاران ئازادکرانی دووچەرخەسواری بۆ ژنانە، داخوازیی ژنی بەلووچ لولەکێشیی ئاوی خاوێن بۆ خواردنەوەیە. لە شوێنێکی تر ڕەنگە داخوازییەکان زیاتر کۆمەڵایەتی بێ و لە شوێنێکی تریش سیاسی بێ.

لە کوردستان خەبات بۆ مافی نەتەوەیی و یەکسانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەدایە، بەداخەوە بە هۆی پارچە پارچە بوونی نیشتمانی داگیرکراومان بارودۆخی ژنانی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی فارس یا بلێم وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر جیاوازە. هەلومەرجی ئێمە وەک ژنانی کورد بە شێوەیەکە کە هاوکات بۆ دوو پرسی گرینگ، یەکەم مافی نەتەوایەتی و دووهەم بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی لە خەبات و تێکۆشاندایین. لەو ڕێگەیەشدا تووشی زۆر نەهامەتی وەک دەربەدەری، زیندان، دەسبەسەر کران، ئێعدام و توندوتیژیی جنسی و ڕۆحی بووینەتەوە.

لە کوردستان خەبات بۆ مافی نەتەوەیی و یەکسانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەدایە، بەداخەوە بە هۆی پارچە پارچە بوونی نیشتمانی داگیرکراومان بارودۆخی ژنانی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی فارس یا بلێم وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر جیاوازە. هەلومەرجی ئێمە وەک ژنانی کورد بە شێوەیەکە کە هاوکات بۆ دوو پرسی گرینگ، یەکەم مافی نەتەوایەتی و دووهەم بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی لە خەبات و تێکۆشاندایین. لەو ڕێگەیەشدا تووشی زۆر نەهامەتی وەک دەربەدەری، زیندان، دەسبەسەر کران، ئێعدام و توندوتیژیی جنسی و ڕۆحی بووینەتەوە.

لە کوردستان کەمتر بنەماڵەیەک هەیە کە دوای هاتنە سەر کاری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە بەهانەی جۆراوجۆر تووشی ئازار لە شێوەی زیندان، ئێعدام، کوژران و دەربەدەری نەبووبن، بەڵام بەو حاڵەش ژنانی ئازار چێشتووی کوڕ یا مێرد کوژراو و ئێعدامکراو قەت سەریان لەبەر زۆرداری و داگیرکاریی ڕێژیمی ئێران دانەنواندوە و هەمیشە لە مەیداندا بوون.

"زارا محەممەدی"، ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی-ئەدەبیی نۆژین و مامۆستای قوتابخانە، نموونەیەک لەو ژنە ئازا و تێکۆشەرانەیە کە تەنیا لەبەر ئەوەی زمانی دایکی فێری منداڵان کردوە، دە ساڵ حوکمی زیندانی بەسەردا سەپاوە.

کەوایە ژنان لە کوردستان و بە گشتی لە ئێران چالاکن، بەڵام بە هۆی ئەوەی یاسا گۆڕەپانی سیاسی و ئابووریی پێ تەنگ

کردوون زۆری پێ دەچێ تا بە ئامانجەکانیان بگەن.

**شەونم هەمزەیی**: ژنان ئەمڕۆ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغێکی گرینگ لە گەشە و پێشکەوتندان، لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکاندا بەشدارن، هۆکاری ئەو لە مەیداندا بوونەی ژنان بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا ئەو بزووتنەوە ئێعترازییانە گۆڕان لە دۆخی ژنان و بزاوتی مافخوازیی ئەواندا پێک دێنی؟

**شلێر حەسەنپوور**: سەرەتا و دەستپێکی خەباتی ژنان لە ئێران بۆ سەدەیەک لەمەو بەر دەگەڕێتەوە و هێندێ پرسی سیاسی لە ئێران کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخێ ژنان هەبووە کە هێندێک جار بووەتە هۆی پێشکەوتنی ژنان و جارجارەش بە پێچەوانە ڕەوتی خەباتی ژنانی دوا خستوە.

بۆ نموونە بە زۆر لا بردنی پەچە و ڕووبەند، هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی هێندێ دابونەریتی ئیسلامی لە کاتی حوکمڕانیی ڕەزاشادا و، دواتریش لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران ژنان کێشەی تری یاسایی و سیاسی و کولتوورییان هاتە بەر دەم.

حکوومەتی خومەینی لەژێر بنەمای ئیسلامی شیعە (اثنا عشری) بە بەهانەی گەڕاندنەوەی عیفەت و حەیا بۆ ژنانی ئێران جیا لە سەپاندنی سەرپۆشی زۆرەملی، هەموو ڕێگەیەکی بۆ سەپاندنی یاساکانی دژبە مافی ژنان خۆش کرد و بۆ ماویەک ئەو ڕەوتەی ڕاگرت، بەڵام هەموو ئەو بەربەستانە نەبوونە هۆی ڕاوەستانی ئەو شەپۆلە و ژنان بۆ دەربڕینی داواکارییەکانیان لە هەموو دەرفەتێک کەلکیان وەرگرتوە.

دیارە ژنی کوردیش هەروا دەستەوەستان نەبووە، بەشێک لە ژنانی کورد وێڕای پیاوان دژبە داگیرکاری و زوڵمی کۆماری ئیسلامی لە نێو حیزبە سیاسییەکان دەستیان بە خەبات و تێکۆشان کردوە، هەرچەندە ڕێژەی ئەو ژنانە کەم بوون بەڵام بەو حاڵەش ئەگەر بگەڕێینەوە ئەو سەردەمە -واتە چوار دەیە پێش لە ئێستا- تێکشکاندنی نەریتی کۆن و داسەپاو، ڕچەشکێنییەک بوو. دیارە ئەگەر ڕاستگۆ بم حیزبی ئێمە بۆ ئەو بەشە زۆر موحافیزەکار بووە.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان، هۆی لە مەیداندا بوونی ژنان لە ڕاستییدا بەشێکی بۆ پەروەردە و خۆ پێگەیاندنی ژنان و بەشێکیشی بۆ هاتنی ئینترنێت و بە تایبەتی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە. لەو نێوەشدا ڕێکخراوە مەدەنییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.

لە سەر بە ئامانج گەیشتنی ژنان دەبێ بڵێم هیچ شتێک نامومکین نییە، بەڵام تا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە یاسای حکوومەتی کۆماری ئیسلامییدا پێک نەیە بە زەحمەتی دەبینم، بە تایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستای کوردستان و بەگشتی ئێران کە بە پێی ئەو ئامارانەی ڕۆژنامەکان لە نێوخۆی ئێران بڵاویان کردوەتەوە زیاتر لە ٣٥ لەسەدی خەڵکی ئێران، لەژێر هێڵی هەژارییدا دەژین -کە بەدڵنیاییەوە دەبێ زیاتر لەو ئامارە بێ-؛ لە وەها بارودۆخێکدا مەگەر تەکانێکی جەماوەری ڕوو بدا و ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە ئێران بێجگە لەوە بە ئەستەمی دەبینم، بەڵام بەو حاڵەش نابێ ژنان دەست هەڵگری مافەکانیان بن.

**شەونم هەمزەیی**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە، ئایا ئەو ڕێکخراوانە تا چ ڕادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆکی لە مافی ژنان دەکەن، بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان یان ئەو زوڵمانەی دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ ڕاکێشن؟

**شلێر حەسەن‌پوور**: چ ڕێکخراوەی ژنان، چ حیزبێکی سیاسی بەبێ بوونی پێگەیەکی فکری و پێشکەوتوو و بەبێ بوونی بەرنامەیەکی تۆکمە و خزمەتگوزاری و گەشەکردن و خزمەتی باش بە هاووڵاتیان و کۆمەڵگەکەی و، بەبێ پرۆسەی بەردەوام بۆ ئاڵوگۆڕ و بەبێ بوونی تێڕوانینێک بۆ داهاتوو ناتوانێ هەتا سەر لە مەیداندا بمێنێتەوە. بۆیە دەبێ بەردەوام پرۆسەی خۆ نوێکردنەوە هەبێ بۆ ئەوەی لە کێبەرکێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەجێ نەمێنێ.

من پێشتریش باسی ئەوەم کردوە وەک خۆم پێکهێنانی ئەو هەموو ڕێکخراوانە بە تایبەتی ڕێکخراوەکانی ژنانم پێ باش نییە، چونکە دەبنە هۆی پارچە پارچە بوون و لە کۆتاییدا بە فیڕۆ چوونی وزە و تواناکان.

بە حوکمی ئەوەی من دەمێکە لە کوردستان دوورم، باس لە کوردستان ناکەم چون وێدەچێ ئەو زانیارییانەی من لە سەر کوردستان هەمن زۆر ڕێک نەبن.

بۆیە ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان لە سوئێد بە نموونە دێنمەوە، لە ماوەی زیاتر لە ١٨ ساڵ لێرە لەگەڵ ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان زۆر ڕێکخراوەی دیکەش پێک هاتن، بەڵام هیچیان نەیانتوانی تا سەر لە کار و تێکۆشان بەردەوام بن، بۆیە ئەو هەڵوەشانەوە یا لە مەیداندا نەبوونە دەبێتە هۆی دڵساردیی ئەندامەکانیان، بە چەشنێک کە تەنانەت متمانە بە ڕێکخراوەکانی تریش ناکەنەوە و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی ناچالاک بوونی کۆمەڵێک لە ژنانی بە توانا کە ئەوە هەم

خەسارێکە هەم جێگەی داخە.

لە سەر ئەوە کە ئەو ڕێکخراوانە چەندە توانیویانە سەرنجی بیرو ڕای گشتی بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان یان ئەو زوڵمانەی لە ژنی کورد دەکرێ ڕاکێشن، دەبێ بڵێم بە گشتی ئێمەی کورد ئەو بەشەمان لاوازە، بەڵام با من پرسیارێک بکەم مەگەر لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتدا ناخوێندرێتەوە و ناگوترێ کە لە ئێران بە گشتی مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ؟ تا ئێستا بەرامبەر بەو پێشێلکارییانە چ کارێک بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کراوە؟

بە باوەڕی من گەڕانەوە بۆ ئیرادەی ژنان و متمانە دروستکردن لە نێو خۆمان چارەسازترە تا چاوەڕوان بین بزانین ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی چییمان بۆ دەکەن. بەکورتی هەر جارێ پێشینیان گوتوویانە، جگە لە نینۆکەکانی دەستی خۆم هیچ دەستێک ناتوانێ پشتی من بخورێنێ.

**شەونم هەمزەیی:** ئێوە وەک ئەندامێکی چالاک لە ڕێکخراوی "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان" کە لە دەرەوەی وڵات چالاکی دەکەن، تا چەند توانیوتانە کار لە سەر پرس و بابەتەکانی ژنان بکەن و بتوانن ببن بە دەنگی ژنانی زوڵملێکراوی کورد و بە تایبەت ژنانی ڕۆژهەڵات لەم وڵاتانەدا؟

**شلێر حەسەنپوور:** پێمخۆشە ئەوە بە ڕوونی بۆ ئێوە و بۆ خوێنەرانتان باس بکەم کە کار و چالاکیی ئێمە لێرە لە وڵاتی سوئێد دوو بەشە.
بەشێکی پێوەندیی چڕ لەگەڵ ناوەندی یەکیەتیی ژنان لە کوردستانە و بەشێکی زۆری پێوەندیی بە شوێنی نیشتەجێ بوونمان واتە وڵاتی سوئێدەوە هەیە.

هەروەک لەسەرەوە باسم کرد کاری ئێمە بە پێی پرۆژە دەچێتە پێش کە چەندین پێوەر لە خۆ دەگرێ، وەک دانی زانیاری لە مەڕ مافی یەکسانی، مافی تاک و هەروەها پەروردە وەک پەروەردەی منداڵ، ژینگە، سڵامەتی و خۆپاراستن و لەو ساڵانەی دواییدا زانیاری لە سەر هێمۆ و بای سێکشوێل و بە تایبەتی ئاشنا کردنی ئەندامانمان بە یاسا و ڕێساکانی وڵاتی سوئێد وەک یاساکانی پەروەردەی منداڵ -کە بە بڕوای من یەک لە هەرە گرنگترین بابەتەکانە-، یا یاسای کار و زۆر شتی دیکەی تریش.

ئـێمە وەک بەڕێـوەبەری ڕێکخـراوەکە ئەرکـی ئەوەمـان دەکەوێـتە ئەسـتۆ کە لە ڕێـگەی پێکهێنـانی کـۆڕ و سـێمینار ئەو زانیارییـانە بە ئەنـدامەکانمان بگەیەنـین و لە ڕێـگەی مێـدیا گشـتییەکانیش بەگـوێی هەمـوو ئـۆگرانی بگەیەنـین، کە بە خۆشییەوە بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەک و بە تـایبەتی ئەندامانی دڵسۆزی ڕێکخراوەکەمـان تـا ئێسـتا لەو بـوارەدا زۆر سەرکەوتوو بووین.

ئەوە کە چەندە توانیومانە دەنگی ژنـانی زوڵـم لێکراو بین، بەڕاستی وڵام دانەوە بەو پرسیارە بـۆ من کەمێک زەحمەتە. دیـارە ئەگەر بەگشـتی بڵێم پێوەنـدیی هەیە بە شوێنی ژیـان و بە سـەربەخۆ بـوونی تـاک لە هەمـوو بوارەکـانەوە. بەداخەوە هەلومەرجی ژنان لە کوردستان و بە تـایبەتی ئەو ژنانەی خۆیان بەرپرسایەتیی قورسی ژیـان و بەخێـوکردنی منـداڵەکانیان لە ئەسـتۆیە و هـیچ هەلـی کـار کـردن و هـیچ ناوەنـدێک نییە بـۆ هاوکاریکردنیـان لەگەڵ ئـێمە کە لە دەرەوە دەژیـین زۆر جیاوازە. بڕوا ناکەم ئەو ژنانەی هەژاری تەنگی پێ هەڵچنیون و بۆ بژێوی ژیان ئامادەن دووگیان بن و منـداڵی نێـو سکیان پێشفرۆش بـکەن، بیـر لە مـاف و تەنـانەت بیـر لە ڕزگـاریی خۆیشـیان بـکەنەوە. بـۆیە ئەرکـی ئـێمە بە هۆشـیار کـردن و ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵگەی خۆمانە بە گشتی و ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ.

لە ڕاستییدا ڕایەڵەی نێوان ئێمە و نێوخۆ -ڕۆژهەڵاتی کوردستان- لاوازە کە دەبێ کاری لەسەر بکرێ. با ئەوەش زیاد بکەم، ئێمە بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندایین. لێرە هەر جارێ کە دانیشتمان لەگەڵ ڕێکخراوە سوئێدییەکان یـا پـارلمانتارەکـان هەبووە یا هەیە بەشێک لە باسەکان تەرخان دەکرێن بۆ پێشێلکردنی مـافی ژنـان و بە گشـتی مـافی مرۆڤ لە ئێران، بەڵام هەر وەک گوتم باشترین کار گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵکی خۆمانە.

**شەونم هەمزەیی**: زۆر جار دەگوترێ ژنـان بە پێـی پێویست و بارتەقـای ئەم زوڵـمەی لێیـان دەکرێ و ئەو مافـانەی لێیـان زەوت کـراوە لە مەیدانـدا نین، یـان بە پێـی پێویست نەیـانتوانیوە دەنگی ئەو ژنە زوڵـم لێکـراوانە بـن کە سـاڵانێکە لە بەندیخانەکاندان و مافەکانیان پێشێل دەکرێ؟ ئایا ئەم تێڕوانینە لە جێی خۆیدایە؟

**شلێر حەسەنپوور**: ئێمە باس لە ژنانی ئێران یا باشتر بڵێم بـاس لە ژنـانی ڕۆژهەڵات دەکەیـن کە جیـا لەوەی کە کۆمـاری ئیسـلامی هەمـوو مافەکـانی لـێ زەوت کـردوون، بەسـتراوە بە داب و نەریـتە ئـایینی و کۆمەڵایەتییەکـانن. شـکاندنی ئەو نەریتـانە لەسـەر ژن زۆر گـران دەکەوێ. لە ئەگەری سـەرپێچیی ژن، لە پـلەی یەکەمـدا دەکەوێـتە بەر غەزەبـی خێـزان و بنەماڵەی خۆی و دواجار کۆمەڵگە و لە کۆتاییدا تەریک کەوتنەوەی.

سەربەخۆیی ئابووریی ژن و ئیرادەی بە کۆیلە نەبوون، خۆی بوێریی دەوێ کە وەک گوتم بە داخەوە لە بارودۆخی ئێستادا کە هەژاری و بێکاری باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە ژنان کەمتر بیر لە ویست و داوکاری و مافەکانی خۆیان دەکەنەوە.

ژنان لە ڕێگەی مێدیا لە هەوڵی گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیاندان، بەڵام بە گشتی دەستیان لە دەسەڵات و گۆڕینی یاسا بە قازانجی خۆیان کورتە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەست لە کەس ناپارێزێ، هەر لە چالاکانی ناوەندی بەرگری لە مافی مرۆڤەوە بگرە تا ئەو وەکیلە گیراوانەی کە بە سەر کەیسی کەسانی سیاسییەوەن؛ "نێرگس محەممەدی"، وتەبێژ و جێگری بەرپرسی ناوەندی بەرگری لە مافی مرۆڤ و "نەسرین ستوودە" نموونەی هەرە بەرچاون.

**شەونم هەمزەیی**: وەک دوا پرسیار، کۆسپی بەردەم بەرەو پێشچوونی زیاتری بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستاندا چییە و چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەوانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**شلێر حەسەنپوور**: یەکەم کۆسپی بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەی ژنان یاسای ئێرانە کە دژی ژنە. دووهەم، پەرتەوازە بوونمان، نەبوونی ئاراستە و گوتارێکی یەکگرتوو، کە زۆر جار گوتوومە لێرەش هەر ئەوە دووپات دەکەمەوە، ژنان دەبێ دژبەو ڕێژیمە سەرکوتکەرە بوەستنەوە و هاوکات ڕوو بە ڕووی ئەو سوننەتە کۆنەپەرستانە و دژەژنە کە لە نێو کۆمەڵگەدا زاڵە و، ڕیشەکەشی بۆ دەسەڵاتی پیاو سالار دەگەڕێتەوە -کە زۆر جار ژنان خۆیان پشتیوانی ئەو لێدوانە سوننەتییانەن-، ببنەوە و ڕێگە خۆشکەر بن بۆ داهاتوویەکی گەشتر بە قازانجی ژنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠٢٠

## چەند پەیڤەیێک لە سەر باوکم وەک یەکەم مامۆستای ژیانم



پێشەکی سپاسی زەحمەت و ماندووبوونی بەرێزتان دەکەم کە ماوەیەکە بەبێهیچ چاوەڕوانی دەستت داوەتە کارێکی پڕ ئەرک واتە کۆبەندکردن و بەئارشیو کردنی بەشی زۆری رووداوە مێژوویی‌یەکان بەشێوەی دەرکردنی نامیلکە.

ئەو کارە بەرێزتان جیا لەوە کە خزمەتێکی گەورەیە بە دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی و هەروەها لاپەڕە ئێلکترۆنی‌یەکان و دونیای مەجازی هاوکاتیش دەکرێ بۆ دوارۆژ  وەک بەڵگە و ئارشیو کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

ئەوە کە بەهۆی گەشەی ئینترنێت و بەربڵاوی لاپەرە ئێلکترۆنیکەکان وەک ماڵپەر، رۆژنامە و گۆڤار و پەیجە کۆمەڵایەتی‌یەکان، مرۆڤ دەتوانێ بیروبۆچوونی خۆی لە پێشوو زیاتر بە شێوەی نووسین لە چەند چرکە دا بخاتە بەر دیدی کۆمەڵانی خەڵک، شتێکی زۆر باشە بەڵام هەموومان دەبێ بە وردبینی و بەشێوەی سەردەمیانە کەڵک لەو لاپەرە ئیلێکترۆنیانە وەربگرین و زۆر گرینگە بەدوور بین لە نووسینی بێ بنەما، چونکوو هەر وەک لە سەرەوە دا ئاماژەم پێدا ئەو نووسین و بڵاوکراوانە دواتر وەک بەڵگە دەمێننەوە.

سەبارەت بەداواکاری بەرێزتان، لە سەر نووسینی بیرەوەریەک لەگەڵ بابم دەبێ بڵێم: وەک خۆم بڕوام بە ئەوە نییە لە کەسایەتیەکان فرشتەیەکی خەیاڵی درووست کەین.

بـابی مـن وەک هەمـوو مرۆڤێـک هێنـدێ خـوو عـادەتی تـایبەت بە خـۆی هەبـوون. بـۆ نمـوونە بـاوەڕی تەواوی بە پرینسیپە ئەخلاقیەکان هەبوو و ئەگەر هەرکام لە ئێمە سنوورمان بەزانـدبایە ئیتـر ئەوە دەکەوتینـە بەر تەوژمی تووڕەیی و سەرزەنیشتەکانی.

وەک هەموو بنەماڵەکانی قەدیم بابی منیش لە بنەماڵەیەکی گەورەدا لەدایک ببوو کە پێکهـاتبوو، لە دایک، بـاب و سێ براو خوشکێک کە تێکەلاوی و هاتووچۆی یەکجار گەرمو گوریان لەگەڵ بنەماڵە مام و ئامۆزاکانی هەبـووە لە ئامێزی پڕ لە خۆشەویستی و وەفاداری ئەوان دا پێگەیشتوە.

لەبەر ئەوەی برا چکۆلەی بنەمـاڵە بـوو، فێـر کرابـوو کە ڕێز لە هەمـوو ئەو کەسـانە بگـرێ کە لە خـۆی گەورەتـر بوون. هەر بۆیەش هەوڵی دەدا ئێمەش ئەو ڕێچکەیە بگرینەبەر و ڕێز لە گەورەکان بگرین.

ئەگەرچی بابم لەبەر کـاری کورەخـانە کە کـارێکی یەکجـار تـاقەت پـروکێن بـوو، کەمتـر لە مـاڵێ بـوو، بەڵام بەو حـاڵەش لە ئێمە غافڵ نەبـوو و هەمیشـە لە فکـری پەروەردەی درووسـتی منـداڵەکانی دابـوو و بەردەوام ڕێنـوینی دەکردین.

ڕێنوێنەیەکانی تەنها پرنسیپە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەکان نەبوون بەڵکوو بە هەموو شێوە هەوڵی دەدا کە ئێمە فێری خۆشەویستی لەگەڵ یەکتر و نیشتمان بکا.

دیارە وەک خۆی بۆی باس دەکردین بنەماڵەکەمان پشتاوپشت قەت سەریان بۆ زۆردار نەوی نەکردوە و خۆشی هەر لە هەرەتـی منـداڵیەوە لە ڕێگـای بـرا گەورەکـانیەوە، حـاجی میـرزا بـرایم حەسـەنپوور و حـاجی محەممەدئەمـین حەسەنپوور بیری گەل دۆستی و نیشتمانپەروەری لە هەست و دەروونی دا چەکەرەی کردبوو، بۆیەش بۆی گرینگ بوو و بە هەموو توانایی خۆیەوە هەوڵی دەدا ئێمەش بەو ڕێگا نەتەوەیە دا هەنگاو بنێین.

کە شـەوانە لە دەوری یەک کۆدەبـووینەوە پەنـد و مەتەڵـی کـوردی لـێ دادێنـایین و شـێعرەکانی مامۆسـتا هـێمن موکریانی و خالید حیسامی( هێدی) بۆ دەخوێندینەوە.

زۆر جار شێعرێکی دەخوێندەوەو لەنێوماندا دەیکردە بەکێبڕکێ و دەیکوت ئەگەر لە مەعنای ئەو شێعرە یا ئەو وشە تێبگەن‌و بۆم شیکەنەوە ئەوە دیاریەک یا ئەوەندە پوڵەتان دەدەمێ. بابە عەلی بەو شێوەیە هانی دەداین و هەوڵی دەدا کە فێری وشەی رەسەنی کوردیمان بکا.

دیارە ژیانی مرۆڤەکان هەمووی پڕە لە بیرەوەری بێگومان منیش زۆر بیرەوەری خۆش و ناخۆشم لەگەڵ بابم هەن، لە راستیدا هێندە بیرەوەریم زۆرن، بۆم زەحمەتە و نازانم کامیان هەڵبژێرم چونکە هەر هەموو کات و رۆژەکان لە گەڵ بنەماڵە، گۆشەیەک لە ژیانی خۆمن، هەموو ئەو گۆشە و چرکەساتانەم بەدڵ خۆشدەوێن.

لەو شەوانە ڕا کە زۆر منداڵ بووم و بە دەنگی سرتە و هاتووچۆی پێشمەرگەکانی باشوور خەبەرم دەبۆوە، یا ئەو کاتانە کە دەکەوتینە بەر رەهێڵەی تۆپ و مووشەکبارانی شەڕی ئێران و عیراق تا ئەو ساتانە کە لە سەفە دوورو درێژەکانی بەندیخانەی دەریا لە ورمێ بە شەکەتی و ماندوویی و بە گەرمای هاوین و سەرمای زستان ڕادەوەستاین بۆ تاقە دیدارێکی چەند خولەکی کاکم کە بەناحەق بەندکرابوو و یا تا سەفەرە سەوداسەریەکانی کە بۆ دیداری پێشمەرگەکان و برازاو خوارزا و کچەکانی شاخ بە شاخ و گوندبەگوند هەموو پێدەشتەکانی گەرمێن و کوێستانی دەبڕین، گشتی وەک فیلمێک بە بەرچاوم دا دێن و دەڕۆن و بە هەموو تاڵی و ناخۆشیەکانیەوە بۆمن پڕن لە وانەی فێربوون.
لە نێو ئەو هەموو بیرەوەریانەدا، ئاماژە بە بیرەوەریەک دەکەم ئەویش ئەوکاتە بوو کە لە گەڵ بابم بۆ سەردان و دیداری کاکم دەچووینە بەندیخانەی ورمێ.

وەک خۆم تا ئەو رۆژەی دەمرم ئەو رووداوەم لەبیر ناچێ و بۆ من وەک وانەیەکەی لەبیر نەکراو زیندوو دەمێنێتەوە.

لە ناوەندی شار لە سەر رێگای تاکسی راوەستابووین تا بەرەو بەندیخانەی ورمێ بچین، بابم و دایکم هەردووکیان جل‌وبەرگی کوردیان پۆشیبوو، لەپڕ بینیم ژنێک کە چارشێوێکی ڕەشی بەسەرەوە بوو و تەنیا چاوێکی بەدەرەوەبوو، هاتە پێش بابم و بە توركی دەستی کرد بەهەرا هەرا کردن. لە دەنگی را دیار بوو کە تورە بوو. بابیشم هەربەوشێوەیە بە دەنگی بڵیند وەڵامی ژنەی دەدایەوە. ئەمن چۆن توركیم نەدەزانی هەر چاوم لێدەکردن حاڵی

نەدەبووم چیان بەیەکتر دەکووت دواتر کە ژنە دوور کەوتەوە ڕووم لە بابم کرد و گوتم: بابە ئەو ژنە دەیکوت چی؟

گوتی: گوێ مەدەیە ڕۆڵە! ئەوە جل و بەرگەکانمان شێت و هاری کردوون، دەبێ بەو لیباسە کوردیانەوە هەر چەقڵی چاویان بین بەڵکوو ئاوا کوێر ببن، شەرتبێ هەر بە جلوبەرگی کوردی بێم و تا ئەمن هەم شاڵوار و دوولینگەی عەجەمان لەبەرنەکەم، و بەراستی ئەو شەرتەی خۆشی بردە سەر.
ئەو کات زۆرم لا سەیر بوو کە بابم ئەو بڕیارەی دا و پێموابوو دەیتوانی بە لەبەر کردنی شاڵوارێک خۆی لە زمان و بێحورمەتی بەشێک لە تورکە ڕەگەزپەرەستەکانی شاری ورمێ بپارێزێ و بێهوودە گرفت بۆخۆی دروست نەکا.

بەڵام دواتر زانیم کە مەبەستی بابم لەو پێداگریە چی بوو. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو بوێریو پێداگریەی باب و باپیرانمان نەبا بۆ پاراستنی زمان و کولتووری نەتەوەکەمان دەمێک بوو کورد لە ژێر فشاری نەتەوە ڕەگەزپەرەستەکان دا توابۆوە.
با ئەوش زیادکەم کە کاتێک هاتمە سوئێد زانیم هەوڵەکانی بابم بۆ چی و بە چ مەبەستێک بوو.
ئەو زۆر پێش ئەو ڕووداوە لە کاتی منداڵی خۆیی دا گوێ بیستی یاساخ کردنی جل و بەرگی کوردی هەم لە زەمانی ڕەزاشا دا و هەمیش دواتر ببوو، ناو و ناوبانگی شۆڕشی ئەمەرپاشای قەڵەڕەشێ کە دەیگووت کەس نابێ شەپکەی عەجەمان لە سەری بکا بیست بوو و ئەوەش وەک ئەو شۆڕشە دەچوو، ئاخر ئەو گۆشدراوی بیری ئازادی و هزری سەربەخۆیی بوو، بۆیە شانازی بە جلوبەرگ و دەسرەی سەرییەوە دەکرد.

بابم ئەوەندەی پێشمەرگە و شۆڕش و دێموکراتی خۆشدەویست کە هەموو کات بە حەسرەتەوە باسی لە ڕۆژانێک دەکرد کە بۆ ماوەیەک ئازادی بە چاوی خۆی دیتبوو و ئەو ڕۆژانەی وەک خۆشترین کاتەکانی ژیانی ئەژمار دەکردن.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی کورد شادمان دەبوو و لەگەڵ هەموو نەهامەتی و تێکشکان و پاشەکشەیەک ئەویش غەمبار دەبوو.

ڕادیۆ دەنگی کوردستان وەک مەرهەمێک بوو کە هەموو کات سارێژی زامەکانی دەروونی پێدەکرد و لەگەڵ هەواڵە

خۆشـەکان ئەویـش دڵخـۆش و کەیـف سـاز دەبـوو، کاتێـک هەواڵێکـی ناخۆشـی گـوێ لێـدەبوو خەم دایـدەگرت و دەستەوئەژنۆ دادەما، بەڵام هیچ کات نائومێد و هیوابڕ نەدەبوو.

لەسەریەک بابە عەلی بۆ من و بنەماڵەمان چرای ڕووناکی ماڵەوە و ژیانمان بوو، مرۆڤ تا بۆ خۆی منداڵی نەبێ کەمتر هەست بە دڵسۆزی و خەمخۆرییەکانی دایک و باب دەکا، بابە عەلی کەسێکی لە کەل دەرهاتوو و دونیا دیتوو بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە لە شیمیابارانی شاری سەردەشت دا تووشی زامی گەورە ببوو و چاوێکی بە تەواوی لە دەست دابوو و تووشی کۆخە و هەناسە سواری ببوو، بەڵام قەت لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و لە کارو کاسبی دا نەیهێشت کەمی بێنێ.

بەداخەوە چەند ساڵێک پێش کۆچی دوایی وەزعی جەستەی بابە علی باش نەبوو، ئەو لە کاتی کارکردن تووشی کۆخین و هەناسەسواری دەبوو بەڵام بەو حاڵەشەوە ڕێگای گەرمێنی دەگرتە بەر و سەردانی زاوا و نەوەو برازاکانی کە پێشمەرگە بوون دەکرد و لە حاڵ و ئەحواڵی هەمووانی دەپرسی.

بە گشتی مرۆڤ ڕۆژێک لە دایک دەبێ و ڕۆژێکیش دونیایی فانی بەجێ دێڵێ، زۆر گرینگە کە بزانی چۆن دەژی و کار و کردەوەکانت چەندە کاریگەریان لە سەر بنەماڵەو کۆمەڵگا هەیە، بەخۆشیەوە ژیانی بابە عەلی بۆ ئێمەمانان قوتابخانەیەکی کراوەی نیشتمانی بوو، لە هەڵس و کەوتەکانی، لە قسە و گوتاری دا دەیان وانەی جۆراوجۆری لە مێشک و بیروهزرمان دا تۆمار کردوون و ئەوەش گەورەترین سەرمایەی ژیانمانە و شانازی بە بوونی بابم دەکەم، باوکێک کە لە ڕەنگی ئاو و خاک و گەنم بوو، بۆنی ئاوەدانی و بۆنی مرۆڤایەتی لێدەهات و دەستی مێهرەبانی بە سەر خاک و گوڵ و گیا و سرووشتیش دا دێنا و بە مانای وشە مرۆڤێکی خۆشەویست بوو.

بە گشتی بابم بەهارێکی سەوزو نیشتمانێکی ئاوەدان بوو بۆ ئێمە.

ڕووحی شاد

٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

**ئەم بابەتە لەسەر داوای من ئامادە و ڕەوانە کراوە.**

## وتووێژ لەگەڵ بەڕێز "شلێر حەسەنپوور" کادری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



"ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات" بە بۆنەی ٨ مارس، ڕۆژی جهانی ژن، لە زنجیرە وتووێژێکدا ڕوانگەی چەند کەس و لایەنێکی سیاسی لەسەر خەبات و بزوتنەوەی ژنی کورد لە ئێران و کوردستان دەخاتە بەردید.

وتووێژی شەشەم؛ بەڕێز "شلێر حەسەنپوور" کادری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد

**پرسیار ؛** بەرلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای ئێران، ئایا بزوتنەوەی ژنان لەبەردەم قۆناغێکی نوێ دایە؟

**وەڵام**: سەرەتا سوپاس بۆ ئەوەی منتان بەسەر کردۆتەوە و چەند پرسیارێکتان لە ئاست بزووتنەوەی کورد و بە تایبەت ژنان بەرەوڕوو کردوومەوە.

کاتێک باس لە بزووتنەوەی ژنان دەکەین ناکرێ بەسەر بزووتنەوەی نەتەوەی کورد دا بازدەین و کاریگەری و رۆڵی هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر چاونەگرین، چونکوو ئەو بزووتنەوەی ژنان کە ئێستا هەیە هەڵقوڵاوی نێو بزووتنەوەی هێزە کوردیەکانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە دوایی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە دژی

داگیرکاری و زۆرداری کۆماری ئیسلامی تێکۆشانیان دەست پێکردوە.

باردۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستیارەو پرسیارەکەشتان گەڵێک هەستیارترە.

بزووتنەوەی کورد بە گشتی چەندین قۆناغی جۆراوجۆری بڕیون و لە هەموو ئەو قۆناغانە دا ژنان ئەگەر ڕۆڵی پێشەنگیان نەبووبێ، هاوکات شان بە شانی پیاوان لەو بزووتنەوەیە دا بەشدار بوون.

لەڕاستی دا بەشێک لە ژنان زیاتر لە گۆرەپانی خەبات و تێکۆشان دا بوون و هەن و پارالەیل و هاوتەریب بۆ هەردوو پرس چ پرسی نەتەوەیی و چ پرسی یەکسانی ژنان کار دەکەن.

ئەو بەشە لە ژنان کە هەر لە سەرەتا هەستیان بە چەوسانەوە و ئازارەکانی خۆیان و گەلەکەیان کردوە، بەردەوام لە تێکۆشان دابوون ئەوان جیا لە باسی یەکسانی لە کار و ژیان و کۆمەڵگە دا هاوکات باس لە دەسەڵات و لە بەرپرسایەتی لە پۆستە گرینگەکان لە نیو هێزە کوردیەکان دا دەکەن، کە بەبڕوای من ئەو بەشە خاڵێکی گرینگە و دەبێ ژنان زیاتر کاری بۆ بکەن.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەتان لە وەڵام دا دەبێ بڵێم بیگومان بەڵێ، چونکە لە دۆخی ئیران کە ڕێژیمێکی سەرکوتکەرە، چەوسانەوە لەسەر ژنان دوو بەرابەرە واتە ئەگەر پیاوان جارێک ڕووبەڕووی کێشە بوونەوە ژنان دووبەرابەر ڕووبەڕووی کێشە بوونەتەوە بۆیە لەوەتەی هاتنی کۆماری ئیسلامی، شتێک لە دۆخی تازە بە قازانجی ژنان نەگۆڕاوەو هەر لە سەرەتای ڕۆژانی یەکەمی ڕەگو داکوتی ئەو ڕێژیمە ژنان ڕووبەڕووی زەبرو زۆری بوونەوە، بەتایبەتی ئەو ستەمە چەندە لە ناوچە غەیرە کوردیەکان بەدژی ژنان بەردەوام بووبێ لە ناوچە کوردیەکان دووبەرابەر بۆتەوە.

لە ئێران بەگشتی ژنان پێشەنگی خۆپێشاندان و نارزایەتیە گشتیەکانن و بوێرانە هاتوونە مەیدان.

نموونەی بەرچاو کچانی شەقامی ئینقلاب " دختران خیابان انقلاب" ئەوان سوور دەیانزانی کە دەستبە سەر دەکرێن و حوکمی زیندان و تەنانەت حوکمی شەلاقیان بۆ دەبڕێتەوە بەڵام بە دژی سەرپۆشی زۆرەملێ لە شەقامەکان سەرپۆشەکانیان لە سەریان لادەبرد.

دیارە هەروەک لەسەرەوە گوتم ئەو بزووتنەوە دواتر بە بزووتنەوەی کچانی شەقامی ئینقلاب ناودێرکرا و لەو پێوەندیەدا کچان و ژنانێکی زۆر دەستبەسەر کران.

هەر چەندە ژنانی کوردیش لە ئاست ئاڵوگۆڕ و پێشهاتەکان دا بێدەنگ نەبوون بەڵام بەڕای من نارەزایەتیەکان لە نێوخۆ لە ڕۆژهەڵات زۆر گشتگیر نەبووە و ئەو بزووتنەوە لاوازترە.

بۆیە پێویستە ژنانی ڕۆهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای جۆراوجۆر وەک خەباتی مەدەنی و ئیداری، لە تێکۆشانی ڕۆژانە، لە وەرزش و کاری هونەری دا و بە گشتی لە هەموو بوارەکاندا کار بەکەن و لە مەیدان دابن.

جیا لەوە ژنان دەبێ دژ بەو ڕێژیمە سەرکووتکەرە مەزهەبییە بوستنەوەو هاوکات ڕووبەڕووی ئەو سوونەتە کۆنەپەرەستانە و دژە ژنە کە لە نێو کۆمەڵگەی کوردی دا هەیە و زاڵە بەسەر کۆمەڵگە دا و لە ڕاستیدا ڕیشەکەی بۆ دەسەڵاتی پیاو دەگەڕێتەوە کە تەنانەت هێندێک جار (ژنان خۆیان تەبەنی و ساپۆرتی ئەو لێدوانە سوونەتیانەن) ببنەوە و ڕێگاخۆشکەر بن بۆ داهاتوویەکی گەشتر بە قازانجی ژنان.

**پرسیار؛ بزوتنەوەی ژنان لە ئێستادا چۆن چالاکی دەکات و خاڵە بەهیزەکانی چین؟**

**وەڵام**: بزووتنەوەی ژنان تەنیا لە یەک ڕەهەند دا خۆی نابینێتەوە، ڕەهەندەکانی خەباتی ژنان لەگەڵ خەباتی گشتی نەتەوەیی لێک گرێدراون، خەباتی یەکسانیخوازی و مافە تایبەتیەکانی ژنان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی یەک لە ئەرکە گرینگەکانی بزووتنەوەی ژنانە.

لە خەباتی ڕزگاریخوازی دا بە هەزاران ژن و کچی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە تێکۆشانی سیاسی و لە خەباتی پێشمەرگانە دان و نموونە و پێشەنگی ئەو خەباتە جیا لە سەدان شەهیدی ژن کە لە سەنگەری بەرگری و خەباتی نەتەوەیی دا گیانیان بخت کردوە، شەهید بوونی دوو سکرتێری یەک بە دوای یەکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خاتوو نەسرین حەدداد و خاتوو سوهەیلا قادری کە لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە ڕۆژە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بەدەستی ڕێژیمی ئێران شەهید بوون نموونەی بەرچاوی ئەو بزووتنەوەن.

لە دوای شەهید بوونی ئەو دوو تێکۆشەرە، ژنان لە کوردستان بە بەرز کردنەوەی وێنەی ئەو شەهیدانە هاودەنگیو

هاوخەباتی خۆیان لەگەڵ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد دووپات کردەوەو بوێرانە خۆیان بۆ خەباتێکی نوێتر ئامادە کردۆتەوە.

خاڵە بە هێزەکانی ئەو بزووتنەوەیە، یەکریزی و یەکدەنگی ژنان و هەروەها لە مەیدان دا بوونیانە.

ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وەڕێخستنی سێمینار و پێکهێنانی بەرنامەی راستەوخۆ لە سوشیالمێدیا هەروەها پرۆگرامی تایبەت لە کاناڵە کوردیەکان سەبارەت بە پرسە کۆمەلایەتیەکان ئیش لەسەر گۆڕانکاری زێهنییەتی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن کە بەخاڵی بەهێزی ئەو بزووتنەوە بەئەژمار دێن.

**پرسیار؛ ئەکتەربوونی ئەو بزوتنەوە لە ئیستادا لە ئێران و کوردستان لەسەرشانی چ لایەن و کەسانێکە؟**

**وەڵام**: لە ئێران و کوردستان دا ڕێکخراوی جۆراوجۆر هەن و بە گشتی هەر ڕێکخراوەیەش جێگای تایبەت بە خۆی لە کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەیە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژنانی کورد بەشێکی بەرچاویان لە هیچ ڕێکخراوەیەک دا سازمان نەدراون، ئەوان بەدوای ویست و داخوازییەکانی سەرەتایی خۆیاندا دەگەڕێن و لە دەرفەتکانیش کەڵک وەردەگرن، ئەوەندەی پەیوەندی بە ژنی کوردەوە هەیە بەشێکیان لە گەڵ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە هەنو لە ڕۆژە تایبەتییەکانی کوردستان بەپیر بانگەوازەکانی یەکیەتیی ژنانی کوردستانەوە دەچن و کارو چالاکییەکانیان لەگەڵ داواکاری خۆیان و ئەو ڕێکخراوەیە لێکگرێدەدەن.

بە گشتی ژنان چ لە بواری سیاسی دا و چ لە بواری کۆمەڵایەتی دا وەک زۆربەی چین و توێژەکانی دیکە بە سەر حیزب و لایەنەکان دا دابەش بوون و کەمیش نین ئەوانەی کە سەربەخۆیانە و بەبێ ئەوەی سەر بە هیچ حیزب و لایەنێک بن کار بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و پرسی یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگە دا دەکەن.

ژنان لە دوایین هەڵوێستیان دا وێڕای پیاوان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی ئێراندا نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بە گشتی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد و نیشانیان دا کە توێژی ژن و پیاو ئەمرۆ لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستاندا بە دوای ویست و داخوازییەکانی خۆیان و گەلەکەیان دا عەوداڵن و هەنگاویان، هەنگاوی ئازادی

و یەکسانیخوازیيە.

جیا لە حیزب و ڕێکخراوە کوردیەکان کە بەداخەوە بەهۆی ئەوەی ڕێژیمی دژی گەلی ئێران مافی تێکۆشان و چالاکی لەنیوخۆ پێنەداون و لەدەرەوەی ئێرانن، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی دەتوانێ بزووتنەوەیەکی بەهێز پێک بێنێ وەرچەرخان بکا بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی ژنان، چونکوو لە کۆمەڵگەی مەدەنی دا پرسی شارومەندی دێتە پێش و لە دیسکۆرس و لێدوانی مافی شارومەندی دا مەسەلەی ژن خۆدبەخۆد مەترەحە و دەکرێ مافەکانی ژنان لە نێو ئەو ڕێکخراوە مەدەنیانە دا بەرجەستە بکەنەوە.
ژنان بەخستنە پێشی پرۆژەی خۆیان لە ڕێگای بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەدنی لە نیوخۆی ڕۆژهەڵات دەتوانن بەهێز بن و خواستەکانی خۆیان لە ڕێگای چالاکی لە ڕێکخراوە مەدەنیەکان دا بەروپێش بەرن و ببنە ئەکتەرێکی سەرەکی بزووتنەوەی نیشتمانی و یەکسانی.

**پرسیار ؛ گرنگترین خواستێک کە بزوتنەوەی ژنان دەبێ هەبێت و کاری بۆ بکات چییە؟**

**وەڵام**: لە سەردەمی ئێستا دا ویست و داخوازی ژنان هەمان ویست و داخوازی گەلی کوردە کە پرسی نەتەوەیيە، لەو نێوەش دا بەبۆچوونی من گرینگترین ویستەکان کە دەبێ بۆ داهاتوو کاری بۆ بکرێ جیایی دین لە دەوڵەت، یەکسانی لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگە دا، کاری وەک یەک، مووچەی وەک یەک، مافی وەک یەک.
ئەگەر جاران ژنان تەنیا باسیان لە مەسەلەی ژن بە ژنە و گەورە بەچووک و خوێن بەها دەکرد ئەوە پرسی دوێنیی ژنان بووە و ئەوەش گرینگی تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام بۆ ئەمرۆ دەبێ ژنان لە هەموو پرسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی دا شان بە شانی پیاوان لە مەیدان دا بن.

لە سەریەک پرسی ژنی کورد ئازادی بێقەید و شەرتە، واتە هەموو ئەو ئازادیانەی بۆ پیاو لە کۆمەڵگە دا هەیە پێویستە بۆ ژنانیش بێجیاوازی ڕەگەزی هەبێ و ژنانیش نەک نیوەی کۆمەڵگە بەڵکوو بەشێکی گرینگی ئەو کۆمەڵگەیەن و تا ژن لە بەند و باوی دین و پیاوسالاری و سوونەتی ڕزگاری نەبێ کۆمەڵگەش ڕزگاری و ئازادی بەخۆیەوە نابینێ.
لە کۆتایی دا سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە و بەهیوام ژنان هەر وەک چۆن لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی دا بەشدار بوون، هەر ئاواش لە بەرێوەبەری و لە حکوومەتداریو دەسەڵات لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەشداربێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠٢٠

## چەند وتەیەک لەمەر کارو چالاکییەکانی هاوڕێ ڕەحمان نەقشی

**لەوانەیە لە ئێستا دا ئەو خزمەتەی کاک رەحمان زۆر دیار نەبێ بەڵام بەدڵنیاییەوە لە داهاتوو دا زەحمەتەکانی بەرێزیان دەبنە سەرچاوە و لەداهاتوو دا کەڵکێکی زۆریان لێوەردەگیرێ...**

سەرەتا سوپاس بۆ جەنابت کە منت بۆ باسێک لە سەر کارەکانی خۆت هەڵبژاردووە و دواتریش هیوای سەرفەرازی زیاترت لە کار و ئەرکی مێدیایی و شەخسیەکانت دا بۆ بەئاوات دەخوازم.

دوای ئەوە ئینترنێت و دونیای مەجازی پەرەی ستاند و نووسینە دەست خەتیەکان و وێنەی نەگەتیڤ جێگای خۆیان دا بە کیبوردی نووسین و وێنەی دیجیتاڵی دونیای نووسین و وێنەش ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هات.

کاک رەحمان نەقشی یەکێک لەو کەسانەیە کە هەر زۆر زوو توانی لەگەڵ دونیای ئینترنێت و ڕۆژنامە ئێلکترۆنی و ماڵپەرەکان خۆ بگونجێنێ و بە درووست کردنی پۆستێر و کۆکردنەوەی نووسینی نووسەران و یا کۆکردنەوە بابەت لە سەر ڕۆژە مێژوویی و کەسایەتیەکان هاتە نێو دونیای ڕۆژنامەی ئێلکترۆنی و بە گشتی بوو بە یەکێک لەو کەسانە کە بەردەوام لە بیری دەوڵەمەندکردنی ئەو بەشە دابێ.

یەکێک لە خاڵە هەرە دیارەکانی نامیلکە و کۆکراوەکانی کاک ڕەحمان، بەردەوامی کارەکەیەتی، بە گشتی لە ڕۆژ و حەوتووەکانی ساڵ دا کاک ڕەحمان بە بێ پشوو خەریکی داڕشتن و دیزانی نامیلکەکانیەتی و هەوڵی داوە کە بە ماڵپەرە کوردیەکان و لاپەرە ئینترنێتیەکان و لاپەرە شەخسیەکانی فەیسبووک دا بگەڕێ و ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدار بە کەسایەتی و یا ڕۆژە مێژوویەکانن کۆ بکاتەوە.

خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنجی کارەکانی کاک ڕەحمان ئاماژەو نووسینی سەرچاوەی بابەتەکانە ئەوەش پاراستنی زەحمەت و کاری ماڵپەڕەکان و نووسەری بابەتەکانە هەروەها ئەوە کە بە تەنیا و بێ هاوکار ئەو ئەرکەی وەئەستۆی خۆی گرتووە کە بێشک کاری گرووپێک و تەنانەت ئۆرگانێکی وەک ڕاگەیاندنە، بەلام کاک ڕەحمان بە تەنیا و بە ئیمکاناتێکی سادەی شەخسی خۆی و خۆبەخشانە بەڕێوەی دەبا.

بێشک کاری لەو چەشنە بێ کەم و کوڕی نابێ، بەڵام بە هەوڵی کاک رەحمان و خوێنەران ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو باشتر بوون دەچێ.

لەوانەیە لە ئێستا دا ئەو خزمەتەی کاک رەحمان زۆر دیار نەبێ بەڵام بەدڵنیاییەوە لە داهاتوو دا زەحمەتەکانی بەڕێزیان دەبنە سەرچاوە و لەداهاتوو دا کەڵکێکی زۆریان لێوەردەگیرێ بۆیەش دووبارە وەبیر بەڕێزیان دێنمەوە کە دەبێ لە هەڵبژاردنی بابەتەکان و نووسراوەکان دا زۆر دیقەت بکا و لە بە نامیلکە کردنی هەموو شت خۆی ببوێرێ.

وەک خۆم سوپاسی زەحمەتەکانی کاک ڕەحمان دەکەم و هیوای سەرکەوتنی زیاتری لە کارەکانی دا بۆ بەئاوات دەخوازم. لە کۆتایی دا بە هۆی ئەوە بۆ خۆم شارەزایی زۆرم لە سەر کاری مێدیایی و نووسین و وەرگێران بە شێوەی زانستی نییە، هەر بۆیە ناتوانم لە سەر هەموو کارەکانی کاک ڕەحمان بە وردی بنووسم..


بە هیوای سەرکەوتن زیاتر بۆ بەڕێزیان

لەگەڵ ڕیز و حورمەت

شلێر حەسەن پوور

١٨ی مارچی ٢٠١٩

## مانگی ڕەمەزان و کولیچەکانی دایکم.



کاتێ لە مانگی رەمەزان نێزیک دەبووینەوە دایکم دەستی دەکرد بە کولیچە کردن، هەموو ٢٧ی مانگی رەمەزانیش کۆلیچەی دەکردن و دەیبەشینەوە. وەک خۆی دەیگوت بۆ ئاسوودەیی روحی" دایک و بابم تا ماوم بەدەستی خۆم خێریان بۆ دەکەم." دیارە ئەو خێر و بەخشینەوە هەر کولیچە نەبوو بەڵکوو هەموو خواردنێکی تەڕ و ویشک و تەنانەت حاجەتی ماڵێشی دەگرتەوە.

دایکم ژنێکی دیندارو دڵسەخاوەت بوو، کاتێ نانی تەندووری دەکرد بۆ هەموو جیرانەکانی دەناردو دەیگوت: نانی گەرم بۆنی تایبەتی هەیە ئەگەر بۆ جیرانەکانمی نەنێرم گوناحبار دەبم.

ئەوجا ئەگەر کولیچەی کردبایەن هەر ئیسراحەتی لێ هەڵدەگیرا چونکوو کولیچەی بۆ هەموو خزم و ئاشنا و دەرو جیرانان دەنارد، بۆیە کاتێ کولیچەی دەکردن دووسێ رۆژ پێش بیرو فکری ئارد دابێژتن و ئامادە کردنی پەڕەمێزو گاز و تاوەو کاسەو کەوڵ بوو.

لەو نێوەش دا ئەمن وەک پەیکێک دەبوو هەر لە هاتووچۆ دابم.

لە بەر ئەوەی ماڵەکەمـان دوو نۆهـۆم بـوو بـۆ هێنـانی حاجەتێـک دەبـوو هەرجـارەێ دوازدە پلیکـان چوبـایەمە خـوار و هاتبایەمەوە سەرێ. ئەوجار باسی ئەوەش ناکەم کە لە رۆژێدا چەند جار لە بەر کەم هۆشی یا بەدشانسی لە پلەی دووهەم تا ئاخرین پلیکان غلۆر دەبوومەوە یا لەکاتی سەرکەوتن و پەلە کردن بەتایبەت لە کاتی چاو لێکردنی فیلم یـا بەرنـامەی منداڵان چەندسەد جار لوولاک و ئەژنۆم بە لێواری پلیکانەکان دا کەوتوەو ڕەش و شین بـوونەوە و لە نەهـایەت دا بەوسەرو خوار کردنە چەندە بێزار دەبووم.

ماڵی مامم لە تەبەقەی خوارەوەی ماڵی ئێمە دا بوون، زۆر جار ئامۆژنم دەیگوت تەقەی لاقەکانت دەناسمەوە کـاتێ بەپەلە و بەهەڵاتـن لە پلیکانەکـان دێیەخـوار و بەپێکەنـین دیگـوت ئەتـۆ هەمیشـە بەپەلەیـی و هەر هەڵـدێی بـۆیەش هێنـدە بەردەبیەوە.

منیش دەمگوت ئامووژن جا چاک نییە ئێوە لە حەساری ئێمەدا دەژین ئەگەر ئەتۆ لێرە نەبـایەی ئەمن دەمردم، چۆن بەحەق ئەگەر ئەو یـارمەتی دایکمـی نەدابـایە هەم مـن و هەم دایکـم بەو هەمـوو میـوان و هـاتووچۆیە هـیلاک دەبـووین. ئـامۆژنم تـابڵێی ژنێکی سـادە و پـاک بـوو، دایکـم و ئـامۆژنم وەک دوو خوشـک وابـوون و بەبێ یەکتـر نانیـان نەدەخـوارد. ئـامۆژن بـۆ هەمـوو بەرنـامەرێژی و ئامادەکاریەکـان وەک دانـانی خەیارشـۆر، ترشیات و دروست کردنی مرەبـا هتـد لە کـاتی هاوین و پاییز دا هاوکاری دایکمی دەکرد.

ئەو ژنێکی تـا بڵێی رووخۆش و قالب سووک و ئازا بوو.

بە سـەرمای زسـتان و گەرمـای هـاوینێ لە بەرەبەیـانی ڕا کە هەڵدەسـتا تـا شـەوێ پشـووی نەدەداو بەشـێک لەو کـارانەی دەکەوتنە سەرشانی منیش ئەو ڕایدەپەڕاندن.

بۆ کاری هەرەوەزیش ئەوە هەر باسی ناکەم کە چەندە قالبسووک بوو.

لە رەمەزانـان دا و لە کـاتی نـان کردن، دایکم و ئـامۆژنم ئیسراحەتیان لە هەمـووان تێک دەدا بەتەقەتەق و دەنگەدەنگی کاسە و کەوڵ.

ئەوان پێش پارشیو کردن دەستیان دەکرد بە هەویر شێلان و لەگەڵ دەنگی بانگی بەیانی وەخۆدەکەوتن.

ئەوجار دەنگی پەڕەمێز و دەی پەمی دە و دەرزی دە دوو گەرک ئەولاتر دەبیسترا.

بابم کە بەدەنگی سرتەش خەبەری دەبۆوە تووڕە دەبوو دەیگوت " هەی قالب و ساغ نەبێ ناهێڵن تاوێک بنووینەوە"
لەولاوە دایکم لە وەڵام دا دەیگوت:

ئەدی بۆخۆت ئیسراحەت دەکەی و ئێمەش ئەگەر ئێستا بە فێنکی دەستپێنەکەین دەکەوینە گرمای نێوەڕۆو بەزمانی بەڕۆژوو دەمرین، ئەو هەویر و نانەش هەموو خەرادەبێ.

ئێستا کە ئەو دێڕانە دەنووسم سیمای ماندوو، بەڵام پڕ لە مێهرەبانی دایکم و باجە ئایشێ و ئامۆژنم لەپێش چاوە. هەر تاریک بوو کاتێ دایکم دەچوو سەر تەندوور و دۆشەگەڵە ڕەشە چکۆڵەکانی کە بەدەستی خۆی بە تەقەڵی گەورە تەریبی دابوون ڕایدەخستن و بۆ ئەوی چاوەدێری بە سەر هاتوچۆی هەمووان داهەبێ بەرامبەر بە دەرگای حەساری ماڵێ دادەنیشت و لەگەڵ باجە ئایشێ دەستی دەکرد بە ئەنگوتک گرتن.

لەسەرخۆ یەک بە یەکی ئەنگوتکەکانیان دەگرتن و دواتر پارچە تەڕە سپیە خامەکانیان بەسەر دا هەڵدەکێشان. ئیدی هەر لەو کاتەوە کە باجە ئایشێ دەهات شۆخی و گاڵتە و گەپیان دەست پێ دەکرد، ئەمنیش کە حەزم لەو بەزمە بوو لەسەر تەندووری لەتەنیشتیان دادەنیشتم.

زۆر جار باجە ئایشە دیبزواندم و پرسیاری لێدەکردم منیش بە سادەی منداڵانەی خۆم وەڵامم دەدایەوە ئەوانیش بەوەڵامەکانی من قاقا پێدەکەنین.

بەراستی ئەو کات نەمدەزانی بۆچی بە قسە کردن و بۆچوونە سادەکانی من پێدەکەنین.

ئەوان شتی سەیریان لێ دەپرسیم و ئەمنیش بەجیددی و باوەڕ وەڵامم دەدانەوە.

باجە ئایشێ کە ژنێکی شۆخیبازی گەڕەکەکەمان بوو لێدەپرسیم ئەگەر گەورەبووی دەبی بەچی منیش دەمکوت: دەبم بە مامۆستا و قەت بە قوتابیەکانم نائێم لە ماڵێ تەکالیفان بنووسنەوە.

وەک دایکم دەگێڕایەوە، جارێکیان کە پۆلی یەکەمی سەرەتای بووم دادەنیشم و هەموو دەفتەرەکەم دەنووسمەوە و کاتێک دایکم لێم دەپرسێ ئەوە هەر تەواو نەبووی من لە وەڵام دا دەڵێم:

ئەمن ئەورۆ هەموو کتێبەکە دەنووسمەوەو خۆم خەڵاس دەکەم بۆ ئەوەی کاتی یاری کردنم هەبێ.

هەر ئەوە لەنێو بنەماڵەی ئێمە دا وەک جۆکی لێهاتبوو هەمووان دەیانگوت وەک شلێر دەکەین و بەیکجاری خۆمان خەڵاس دەکەین.

هەر بۆیەش باجە ئایشێ پرسیاری لێدەکردم کە چۆن دەستم بە مەدرەسە کردوە چۆن دەرسم نووسیونەوە و ئینجا بە وەڵامەکانم پێدەکەنی.

منیش بەرامبەر بە ئامۆژنم دادەنیشتم هەر چاوم لە دەستی دەکرد کە چۆن پەڕەمێزەکەی دادەگیرساندو یەک بەیەک کولیچەکانی بەدەستی دەتەکاندن و لە تاوە ڕەشە گەورە پڕ لە ڕۆنەکەدا هەڵیدەسووڕاندن.

ئیتر دەنگی قرچە قرچی ڕۆن و بۆنی کولیچە ئەوسەر ئەوسەری کۆڵانی دادەگرت، هەر بۆیە دوانیوەڕۆ کە لە کولیچە کردن دەبۆونەوە من و نەسرین (کچی خاڵم) کە زۆربەی کاتەکان لە ماڵی ئێمە بوو یەک یەک و دوو دوو دەستە کولیچەکانمان بۆ جیرانەکان و خزمان دەبردن.

کاتێک هیلاک و بێتاقەت دەبووم و گلەییم لە دایکم دەکرد و دەمگوت ناچم بەناچار خۆی چارشێوە پنۆک پنۆکە سپی و ڕەشەکەی لە ملی دەهاڵاند و دەستەوارە کولیچەکانی لەبن هەنگڵی دەگرتن و بە تووڕەیی دەیگوت: ڕۆڵە ئەتۆ بۆ ئەو خێرە بەنەسیبی خۆت ناکەی؟

زۆر چاک لە بیرم نییە چ ساڵێک بوو بەڵام دەزانم مانگی ڕەمەزان بوو، کە دایە داوای لێ کردم کولیچە بۆ ماڵێکی جیرانمان ببەم کە تازە هاتبوونە گەڕەکێ.

ماڵی ئێمە لە سەردەشت ئاوا هەڵکەوتووە کە لە دوو لاوە ئازادە بەڵام لایەکی بە ماڵی مامەوە نووساوە و لایەکەی تری بە ماڵی کاک ناسر جەنگدووست, وە نووساوە دیارە چۆن ماڵی ئێمە و ماڵی مامم وەک بەشە میرات وەبەر بابم و مامم، (

حاجی برایم ) کەوتوە، ماڵێ کاک ناسریش هەر بەو شێوەیە لە نێوان کچ و کوڕەکان دا دابەش کراوە و دەستەیەک لە خانووبەرەکە کاک ناسر و خێزان و منداڵەکانی تێدا دەژیان و دەستەکەی دیکە کە وەبەر کچەکان کەوتبوو بەکرێ دەدراو هەر جارە ماڵێکی بۆ دەهات.

هەرچەندە دەرگای هاتووچۆی ئەوان بە کۆڵانی لای بانکی سادرات یا وەک قەدیم دەیانگووت کۆڵانی ئەسحابە دا بوو بەڵام لەبەر ئەوەی دیوار بە دیوار بووین گوێمان لە هەموو دەنگ و هاتوچۆی یەکتر دەبوو.

دایکم بە هاتنی جێرانە تازەکەمان گەلێ دڵخۆش بوو و دەیگوت: رەبێ بەخێربێن گەڕەکیان ئاوەدان کردۆتەوە، لەوەتا ئەو جیرانەمان هاتووە بە دەنگی سڵاوەت و قورئانی پیرۆز حەساوەمەوە، دوایش دەستی دەکرد بە گلەیەیان و دەیگوت بەناشکوری نائێم لە ماڵێ ئەو منداڵانەی من قەت جارێک نەوارێکی بەدڵی من دانانێن.

ئەوەش زیاد کەم کە دایکم، جیا لە دەنگی قورئان حەزی زۆر لە دەنگی ئۆمەر دزەیی و مەزهەر خالقی بوو. بەڵام وەک کوتم دەنگی قورئانی زیاتر بەدڵ بوو. هەربۆیەش پێداگری دەکرد کە دەبێ کولیچە بۆئەو ماڵە بنێرێ. ئەورۆژە دایکم وەک عادەتی هەمیشەیی گوتی:

دەبێ بچی کولیچە بۆ ئەو ماڵە جیرانە تازەمان ببەی.

هەر چی گوتم دایە گیان ماڵێ کاک ناسر لە ورمێ،ن و ئەو ماڵەش ناناسین بێسوود بوو و دەیگوت رۆڵە دیوار بە دیوارین و بۆنیان بۆ چووە نەفس چی بەناسین داوە، هەر لەبەردەگایی کولیچەکانیان دەیەو وەگەڕێ.

لەبەر ئەوەی ئێوارە بوو نەمویرا بەتەنێ بچم و بە ئامۆژنم کوت لەگەڵم بێ ئەو ژنە فەقیرەش لە بەر رێزێک کە بۆ دایکمی هەبوو لەچکەی لەملی گرێدا و وەپێشم کەوت.

بۆ ئەوەی کۆڵانی سەرچاوێ کە مەیدانی سەرەکی و ناوەندی شار بوو نەگرینەوە کە نەکا خواینەکردە کەسێک ببینێ کە بەو ئێوارە لە دەرەوەین بە کۆڵانی بانکی سادرات دا نەچووین بەڵکوو بە لای پشتەوەدا واتە بە کۆڵانی ماڵێ عەبەی مەلەکێ یا ماڵێ میرزا فەتاح فەتاحی دا چووین کە کولانی چاکە چکۆلەشیان پێ دەگوت.

ئامۆژنم دووربەدوور ڕاوەستا و گوتی دەی ئەوە من لێرە رادەوەستم تۆش بچۆ.

لە دەرگای ماڵی کاک ناسر نێزیک بوومەوە و لە دەرگام دا و ماوەیەک چاوەڕوان بووم کەس نەهات.

دووبارە لە دەرگام دایەوە، زۆری پێ نەچوو گوێم لە دەنگی پێی کەسێک بوو کە بەرەو دەرگایەکە دەهات.

کەمێک خۆم کۆ کردەوە و لە خەیاڵم دا خاتوونێکی رووخۆش دەرگای کردەوە دەنگی کێشانی قفڵی دەرگا خەیاڵی پچڕاندم، دەرگا کرایەوە و پیاوێک بە کەواو پانتۆڵێکی ڕەشی مرادخانی کوردی و ڕیشێکی درێژی ڕەشی تێکهاڵاو بە سەرو جەمەدانەوە کە وێ دەچوو ٤٢ یا ٤٥ ساڵە بێ لەبەر دەمم راوەستا و گوتی فەرموو دایکی دایکم چیت دەوێ.

ئەمن کە چاوەڕێ بووم خاتوونێک دەرگام لێ بکاتەوە کەمێک دەست و پێی خۆمم وەن کردن و بە شێواوی سڵاوێکم کرد و کوتم ئەوە کولیچەی تازەن دایکم بۆی ناردوون، کولیچەکانم دانە دەستی کابرا و بە پەلە رویشتم بۆ لای ئامۆژنم. نازانم چیم گوت بەڵام لەبیرمە ئەو پیاوە بە جێگای وشەی سوپاس گوتی( ڕەحمتی خوای لێ بێ و خوا بەخێری بنووسی ) لە شێوەی قسە کردنەکەی ڕا زانیم کە خەڵکی باشووری کوردستانە. بە ئامۆژنم گوت ئەوە وەک فەقێ قسەی کردن.

ئامۆژنم گوتی گوێم لێبوو بەڵام فەقێ لە خانووی خانەقایەدان ئەوانە نابێ فەقێ بن.

لە ڕێگای ماڵێ دا هەر بیرم لە شێوەی قسە کردنی ئەو پیاوە دەکردەوە و بۆم بوو بە پرسیار کە ئەوە کێ بوو؟؟ بە ئامۆژنم گوت لەوانەیە مەلای مزگەوتی گەڕەکی سەرچاوێ بێ، ئامۆژنم پێکەنی و لە وەڵام دا گوتی: نانا لە مەلا نەدەچوو، مەلا مەندیلی سپی لەسەر دەکەن ئەو کابرایە جەمەدانەی لەسەر بوو.

کە گەیشتینەوە ماڵێ لە لەگەڵ ئامۆژنم، دایکم هەر لە حەسارێ بوو.

- گوتی: هاتیەوە؟

- چاکت کردوە هاجەر،ت لەگەڵ خۆت بردوە.

- دوایی پرسی گوتی لەوێ بوون:

گوتم: بەڵێ

پیاوێکی ریش درێژی ئیسلامی دەرگای کردەوە.



کە ئەوم گوت، دایکم کەمێک ڕاما و چاوێکی لە ئامۆژنم کرد بۆ ئەوەی بزانێ ئامۆژنم قسەکەم پشتڕاست دەکاتەوە. ئامۆژنم گوتی بەخوای براژن پیاوێکی ڕیشدرێژە دەرگای لێکردەوە.

دایکم کەمێک مات بوو و دوای گوتی کچێ ئەگەر چووینەوە سەرێ نەکا باس بکەی کە نان و کولیچەت بۆ ئەوماڵەی بردوون.

بەخواڵای عەلی بزانێ فەقێن یا مەلان لەگەڵم بەشەڕ دێ

سی ڕۆژی مانگی ڕەمەزان ئەوان بانگیان دا و سڵاوەتیان لێ دان و دایکم و ئامۆژنیشم لە حەساری دادەنیشتن و چاویان لە

ئەستێرانەوە بڕی و لەگەڵ وان سڵاوەتیان لێدەدان.

ڕەمەزان و شەشەکان ڕویشتن و دەنگی سەڵا و بانگیش لە ماڵێ جیرانێ بڕا.

جار جارە دەنگی عەی و عۆیەک دەهات کە بەڕاستی نازانم زکریان دەکرد یا شتی دیکە.

ئەوجار لە جێگای دەنگی قورئانی پیرۆز دەنگی گۆزەکوتان و گۆرانی سیت فاتیمە و سۆیبەباڵابەرز تا کۆڵانێ ئەو بەری دەهات. ئەوجار من و کچێکی جیرانمام هەر لە حەسارێ بە دەنگی گۆزە کوتان و سۆیبە باڵابەرز سێپێیمان دەگرت دەورادەوری حەسار چۆپیمان دەکێشا.

تا ڕۆژێک کە لە سەر سفرە دانیشتبووین و نانی نیوەڕۆمان دەخوارد، بابم گوتی: دەزانن ئەو ماڵەی جیرانمان بۆتە بنکەی ئیسلامی؟؟

ئەورۆ کە بە هەڵکەوت بە کۆڵانێ دا چوومە خوار دیتم تابلۆیان لەسەر دەرگای داوە و نووسراوە "بنکەی برادەرانی ئیسلامی .... وەک دەڵێن خواردنیان لە پادگانی ڕا بۆ دەچێ.

بابم گوتی بەفەخری عالەم مادام جیرەخۆری مەلایانن لێیان دڵنیا نیم و لە بەرخۆیە گوتی: حکومەتی مەلایان نانی بە خۆرایی نادن بەکەس، هەر خوا دەزانێ ئێستا کە دانەخۆرەیان دەکەن دوایی بۆ چ ئامانجێک بەکاریان دێنن. کاتێ دایکم گوێی لەوبوو بانگی کردمە ئاشپەزخانەکەو، گوتی:

کچێ نەچی لە لای بابت باس بکەی و بڵێی کولێچەم بۆ بردوون بەخوای عەلی ئابڕووم دەبا، لە دنیایە دا ڕەقی لەو ئیسلامیانەیە.

گوتم نا دایە خۆ منداڵ نییم هێندە ئەوەم پێ دەڵێی.


یادی بەخێر هەر جارە کە دەمویست ئەزیەتی بکەم دەمگوت وەڵا بەبابم دەڵێم هەر جارێ و دوو دەستەوارە نان و کولچییەت بۆ ئەو ئیسلامیانە ناردووە.

ئەویش پێدەکەنی و دەیگوت وەڵا دمت دەبڕم.

یاد و بیرەوەریەکانتان لە دڵ و دەروونم دا زیندوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٩

## بە سەر هاتی گوڵێ.



بەرەبەیانی زوو بە دەنگی کاڵێ وەخەبەر هاتم، هاتبۆ لای دایکم و وەک هەمیشە زووخاوی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشت. ئەو لێک لێک قسەی دەکردوو دەیگوت: ئەی ئەمن چەند بەدبەختم دوای مردنی دایک و بابم قەت نەحەسامەوە.

ئەو زۆری دەگوت و کەمی گوێ دەگرت، بۆیە زۆرم نێوان لەگەڵی نەبوو، هەر بۆیە لێفەکەم بەسەری خۆم دادا و گوێم لە سەر سەرینێ کپ کردن بەڵام دەنگی بۆڵەبۆڵەکەی هەر دەهات.

هەرچی کردم لەبەر دەنگە دەنگێ خەوم لێنەکەوتەوە ، بۆیە بەتووڕەیی هەستامە سەرپێ تا پەنجەرەی ژوورەکەم داخەم، کە ڕووانیمە حەسارێ، دیتم کاڵێ قوونی وەسەر لەتکە تەلیسە کۆنێکی دابوو و لەبەر سێبەری دارێ مێوی حەوشەی ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە، جار جارەش تووک و دوعای لە مام و ئامۆژنی دەکردن و دەیگوت ڕەبی نەحەسێنەوە لەو خانووبەرە دا، هەرچی خۆڵ و تەپ و تۆزە دێتە ماڵی من و سەر سەری من.

دەی پرتاند و دەگریا و بە لەچکەی سەری چڵم و فرمێسکەکانی دەسڕینەوە و دەیگوت کچێ پوورێ گیان خێرت دەگاتێ بەهاوارمەوە وەرە، ئەمن سەد کونی دیکەم لە جەرگی دایە خەفەتی گوڵێشی هاتۆتەسەر.

دایکم کە هەمیشە پڕکار بوو ، پانتۆڵە خەتخەتە قاوەیە کۆنەکەی جۆشکاری کاکمی هەڵکێشابوو و لەچکە ڕەشەکەی ملی توونـد لە نێوچـاوانی گـرێ دابـوو، لەسـەر حەوزی مـاڵێ قـاپ و کەوچکـی دەشـتن و سیمی لێـدەدان و ئاوکێشـی دەکـردن، بەجۆرێـک کە کـرەی لە پیـاڵەو پەرداخ و ئستیکانەکان دێنـا و تـاو تـاوە سـەری هەڵـدەبڕی، چـاوێکی لە کـاڵێ دەکـردو لەسەرخۆ دەیپرسی و دەیگوت ئەددەی گوڵێ دەڵێ چی؟!!

کـاڵێ کە یەک بین قسـەی دەکـردن و نـۆبەی دایکمی نەدەدا، گـوتی: سـەری لە قـوڕێ نـێ، ئەوە لە مـاڵی ئـێمەیە بـاپیرم وەدەرێی ناوە، گوتوویە: با نەسرین نەزانێ دیسان شەڕیانە.

دەنا ئەویش منداڵان بەجێدێڵێ، ئەو لەگەڵ ئەحمەدی چ بەزمیان نین و دەگەڵ ماڵ و منـداڵی خـۆی سـەری پێکەوەنـاوە و بـا بەزم و هەرایان بۆ نەنێتەوە.

سەربەقوڕەش هاتووە لە ماڵێ من دانیشتووە. پـوورێ گیـان هەمـووی مانگێـک نییە ئاشـتیان کـردوونەوە و چۆتەوە ، کەچـی دیسان ئەوە ڕۆیشتووە دەڵێ پێوەی دانانیشم.

کچـێ پـوورێ دوێنـێ مێـردەکەی لە مـاڵێ ئـێمە وەبەر گۆچانـانی دا، بەحـاڵی سـەگیم لەبەر دەسـتانی هێنـایەدەر یەک دوو گوچانیشیم وەسەرو گێلاکان کەوت.

کاڵێ کە تـا ئێستا بەدەنگی بەرز قسەی دەکردن، دەنگی کز کردوو بەسرتە کوتی کچـێ پـوورێ قسـەی خۆمـان بـێ تۆخـوا بـا کەس نەزانێ، مێردەکەی دەڵێ گوڵێ دەستی لەگەڵ کوڕە گەورەکەی تـێکەڵ کـردوە هەر بـۆیەش دوێنـێ ئـاوا وەبەر گۆچانـانی دابوو.

دایکم گوتی: ئەستەغفیرەڵا!

چۆن شتی وادەبێ کچێ؟

کاڵێ: بەقەبری بابم، مێردەکەی دەیگوت بۆخۆم بەسەریان دا چووم.

دایکم: ئەی قەتکەسم!!

کاڵێ: پووریێ بەو قورعانەی پێم وایە مێردەکەی درۆ ناکا.

کچەتیوە دەیگوت: ئەگەر هەر ژن بەژنەیان پێدەکردم دەبوو بمدەنە یەک لە کوڕەکان، ئەو سەپیرە کوا بۆ مێرد دەبێ.
دایکم: جا ڕۆڵە مادام ئاوایە ئەمن بێم چی پێ بڵێم؟

کاڵێ: بەخودای بزانم ئەو قسە راستە وەدەری دەنێم، ئابڕوومان دەچێ.

دایکم: بەزیادم نەکرد ژیانی ژن بەژنەی هەر وایە. لەسەر ئایشێ ڕا نەدەبوو ژن بەژنەی بە گوڵێ بکەنەوە.

ئەو کچۆڵە جوانەی ئایشێ، ئەوە بازەڵەو مەچەکی بوون، سپی سپی دەتگوت بەفری سپین. بەدەستی خۆیان کوشتیان.
چ خودا هەڵدەگرێ!

ئاخر منداڵی بەستەزمان بڵێ چی!

لاڵ بم دایکم و پوورە گەوەر،یش (گەوهەر) ئاوایان لە ئامینێ خۆشکم کرد، خۆ ئامینێ خوشکم ژنبەژنەی پێنەکرا بوو دایکم لە داخی دشێ، لەداخی پوورە گەوەرێ هەر کە منداڵەکەی بوو نەیهێشت مەمکی لە سەر زاری دانێ.
کە منداڵەکەی بوو لە پەڕۆیێکییەوە پێچا و بۆی ناردنەوە ماڵێ، دوای چەند رۆژان کچە مرد.

کاڵێ : پووریێ بۆخۆت نازانی ئەحمەدی دەبەر باپیرمی هەڵپێچابوو بۆ ژنێ.

فەقێرە باپیرم چ ماڵ و ملکی نەبوو بۆی بدا بەژن گوڵێ،ش تەڵاق درابوو هاتبۆوە سەرماڵێ، باپیرم گووتی بۆخۆم لە پەلان کەوتووم و تازە چم پێنەماوە ئەگەر بۆ ئەحمەدی بەژن بدەم.

بەڵام پووریێ قسەی خۆمان بێ گوڵێ،ش ناحەقی نییە، مێردەکەی عەمری لە عەمری باپیرم دایە.

لەنەکاو دەنگی دەرگای حەساری هات، بۆیە کاڵێ بێدەنگ بوو.

دەنگی حاجی ژنێ جیرانمان هات، ئەو بەپەلە سڵاوێکی کرد و گوتی: خات فاتم ئەرێ بۆ حاجەتێک هاتووم نازانم لات دەست دەکەوێ یا نا؟

دایکم: حاجەت؟ وەک چی خوشکێ؟

حاجیژن: وەڵا قابڵەمەیەک و چەند دەنکم لیمۆ عەمانیم دەوێن.

دایکم: بەسەرچاوان.

دایکم هاتە ژووری و قابڵەمەکەی لەبن هەنگڵی گرت و دەرگای کومێدی گازی کردوە و دەستی دە سەتڵان دەگێرا، هەر لەبەر خۆشیەوە دەیگوت دەبێ لە کوێم هاویشتبن؟!

تاوێک بێدەنگ بوو، وا دیار بوو ئەوەی دەیویست لە سەتڵەکاندا دیتبویەوە.

دایکم لیمۆی ویشک و قابڵەمەی بۆ حاجیژنێ دەبردن کە بابم وەژوورکەوتەوە گوێم لێبوو گوتی فاتم دەزانم ماستمان هەیە بەڵام ئەوە ماستی پوور ئامینێیە بۆسۆی لێدێ.

ئەتۆ لێی بخۆ!

ماستی مەڕانە!

لەولاوە براژنم سەری لە پەنجەرێ وەدەرنا و گوتی: خاڵە دا با تونگە ماستکە ببینم ئەگەر سەرشیرەی سەر تونگەکەی خاوێن بێ ئەمن تونگێکم دەوێ.

بابم: زەمانەتی سەرشیری ناکەم بەڵام ماستەکەی تا بڵێی خۆشە ماوەیەکە لە ئامینێ ماستی دەکرم چ عەیبی نییە. ئەگەر

ئەتۆش لێی لە بەهانە بی قسەم نییە.

دایکم تونگە ماستەکانی بەتاڵ کردن و ئاوی تێوەردان و بابمی بەڕێ کرد.

ئەوجار ڕووی لە کاڵێ کرد و گوتی دەرنایمە ماڵێ، ئەتۆ بچۆ گوڵێ لەگەڵ خۆت بێنە ئێرە.

هەر کە دایکم ئەوەی گوت، کاڵێ هەلینگی دا و ڕۆیی.

زۆری پێنەچوو کاڵێ و گوڵێ بەجووت وەژوور کەوتنەوە.

دایکم کە لە قاپ شتنێ ببۆوە وەپێشیان کەوت و بە پلیکاناندا وەسەر کەوتنە سەرێ.

ئەمن کە سەرەتای قسەکانم گوێ لێ ببوو زۆر تامەزرۆ بووم هەموو بەسەرهاتەکە ببیسم. بۆیە بەپەلە بەدوای ئەواندا چوومە سەرێ.

دوای من خۆش و تۆ خۆشێکی زۆر دایکم و گوڵێ دەستیان کرد بەقسە کردن.

دایکم: گوڵێ ڕۆڵە ئەوە بۆ دیسان لەگەڵ مام ..... تێک چوون؟

گوڵێ بەشەرمەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: پوور فاتم ئەمنیان بەدبەخت کردوە لەگەڵ ئەو پیرەسەیە.

بەهوێ قورئانێ مام عەلی لەسەر ڕانی ڕاستی داناوە ، هەموو ئیشی ماڵێم لەسەر شانە، مانگا و گۆل و تەویلە و بەرو هەیوان هەر بۆخۆم خاوێنی دەکەمەوە، چێشت و نانێش هەر بۆ خۆ دەکەم، کەچی ئەهوێ سەپیرێ هەر وەبەرشەق و گۆچانانم دەدا.

دایکم: دەک دەستی شکێ جا بۆ لێتدەدا؟

گوڵێ: جا چزوانم پوور فاتم.

گوێم لە لوشمە لوشمی بوو، دیار بوو دەگریا و دایکم دڵخۆشی دەدایەوە.

دایکم: باشە گوڵێ مام.... گوتوویە نێوانت لە گەڵ کوڕەکەی هەیە؟ ڕاست دەکا؟

گوتوویە لە تەویلەی دا بەیەکەوەی گرتوون؟

ڕاستە؟

گوڵێ: ئەرێوەڵا

دایکم: خوایە تۆبە چۆن شتی وات کردوە؟

ڕۆڵە تۆ منداڵت لەو پیاوە هەیە.

گوڵێ: وەڵا منداڵ، منداڵی ئەهوێ پیرەسەیەی نییە.

دایکم: ئەی منداڵی کێیە؟

گوڵێ: پوور فاتم ئەو پیرە سەیە چی پێ ناکرێ وەڵا منداڵی مارفی کوڕیەتی؟

ئەوەندێ لەگەڵ مارف بووم ئەوندە لەگەڵ مام...... نەبووم.

دایکم: ئەستەغفیرەڵا، خوایە تۆبە.

چۆن کاری وات کردوە؟

گـوڵێ: مـارف هێنـدەم بـۆ چـاکە، هێنـدەم بـۆ چـاکە هەر جـارێ دەیـتە شـاری کراسـم بـۆ دەکـڕێ و دیـاریم بـۆ دێنـێ. دەبوو لەجیاتی بمدەنە ئەو سەپیرە بیاندامایە مارفی.

دایکـم: کچەتیـوە گـوڵێ ئەوت لەلای مـن درکانـدوە لای کەسـی دیـکە باسـی نەکەی و بڵێـی منـداڵەکەم ئـی مـارفی‌یە. ڕۆڵە مام ڕەسووی بابت گوناحە تووشی خەفەتانی مەکە.

گوڵێ: گووی بەڕیشێ و گەرنێ ئازا نەبێ.

بەخودای گەردنـی هیچـان ئـازاد نـاکەم نە ئـی ئەحمەدی بـرام و نە ئـی بـابم ئەمنیـان لە مل ئەو پیرەپیـاوەی پەسـتاوت. ئەحمەد چ دەرووەست بە منە لەگەڵ سەربەقوڕێ کچی سەپیرێ مێردم گەلێگ ژیانی خۆشە.

ئەوە ئەمنم ماڵویران و قوڕم وەسەری بووە.

دووبارە دەستی کردەوە بە گریان، دایکم بەنەرمی قسەی لەگەڵ دەکرد و دڵنەوای گوڵێی دەدایەوە.

ئەو ڕۆژە گوڵێ و کاڵی میوانی دایکم بوون و تـا ئێـوارە کـاتی ڕۆیشـتنیان هەر قسەیان کـردن. دایکم کـاڵێی ڕازی کـرد کە گوڵێ لە ماڵێ ئەوان بمێنێتەوە بەڵکوو پیرەمێرد بێ بەدوایدا و بیباتەوە سەرماڵێ.

ئەوەی خوێنـدتانەوە چیـرۆک نەبـوو ئەوە راسـتی ژیـانی کچێـک بـوو کە سـێ جـار بـۆ بـرا گەورەکەی بەژنـدرابوو. بۆ پاراستنی ناوی کەسەکان کەڵکم لە ناوی خوازراو وەرگرتوە.

وێنە: دایکم و بابە عەلی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩

## لە پەراوێزی تیزاب پرژاندنی دەستێکی ناپاک بە کچان و ژنانی بۆکانی دا.



بە پێی هەواڵی گەیشتوو شەوی ١٤ - ٧ - ٢٠١٥ دوای بە ئاکام گەیشتنی وڵاتانی گرووپی ١+٥ لەگەڵ ئێران لە سەر مەسەلەی چەکی ناوەکی، دەستێک یا چەند دەستێکی ناپاک لە شاری بۆکان چەند ژنێکیان کردە ئامانجی نامرۆڤانەی خۆیان و بە پرژاندنی تیزاب بە جەستەی ئەو خاتوونانە دا جەنایەتێکی دیکەی نامرۆڤانەیان خوڵقاند و جارێکی دیکە نیشانیان دا کە دژی ئازادی ژن و هاتنە سەر شەقامی ژنانن.

ئەوەی کە کێ ئەم کارەی کردووە و کێ لە پشت ئەم کارەیەوە، هیچ لە گەورەیی ئەو جەنایەتە کەم ناکاتەوە. رژێمێک کە پێش بە ژنان بگرێ و بەربەست لە بەر ژنان دابنێ وتەنانەت بەشداریکردن و چاو لێکردن لە یارییە وەرزشییەکانی تێدا یاساخ بێ، سرووشتیە کە لەم جۆرە ڕووداوانەی تێدا ئەنجام دەدرێن. لە مێژە رژێم بە توندترین شێوە لەگەڵ ژنان بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی دەجوڵێتەوە، بە گرتن و ڕاودوونانی ژنان ترسی خستۆتە نێو بنەماڵەکانەوە، بەڵام ژنان بۆ خۆیان وێڕای هەست کردن بە مەترسی و بێ حورمەتی و ئەشکەنجەکانی جەستەیی لە لایەن پیاوانی رژێمەوە و تەنانەت دەستدرێژی کردن بۆ سەریان لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاون و لە هەموو دەرفەتێک کەڵکیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی بەگژ نابەرابەری و ناعەداڵەتیەکان دا بچنەوە. لە زۆربەی خۆپێشاندان و نارزایەتییەکان دا ژنان لە سەفی پێشەوە دا هەنگاویان هەڵێناوەیتەوە. لە زۆربەی خۆپێشاندانەکان دا ئەوە ژنان بوون کە گیراون و یا زامدار و شەهیدی یەکەمی خۆپێشاندانەکان بوون. بەڵام بەو حاڵەشەو ئەوان هەروا پێشەنگ و پێشڕەون و بوونە سیمبوولی خەباتی

سەردەمیانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کوردستان هەمیشە مەکۆی خۆراگری ژنان و پیاوانی کورد بووە، هیچ هەڕەشە و هێرشێک نەیتوانیوە پێش بە خەبات یەکسانیخوازی ژنان بگرێ. ژنانی کوردستان هەردەم پێشەنگی جووڵانەوەی کورد بوون. ژنان بە گشتی لە کوردستان دا نزیک بە چوار دەیەیە کە پێشیان لە هەموو بوارێکدا گیراوە، بەڵام ئەوان کۆڵنەدەرانە لە مەیدانی خەباتی یەکسانیخوازی و خەباتی مەدەنی و خەباتی سیاسی دا بەشدار بوون و گیانی خۆیان لە مەترسی خستووە.

ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە لە کوردستان خۆفرۆشانی بەناو کورد بۆ خۆش خزمەتی کردن لە پێشەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوەن. ئەوان بۆ وەدەستهێنانی هەندێک پووڵ و سەرەوت پشتیان لەگەلەکەیان کردووە و لە هیچ کردەوەیەکی قێزەونانە سڵ ناکانەوە.

ڕژێم بۆ بە چۆک داهێنانی لاوانی شۆڕشگێری کوردستان پیلانی جۆراوجۆر دادەرێژێ، بە بڵاو کردنەوەی ماددەی سڕکەر و گیرۆدە کردنی لاوانی کورد بە مادده سڕکەرەکان، دەیهەوێ مێشکی لاوانی کورد بشواتەوە و بیرۆکەی شۆڕش و خەبات و بەرگری لە بیرو هزری لاوان دا پاک بکاتەوە.

یەکێک لە مەترسییەکانی ئەو پیلانە ئەوەیە کە دوای گیرۆدەکردنی لاوە نەفس نەزمەکان پیلانگێرانەکان هەندێک ئەرکیان پێ دەسپێرن و لە پاداشی بەرێوەبردنی ئەرکەکانیان دا ماددەی سڕکەریان پێ دەدرێ و یا بە دانی چەند سەد هەزار تمەنێک بۆ کاری داهاتوویان ئامادە دەکەنەوە.

دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی تیزاب پرژاندن بە شان و ملی کچان و ژنانی شاری بۆکان، دوای چەند کاتژمێرێک، گۆیا کەسیک لە لایەن ڕژێمەوە گیراوە و دوای لێپرسینەوە لە وەڵامی ئەو تاوانە دا گووتوویەتی: حەبم خواردووە. ئەو لاوە لە کوێی حەب وەدەست خستوون و یا وەدەستیان دەخا، بۆ خۆی جێگای پرسیارە. ڕژێمێک کە بۆ خۆی عاملی درووست کردن و بڵاو کردنەوەی مادده سڕکەرەکانە، لەوە ناپرسێ کە لە کوێی کڕیون و یا لە کوێی وەدست خستوون. ئامانجی سەرەکی ڕژێم بە گشتی بە گژ یەکدا کردنی بنەماڵە کوردەکانە و لەو پێناوەش دا تا رادەیەک سەرکەوتوو بووە و کێشە درووست کردن لە نێو بنەماڵەکان دا بۆتە ئەرکی ڕۆژانەی ئەو ڕژێمەو و هەر جارەی بە شێوەیەک گۆڵمەزێک دەخاتە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە. ئەوە گریمان بەیانی ئەو کوڕە تاوانبارە دانی بە هەموو تاوانەکانی خۆیدانا و دادگاش حوکمی گیران، ئێعدام و یا هەر حوکمێکی دیکەی بە سەر دا بسەپێنێ، زەرەر و قازانجەکەی دەچێتە گیرفانی کێ؟ بێشک ئەوەی قازانج دەکا ڕژێمە و ئەوەی

زەرەریش دەکا خەڵکی کوردستانە.

زۆر بەداخەوە مێدیای کوردی کەمتر ئاوڕی لە پرسی مادده سڕکەرەکان داوەتەوە، ئەو پرسە ماڵوێرانکەرە نەبۆتە ڕۆژەڤی سەرەکی مێدیای کوردی و جارجار ئاوڕێکی کورت لە سەر ئەو پرسە دەدەنەوە و دواتر لە بیر دەچێتەوە و لە ئاکام دا لاوەکان تووشی نەهامەتی و چارەڕەشی دەبن و کۆمەڵگاش بەرەو وێرانی و داخراوی و هەڕەشەی جۆراوجۆرەوە دەچێ. لە سەریەک پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین، ئەگەر ئەمرۆ چوار کیژی بۆکانی دەبنە قوربانی گەنجێکی گیرۆدەبوو بە حەب و ماددەی سڕکەر، بەیانی دەبێ لە شار و ناوچەیەکی دیکەی کوردستان چاوەڕوانی کارەساتی لەوە گەورەتر و ناخۆشتر ببین، هەر بۆیە پێویستە بە گشتی خەمخۆرانی دۆزی ڕەوای کورد، کۆمەڵە و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی و وەرزشی و .... و لە سەریەک ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان زیاتر بچنە ناو خەڵک و بە گشتی ئامانجە چەپەڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە ئاست بە لاڕێ دابردنی لاوانی کوردستانیان بۆ شی بکەنەوە. ئەوە ئەرکی سەر شانی دایک و باوکان و ئەندامانی بنەماڵەکانە کە زیاتر ئاوڕ لە لاوەکان بدەنەوە بۆ ئەوەی گیرۆدەی ماددەی سڕکەر نەبن و بەو هەڵوێستە پێش بە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بگیردرێ.

لە کۆتایی دا ئاواتەخوازم کە ئەو خاتوونە بەرێزانەی کەوتوونە بەر هێرشی تیزاب پرژێنی ئەو دەستانەی کە جەنایەتیان خوڵقاند، بە زووترین کات برینەکانی سەر جەستەیان سارێژ ببێتەوە و جارێکی دیکە ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێ بکەنەوە و هاوکاتیش ئەو جەنایەتە هەر کەس و لایەن و هێزێکی لە پشت بێ مەحکووم دەکەم و نەفرەت لە ژنکوژی و ژن سووتان و توندتیژی بەرامبەر بە ژنان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١٥

## بۆنی سێوی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت.



پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٧ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ لە سەر پەنجەرە ماڵێ ڕوو بە حەسارەکەمان دانیشتبووم و کتێبی ئینجەمەمەد (حەمەدۆک)م دەخوێندەوە کە لە پڕ دەنگی فڕۆکەکان هات، تازە بۆ هەڵاتن و خۆ دەربازکردن درەنگ ببوو، هەر بۆیە لە جێگای خۆم مامەوە و دەستم بە سەر و گوێم گرت و خۆم دایە دەست قەزا و قەدەر هەر لەو دەمەدا دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز هات. دەنگی تەقینەوەکە زۆر نێزیک بوو، کە سەرم هەڵبڕی دارتووەکەی ناو ئەسحابەی گەرەکەکەمان لە تۆز و دوکەڵێکی سپی دا ون ببوو. لەگەڵ ئەوەی دا دەمزانی تەقینەوەکە هەر لە پێش ماڵی خۆمانە، زۆرم لا سەیر بوو کە وەک جارانی پێشوو وێرانی کەم بوو. گوێم لە دەنگی قیژەی ژنان بوو کە لەو بەری کۆڵانەکەمان هاواریان دەکرد. نیگەران بووم، نەمدەزانی چی بکەم و هاوار بۆ کێ بەرم کەس لە ماڵ نەبوو. تەنیا کارێک کە کردم داخستنی پەنجەرەکان بوو بۆ ئەوەی پێشگیری لە هاتنی تەپو تۆز بۆ ژوورکان بگرم. بەپەلە و بێ ڕاوەستان هەڵاتمە حەساریٚ لەوێش ڕا بۆ کۆڵان. بۆنێکی ناخۆش کۆڵان و گەڕەکی داگرت بوو هەر خەڵکم دەدی هەڵدەهات و دەیانگووت: ئەسحابەکە گەڕەکی

پاراستووە و بۆمبێک لەوێ نەتەقیوەتەوە. خەڵک نەیدەزانی شیمیایە. هەر بۆیە بەبێ ترس سەردانی شوێنی بۆمبەکانیان دەکرد. ماوەیەک پێچوو ئەو جار زەنگی ئاگاداری مەترسی تایبەت بە شیمیایی کە چەند ڕۆژ بوو لە پادیگانی شاری سەرەشت دایاندەنا بۆ ئەوەی خەڵکەکە دەنگی زەنگی ئاگاداری شیمیایی بناسنەوە، وەگەڕ کەوت. لە بڵێنگۆی مزگەوتەکان ڕایانگەیاند کە وا باشە خەڵک بۆ پاراستنی گیانیان شار جێ بێهێڵن.

هەر لە حەساری ڕاوەستابووم، دایکم و ئامۆژنم و منداڵەکان هاتنەوە، دایکم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو دوعا و نزای دەکردو دەیگووت: خوایە ڕوحمێمان پێبکەی هەر لەو کاتەدا بابم وەژوور کەوتەوە. بابم لە هەموو ئەو ٨ ساڵەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بۆ ساتێکیش ماڵێ و شاری سەردەشتی بەجێ نەهێشت بوو. ئەو یەکێک لەو کەسانە بوو کە بڕوای بە ئەجەل هەبوو هەمیشە دەیگووت: ئەگەر ئەجەلم نەهاتبێ نامرم. ئەو ڕۆژە هەر کە هاتەوە داوای ئاوی ساردی کرد و گووتی: هەست دەکەم تۆزم لە گەرووی دایە و هەناسەم تووند دەبێ، لێوەکانی ویشک هەڵگەڕابوون و ڕەنگی گۆڕابوو، بەو حاڵەش هەر دەیگووت: هیچ نییەو دڵخۆشی ئێمەی دەدایەوە و دەیگووت، دەڵێن: هەر کەسێک کوژراوە. کەوا و پانتۆڵەکەی بابم، بەتایبەت سەرشانەکانی توزێکی سپیان لەسەر کەوت بوو. تا من چووم ئاوم بۆ هێنا دایکم و ئامۆژنم هەر بە جەمەدانەکەی خۆی سەرشانیان بۆ دەتەکاند.

بە پێچەوانەش کاکم دەسرەیەکی تەڕی بە دمیەوە گرت بوو و هەر دەیگووت: ئاگاتان لە خۆتان بێ پەڕۆی تەڕ بە دەمتانەوە گرن و زۆر هاتووچۆی دەرەوە مەکەن. ئێمە هەموومان بێ ئەوەی بیر لە چوونە دەرەوە لە ناو شار بکەینەوە لە تەبەقەی خوارەوە بۆی دانیشتین. ئەو کەسانەی وەسیلە چوونە دەرەوەیان هەبوو هەر دەمەودەست شاریان جێ هێشت و لە گوندەکانی دەوروبەر نیشتەجێ بوون.

ورده ورده ڕۆژ بەرەو تاریک بوون دەچوو و دایکم نیگەران و بە پەرۆش و ئاڵۆز دەهاتو دەچوو و هەر دەیگووت: کەس نازانێ لە کوێیە، مەبەستی کاک جەلال بوو ئەو نەهاتبۆوە ماڵێ و هیچ هەواڵێکی نەبوو، دیارە دوایی زانیمان کە کاک جەلال لەبەر ڕاگواستنی کەلوپەلی ماڵی پورە فاتم حەداد کە ئەو کات لە ماڵێ حاجی عەبدوڵا واحیدی دابوو نەهاتبوە ماڵێ.

باش لە بیرمە دایکم و سکاڵا نەهاتنەوە سەرێ و هەر لە خوارێ نانیان خوارد و خەوتن، بەڵام من لە گەڵ بابم لە تەبەقەی سەرێ مامەوە. تا دوای نان خواردنیش هیچ باس نەبوو، بابم وەک جاران هەواڵەکانی گوێ لێگرتن، بەڵام چەندین جار داوای ئاوی ساردی کرد و ورده وردەش دەکۆخی. نازانم کاتژمێر چەند بوو ئەوندە دەزانم دوای دەنگو باسی

بێبێسی بوو، کە هەستم کرد چاوم دەکروزێنەوە و جەستەم دەخورا، بەتایبەتی بنهەنگڵەکانم. بەرق و ئاو هاوکات لەگەڵ تەقینەوەکە قەتع ببوون، هەر بۆیە چرای گڕسۆزمان هەڵکردبوون. بۆ ئەوەی باشتر ببینم چرا فانۆسەکەم هەڵکرد و چوومە بەر ئاوێنە کە چاوم لێکرد پێستی زگ و لاکەلەکەکانم سوور هەڵگەرا بوون و بنهەنگڵم بلۆقی وەک سووتانی پێوە دیار بوو و کە دەستم لێدەدا زۆر ژانی دەکرد. دەترسام و تەنها بە ئاوی سارد دەمشتنەوە و دەسرەی تەڕم پێدادێنان. دیتم بابێشم هەر لە هاتووچۆ دایە بەڵام دەنگی نەدەکرد. بابم ورە و کەسایەتێکی بەهێزی هەبوو، کەمتر لەبەر نەخۆشی و ژان دەینالاند بەڵام دەمزانی ئەویش ئازاری هەیە. چوومە لای و گووتم: بابە هیچت پێویست نییە ئەمن دەخەوم. گووتی: نا، هەرچرا فانۆسەکە مەکووژێنەوە و لێرە لە لای منی دانێ. لەسەر داوای بابم چرافانۆسەکەم بردە ژۆر و لە سەر پەنجەرەکەم دانا و چوومە سەر جێگایەکەم بخەوم، بەڵام خەوی چی لە بەر ژانی چاوانم خەوم لێنەدەکەوت، ئەوجارە نەمدەتوانی چاوکانم بە باشی بکەمەوە. ماوەیەکی کورت خەوم لێکەوت بەراستی نازانم خەو بوو یا بێهۆشی کە بە دەنگی ناڵەناڵ و کۆخەی بابم وەخەبەر هاتم. بابم هاواری دەکرد و دەینالاند. زانیم کە دەبێ وەزعی باش نەبێ. چوومە ژوور و گووتم: بابە ئەوە چییە؟

گووتی: چاوم زۆر دێشێ! هەموو گیانم سووتاوە زۆر نارەحەتم. بۆیە بە دەست کوتان بە پلیکانی ماڵێدا چوومە خوارێ و کاکم لە خەو هەڵستاند و گووتم: بابم وەزعی هیچ باش نییە فریای کەوە.

هەر ئەو شەوە بوو ئیتر بابم تا دوو مانگ و چەند حەوتوویەک نەدیتەوە. سەرەتا بۆ نەخۆشخانەی تەورێز و دوایی بەڕی کرا بوو بۆ نەخۆشخانەیەک لە شاری شیراز و لەوێ لەژێر چاوەدێری دابوو، دیارە زۆر جار بۆ خۆی باسی دەکردو دەیگووت: ئەگەر کەماڵ لە لام نەبایە و چاوەدێری وردی ئەو نەبایە ئەمنیش مردبووم. هەڵبەت قەت ئەو زام و برینانەی سارێژ نەبوونەوە و هەر بەو زام و ئازارانەوە سەری نایەوە و کۆچی دوایی کرد.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەیزانی کە عێراق بەنیازی شیمیابارانە، هەر بۆیە چەند ڕۆژ پێشتر زەنگی ئاگادار کردنەوەی شیمیایی لە پادگانی شاری سەردەشت را لێدەدا، بەڵام هیچ ئامادەکارێکی بۆ کاتی لێدان و بریندار بوونی خەڵک نەکردبوو. من بۆخۆم نەمدی بەڵام هەموو ئەو کەسانە چووبوون باسیان دەکرد کە ئەو خەڵکە سەرگەردان بوون و ساڵۆنی وەرزشی شاری سەردەشت پڕ ببوو لە خەڵکی زامدار، بەبێ هیچ پیراگەیشتنێک. هەر بۆیەش ژمارە بریندارەکان تا دەهات زیاتر دەبوون.بابە گیان، یاد و بیرەوەرەیەکانت هەر دەم لە دڵم دا زیندوون و بەیادی تۆ کە زۆر داخدار بووی لە زۆڵە کورد، هەڵبەستەکانی هێدی (خالید حیسامی) بەتایبەتی باز و کەو دەڵێمەوە. هۆنراوەکانی هێمن موکریانی" ناڵەی جودایی" کە بلاوێنی رووحت بوون، ئارامیم پێ دەبەخشن و دەمبەنەوە دەورانی منداڵی.

بابە گیان ڕووحت شاد و سوپاس بۆ هەموو ڕێنوێنیەکانت و لە ناو هەموانیشدا وانەی کورد بوون و خۆشەویستی نیشتیمان. شانازی دەکەم کە کچی نیشتمانپەروەرێکی وەک تۆ بووم و هەم هاو کات لەبیرەوەری ئەو تراژیدیا پڕ کارەساتەدا سڵاو دەنێرم بۆ هەموو شەهیدانی بێتاوانی شارەکەم، بەتایبەتی شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشت. ڕووحتان شاد و یادتان هەردەم زیندوو. مردن و نەمان بۆ ڕێژیمە سەرەڕۆ و داگیرکەرەکان.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٥**

---

## دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە،
## سەبارەت بە شەهید مەلا ئاوارە



دیمانەیەک لە گەڵ بەڕێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، یەکێک لە تێکۆشەرە سیاسیە ناودارەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە ژیان و بە سەرهاتی سەرکردەیەکی شەهیدی کورد مامۆستا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە.

**دیمانە: شلێر حەسەنپوور**

٣٨ ساڵ بە سەر لە سێدارەدانی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەل خەباتکاری ڕێگای ئازادی کوردستان، یەکێک لە سەرکردە ناودارەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە تێپەری، بە پێویستم زانی بۆ ڕێز لێنان لە خزمەت و خەباتی شەهید مەلا ئاوارە و شەهیدانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێزیکەوە کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و کەس وکاری ئەو شەهیدە پایەبەرزەی گەلەکەمان کە لەو کات و سەردەمە دا لە گەڵی ژیاون بە سەر بکەمەوە، و بە هاوکاری ئەو بەڕێزانە هێندێک تیشکمان خستبێتە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارەی هەرگیز نەمر. لەو پەیوەندیە دا بە هەلم زانی چەند پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە بکەم بۆ زیاتر ناساندنی شەهید مەلا ئاوارە.

**پرسیار**: بەڕێز مامۆستا دەکرێ بۆمان باس بکەی کە لە کوێ و لە چ ساڵێکدا شەهید مەلا ئاوارەتان بۆ یەکەم جار چاو پێکەوت و هەروەها تیشک بخەیە سەر شیوەی هەڵسوکەوتی ئەو شەهیدە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان؟

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە**: "ئاوارە" هاوڕێی ڕێگای ژیان و خەبات، ئەو کەسەی قەت لەبیرم ناچێ دووربەدوور ناوی یەکترمان بیستبوو، ئەو چی منی بەدڵدا چوو بوو نازانم و بەداخەوە لە نێویشمان دا نەماوە لێی بپرسم. بەڵام شتێک کە دووراودوور، مەلا ئەحمەدی شڵماشیی لەلای من خۆشەویست کرد بوو ئەوە بوو کە دەیانگوت فەقێیەکی زۆر زیرەکە، زۆر بە ئەدەب و ئەخلاقەو زۆریش قسە خۆش و مەشرەف خۆشە. ئاخرو ئۆخری پاییزی ساڵی ١٣٣٤ (١٩٥٥ز) لە گوندی "بێشاسپ"ی ناوچەی سوێسنایەتی قیسمەت و نسیبمان وێک کەوت. ئەو لەوێ دەی خوێندو ئەمن بە سەفەر چووم. وەک دەیان ساڵ بێ یەکتر بناسین باوەشمان بە یەک دا کردو یەکترمان ماچ کرد، بە چەند سەعات وا ڕەموودەی یەکتر بووین کە ساغ بووینەوە ئەمنیش بە زاراوەی فەقێیایەتی "جێگا وەخوازم" مامۆستای ئاوەدانی فەقێی تەواوی لە خزمەت بوون و ڕاگرتنی منی کەمێک لەبەر گران بوو. بەڵام مەلا ئەحمەد پێی داگرت و ئەویش دڵی نەهات قسەی بشکێنێ. ڕەفیقە فەقێیەکانی دیکەش زۆریان پێ خۆش بوو و تەنانەت گوتیان بەشەنانی خۆمانی دەدەینێ و وەختی دەرسی خۆشمانی لەگەڵ بەش دەکەین. بەهەرحاڵ مامۆستا قسەی پێ نەماو دامەزرام.

وەسبەینێ ڕا چوومەوە شوێنی پێشووم ئەسبابەکانم بێنم. ئەمە زاراوەی نێو فەقێیان بوو. دەنا ئەسبابی چی؟ لێفەیەک کە هەم ڕایەخ بوو هەم پێخەف، دوو کتێبی شڕو شەپەتووڕ، "بوخچە"یەکی یەک میتری کە کتێب و "لیباس"ە! زیادی یەکانمی تێدابوو، و ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ. مەلا ئەحمەد بۆخۆی لەگەڵم هات گوتی ئەسبابەکانت لەگەڵ هەڵدەگرم. گوتم کاکی خۆم چیم لەگەڵ هەڵدەگری؟ باری پشیلەیەکی شەل نابن. گوتی حەتمەن دێم. تومەز دەترسا پەژیوان بمەوە یان پەژیوانم بکەنەوە. بەڵێ بووینە هاوڕێی فەقێیەتی. هەردووکمان یەک کتێبمان دەخوێند. بەڵام ئەو کەمێک لە پێش منەوە بوو. بە تەمەنیش دوو تا سێ ساڵ لەمن گەورەتر بوو. بەڵام خوێندن چ عەرز کەم. ڕۆژێ دوو جار، جارێ نیو سەعات تا ٤٠ دەقیقە دەرسمان دەخوێندو شەوانەش دەوری سەعاتێک موتاڵای دەرسی ڕۆژی دواترمان دەکرد. ئیدی وەختمان بەتاڵ بوو، یان بەزاراوەی ئەمڕۆ ئازاد بوو. کەچی قەت لێمان نەدەبڕا، شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، قسەمان دەکرد، بەسەرهاتمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، بوخچەی دڵمان بۆ یەکتر دەکردەوە، دەردی دڵمان دەکردو سەرمان بە هەموو مەسەلەیەکەوە گەرم دەکرد. زۆر جار پاش چرا کوژانەوەش بە تاریکێ و بە سرتە (لەبەر هاوڕێکانمان) قسەمان دەکرد هەتا خەو بەلای دا دەبردین.

سەیر ئەوە بوو هەردووکمان ئەندامی حیزبی دێموکرات بووین. بەڵام وا گۆش کرابووین هەتا دەورانی پێشمەرگایەتیی مەلا ئەحمەد کە ئێستا ببووە مەلا ئاوارە هەرگیز لەلای یەکتر نەمان درکاند کە ئەندامی حیزبین،

هەرچەند بە ڕاشکاوی هەموو شتێکمان لەلای یەکتر دەگوت متمانەی تەواومان پێک هەبوو.

گەڕیدەیی و ماڵ بە کۆڵیی خوێندنی فەقێیایەتی لێکی جیا کردینەوەو بۆ ماوەی چەند ساڵ لێک دابڕاین. وەختێک بیستم وازی لە خوێندن هێناوەو رووی کردۆتە کاسبی و خەریکی کڕین و فرۆشتنی تووتنە، ئەویش تووتن لە ئێران و راستیش لە ناوچەی سەردەشت کە بۆخۆی لە شیعری "هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت"دا لە هەموو کەس باشتری ناسیوەو ناساندوە. دواتر ئاگادار بووم کە قاچاغ بووە، وەک زۆر کەسی دیکە پەنای بردۆتە بەر کوردستانی گەرمێن، لانکی خەباتی کوردایەتی و لە نیزیک مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان گیرساوەتەوە.

ساڵ هات و ساڵ رابرد، بەهاری ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢ز) ئەمن کە خوێندنی مەلایەتیم تەواو کردبوو لە گوندی شیوەسەڵی ناوچەی سوێسنایەتی بوومە "مەلا". لەگەڵ ئەوەی ئێستا مەلا ئەحمەد کە ببووە مەلا ئاوارە لە عیراق دەژیاو لە چاوی رێژیمی پاشایەتیی‌یەوە ناوبردنیشی قاچاغ بوو، ناوی و یادی و باسی رەفتارە جوانەکانی و قسە شیرینەکانی نوقڵی هەموو مەجلیسان بوو. لە ژیانم دا کەسێکی دیکەی وام نەدیوە کە ئەوەندە خۆشەویستی هەمووان بێ. هەر لە دەورانی خوێندنی دا خەڵکی هەموو ئاوایی‌یەکانی ناوچە بە ئاوات بوون مەلا ئەحمەدی شلماشی لە دێیەکەیان بخوێنێ. بۆیە لەگەڵ هەرکەس دادەنیشتم ئەگەر دەرفەت هەبایە باسی ئاوارە دەکراو بە تاسەوە یادی دەکرایەوە.

کەوتینە ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣ز) مەلا ئاوارە سەروسۆراغی پەیدا بۆوە. بەڵام ئەم جارەیان نە فەقێ بوو نە مەلا و نە تووتن کڕو تووتن فرۆش. ئەم جارە کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەویش چ کادرێک؟ خۆشەویستی هەمووان، جێی متمانەی هەمووان و میوانی ماڵی هەمووان. ئەی لەو هەموو فیداکاری و سەبرو سیکەدانەیە!! جاری وابووە چەند رۆژ لە گۆشەی کۆنەکادێنێک و تەنانەت شوێنی حەوانەوەی مەڕوماڵات دا ماوەتەوە، بێ‌ئەوەی کەس هەست بە بوونی لەو شوێنە بکا یان کەس گلەیی لێ ببیسێ یان نێوچاوانی بە گرژی ببینێ. سەیر ئەوە بوو هەموو کاتێک ئاگای لە رووداوەکانی سەرانسەری ناوچەی سەردەشت هەبوو. چونکە رایەڵکەیەکی وای پێک هێنابوو کە هەرچی رووی دابایە پێی دەگەیشتەوەو لێی خەبەردار دەبوو. زۆربەی زۆریش بە تاقی تەنیا بە خۆی و بڕنۆیەکی درێژ و دوو قەد فیشەکدانەوە دەگەڕا. ئیدی لەشکرو مەفرەزەو جبەخانەی بەدواوە نەبوو، بەڵکە وەک ماسی لە دەریای میللەتەکەی دا دەژیاو باکی لە هیچ نەبوو. تەنانەت جارێکیان لەبیرمە لە ماڵی جووتیارێک میوان بوو کە دەستەیەک ژاندارم بە دێی وەربوون و ئەمنیش لەلای بووم. سەعات نیزیک دوازدەی نیوەڕۆی رۆژێکی سەرەتای بەهار بوو. هەموومان نیگەران بووین کە بەدوای ئاوارەدا بگەڕێن. بۆیە ئەومان بە جلێکی شڕو قوڕاوی کاسبکارێکەوە وەدەر ناو ئەمنیش تفەنگ و فیشەکدانەکەیم لەبن جل و بەرگی مەلایەتی دا شاردەوەو لە ئاوەدانی وەدەر کەوتم و تەحویلم دانەوە.

ئەو ساڵانە گوزەران تا ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧ز) ساڵی سەرهەڵدانی بزووتنەوە چەکدارییە هەژدە مانگی‌یەکەی بەشێک لە

تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ناوی "کۆمیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان لەسەر خۆیان دانابوو. هێندێک پێشهات بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی گەرمێن هاتنەپێش کە بە جۆرێک بەدگومانیی لەلای کاربەدەستانی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان بەرامبەر بەو هاوڕێیانە دروست کرد. بۆیە پێش نوێ بوونەوەی ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧ز) لە نێو هێندێک لە پێشمەرگەکان و تەنانەت کادرەکانیش دا بیری گەڕانەوە بۆ ئێران و هەڵگیرساندنی "شۆرشی چەکداری" گەرای بەست. بەڵام مەلا ئاوارەی وردو بە بیر دژی ئەو بۆچوونە بوو. لە نامەیەک دا کە بۆ منی ناردبوو نووسیبووی حەتمەن ئاگاداری کە ماوەیەکە مقۆمقۆی شۆرشی چەکداری سەری هەڵ داوە. شۆرشی چەکداری بەبێ چەک، شۆرشی چەکداری بەبێ تەشکیلاتی پتەو، شۆرشی چەکداری بەبێ پشتی جەبهەو... تکایە بە هەر جۆر بۆت دەکرێ هەوڵ بدە ئەو خەیاڵە لە سەری کەسانی نیزیک خۆت بەریەدەر.

کەچی رەوتی رووداوەکان بە جۆرێک چووەپێش کە نە ئەو کارێکی لە دەست هات، نە ئەمن و نە هیچ کەسی دڵسۆز بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی ناوەخت و ئامادە نەکراو هەڵنەگیرسێ. نێوەڕاستی مانگی جۆزەردانی ١٣٤٦ (جووڵای ١٩٦٧ز) بوو یادداشتێکی چەند دێرِیم لە مەلا ئاوارەوە بۆ هات کە نووسیبووی نیزیک بە پەنجا کەس لەو رەزانەی پشتی گوندەکەتانین. تکایە نان و پێخۆرمان بۆ بنێرەو بەیانی بۆخۆشت سەرمان بدە. دەوری سەعات سێی پاش نیوەشەو بوو کە نامەکەی گەیشت. چەند کەسی باوەڕپێکراوم لە خەو هەستاندو کارەکەم بۆ باس کردن، پێش دنیا رووناک بوون بەشی زیاتر لە ١٠٠ کەس نان و پێخۆرو قەندو چایان خڕکردەوەو بۆیان بردن. بەیانی پێش تاوهەڵات بۆخۆشم چووم، دیتم جگە لە نیگابانەکان دوو دوو و سێ سێ هەرچەند کەس لەبن دەوەنێک نووستوون و لە حاڵی حەسانەوە دان، دواتر کە هەستان دیتم شەهید سولەیمانی موعینی (فایق) چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی رێبەری و کادرەکان لەگەڵن و زوو تێیان گەیاندم کە بە یەکجاری گەڕاونەوە. کە پرسیم نیازی چیان هەیە گوتیان لە کوردستانی عیراق جێمان پێ لێژ بووەو ناشمانەوێ خۆمان تەسلیمی دەوڵەتی عیراق بکەین. بۆیە هاتووینەوە لە وڵاتی خۆمان بحاوێینەوە هەتا دەکوژرێین و نیازی شۆرشی چەکدارانەشمان نیە.

کەچی بە پێچەوانەی بەرنامەی خۆیان نەک شۆرشی چەکداری بەڵام زۆر زوو بەربەرەکانییەکی چەکدارانەیان بەسەر دا سەپا. رێژیمی پاشایەتی کە هەستی بە گەڕانەوەیان کردبوو، شیو و دۆڵ و چیاو چۆلی بە جاش و ژاندارم و جاسووس و خۆفرۆش لێ تەنین و کەوتە راونانیان. بە ناچار لە زۆر جێگا تووشی تێکهەڵچوونی چەکدارانە بوون. هەرچەند ئەو راپەرینە ئامادە نەکرابوو و بەسەر تێکۆشەرانی دێموکرات و گەلی کورد دا سەپابوو، بەڵام بەڕاستی هەردوو لا قارەمانەتییان نواندو حەماسەیان خوڵقاند. زۆر جار هێزێکی دە پازدە کەسیی پێشمەرگە لەگەڵ سەدان چەکداری دوژمن بەرەوڕوو دەبوون کە بە تۆپخانەو هێلی کۆپتێرو تازەترین چەکی شەڕ تەیار بوون. کەچی بوێرانە بەرەنگاریان دەبوونەوە،

زیانی قورسیان لە هێزەکانی دوژمن دەداو سەربەرزانە خۆیان لە گەمارۆی دوژمن رزگار دەکرد. دیارە لەو شەڕانەدا بە داخەوە پۆلێک لە باشترین کادرو پێشمەرگەکانی دێموکڕاتیش گیانیان لەدەست دا کە هەریەکەیان بۆ بزووتنەوەی کورد سەرمایەیەک بوون و لەدەستچوونیان بەڕاستی خەسارێکی گەورە بوو.

شتی زۆر جێگای شانازی پشتیوانیی کۆمەلانی خەڵک لە تێکۆشەرانی دێموکرات بوو. لەگەڵ ئەوەی بەکرێگیراوانی دەوڵەت هەموو رەفتارێکی دژی ئینسانییان دژی ئەو خەڵکە بەکار دێنا. بەلام قەت پشتیان لە پشتیوانیی رۆڵەکانیان سارد نەبۆوە. لە هەر جێگایەک هەستیان بە بوونی پێشمەرگە کردبایە نان و پێخۆرو بەرگ و پێلاو و فیشەک و بە کورتی پێویستییەکانی خۆڕاگرتنیان پێ دەگەیاندن. تەنانەت لە جەنگەی شەڕو بەرەبەرەکانی و ئاگربارانیش دا کیژ و لاوانی چاونەترس و بە ئەمەگی کورد نانی تازەو دۆی ساردو چای گەرمیان بۆ دەگەیاندنە سەنگەرو هێندەی دیکە ورەو باوەڕو متمانەیان پێ دەبەخشین.

بەڕاستی دەوڵەتی گەورەو گرانی حەمەڕەزاشا ترسی ڕێ نیشتبوو. چونکە ئەوان توانیبوویان "جزیرەی ئارام"ی حەمەڕەزاشا بشلەژێنن و گۆمی مەندی بەرهەمی زەبرو زەنگی ژاندارمە بشلەقێنن. لەو نێوەدا نەخشی مەلا ئاوارە تایبەتی بوو. ئەو ئێستاش هەر لە نێو دەریای بێ بڕانەوەی گەلی خۆی دا دەژیا. جاری وابوو سێ شەوان لە یەک ئاوایی دا دەمایەوە، بەلام جگە لە کەسانی تایبەتی هەموو کەس پێی وابوو رۆیشتوەو دووریش رۆیشتوە. شێوەی جوانی بۆ نهێنی کاری دادێنان و دوژمن نەیدەتوانی شوێنی هەڵگرێ. زۆر کەمیش وابوو لە دووسێ کەس زیاتری بە دەورەوە بێ، هەر لەوکاتەدا چواردەوری هێزی پارێزەر واتە هێزی لە بڕانەوە نەهاتووی خەڵک بوو. جارێکیان ئەفسەرێکی پایەبەرز کە فەرماندەی گشتیی عەمەلیات دژی شۆرشگێرانی کورد بوو، بە زەبوونی پێی لەوە نابوو کە بەدەست مەلا ئاوارەوە داماوە، چونکە هەرچی دەکا ناتوانێ شوێنی هەڵگرێ. گوتبووی شەوێ لە هەر دێیەک بێ بەیانی دەزانین، بەلام ناتوانین بزانین شەوی دواتر لە کوێ دەبێ تا بتوانین گەمارۆی بدەین.

هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە دوژمن بۆ لە داو خستنی مەلا ئاوارە بە هاوکاریی چەند بەکرێگیراوێک پیلانێک رێک بخەن کە مەلا ئاوارە بێ ئەوەی بیهەوێ، دوو شەو لە جێگایەک وەمێنێ. پیلانەکە بەم جۆرە بوو: خەڵک زۆر جار کێشە کۆمەلایەتییەکانیان دەبردە لای مەلا ئاوارە کەبۆیان چارەسەر بکا. بۆ لە داوخستنی ئاوارە راست لەو رێگایە کەلک وەردەگرن: کێشەیەکی زەوی و زار دەبەنە لای ئاوارە کە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوەو کارەکەش وا رێک دەخەن کە دوو لایەنی کێشەکە رێک نەکەون هەتا رۆژ رووناک دەبێ. لەو کاتەش دا بەناوی دڵسۆزی رێگا نادەن مەلا ئاوارە لە ئاوایی بچێتەدەر چونکە بەردەوام هێلی کۆپتێر بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەگەڕاو مەترسیی ئاشکرابوونی زۆر بوو. لەولاشەوە خەبەر دەدەن کە

هێزێکی پۆشتەو پەرداخی دوژمن بێن دەوری گوندی "دیوالان" بگرن و بەو زمانەی کە کاربەدەستە فێڵبازو ناپاکەکان دەیزانن داوای لێ بکەن خۆی تەسلیم بکا. هێندێک دەڵێن دەرمانداو کراوەو بە بێهۆشی گیراوە، بەڵام نامەیەکی کە پاش گەمارۆدرانی بۆ پێشمەرگەکانی نووسیبوو نیشانی دەدا کە ئەوە ڕاست نیە. بەهەرحاڵ خەیانەتی پێ کراو بە دەهۆ لەداو خراو بە بارەقەڵڵایەکی دوژمن فرۆشرا.

**پرسیار**: کاریگەری گیران و شەهید کرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەران دا چۆن بوو؟

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە**: گیرانی مەلا ئاوارەو هاوڕێکانی: مەلا کەچە، محمدی وەتمان چاوشین و فەقێ رەحمان بۆ هاوڕێکانی و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی ناوچەی سەردەشت ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو لە بواری سیاسیدا حیزبی دێموکرات ڕێبەری زاناترو بەئەزموونتر لە ئاوارەی هەبوون. بەڵام هیچ زیادمان نەگوتوە کە بڵێین ئەم حیزبە تا ئێستاش نە کادرێکی وا خۆشەویست و نە کادرێکی تەشکیلاتیی وا کارامەو لێزان و بە ئەزموونی بەخۆیەوە دیوە. هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین پاش تێکشکانی بزووتنەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ خەڵکێکی زۆر لە ناوچەی سەردەشت گیران. بەڵام لەسەر کەسیان سابیت نەبوو کە ئەندامی حیزبی دێموکراتن. ئەمەش ئاکامی ڕێنوێنییە تەشکیلاتییەکانی ئاوارە بوو کە فێری کردبوون چۆن هەموو بەڵگەیەک لە دەست وێڕاگەیشتنی پۆلیس بپارێزن.

**پرسیار**: دوای ئەوە گەلانی ئێران و کوردستان لە ڕێژیمی پەهلەوی ڕاپەرین، حیزبی دێمۆکرات وەک حیزبێکی خاوەن پێگە لە نێو کۆمەڵ دا زۆر زوو بەشی هەرە زۆری کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هۆی چی بوو کە ئەو کەسانەی کە شکی ئەوەیان لە سەر بوو کە شەهید مەلا ئاوارەیان لە داو خست بوو محاکمە نەکران؟

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە**: شتێکی زۆر تاڵ ئەوەیە کە تاوانبارانی داستانی دیوالان وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و ئێستاش بە سزای خۆیان نەگەیشتن. تەنانەت تاوانبارە بنەڕەتییەکان بێ ئەوەی لێیان بپرسرێتەوەو حوکمی گەلیان بەسەردا بدرێ بە مردنی سروشتی سەریان نایەوە کە ناوبردنیان لێرەدا هیچ سوودێکی نیە. ڕەنگە ئێمە لە حیزبی دێموکرات دا ئەو پاساوە بێنینەوە کە دەرفەتەکە کەم بوو، سەنەدو بەڵگەی دادگا پەسەند لەبەر دەست دا نەبوون و وێ ڕا نەگەیشتین پەروەندەیان بۆ ڕێک خەین و بیان دەینە دەستی عەداڵەت. بەڵام ئازایانە دەبێ قبووڵ بکەین خەمسارد بووین و بەرامبەر بە خائینانێک کە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم گەلەیان خستە داوی دوژمنەوە هیچمان نەکرد، تەنانەت بۆ حەوتوویەکیش دەستبەسەرمان نەکردن. بەو ئاواتە کە ئەمە دوا کەمتەرخەمیی بەرپرسان بەرامبەر بە خائینانی گەل و نیشتمان بێ.

**پرسیار**: بەرێز مامۆستا، شەهید مەلا ئاوارە چەندین شێعری شۆرشگێری و ئەدەبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون کە لەو کات و سەردەمە دا وێردی سەر زمانی خەڵکی ناوچە و بە تایبەت جووتیاران بوو، لەم بوارەدا جەنابت چۆن دەروانی‌یە نووسینەکانی مەلا ئاوارە؟

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە**: بەجێیە باسێکیش لەوە بکەم کە مەلا ئاوارە هەروەک تێکۆشەرو نیشتمانپارێزێکی گەورە بوو، ئەدیبێکی ناسک خەیاڵیش بوو. نامەوێ بڵێم شاعیرێکی گەورەی وەک خانی و نالی و هەژارو هێمن و... بوو. هەر ئەوەندە دەڵێم عاشقی ئەدەبیات و بەتایبەتی شیعر بوو. بۆ دەربرینی هەستی خۆی و دەردی خەڵکیش زۆر جار پەنای بۆ هۆنراوە دەبرد. چونکە دەیزانی بەشی زۆری خەڵکەکەی نەخوێندەوارن و لە زمانی هۆنراوە باشتر حاڵی دەبن. بەڕاستییش شاعیری هەژاران بوو. شیعرەکانی کەمن، بەڵام ئەوەی هەن هەموویان لە خزمەتی ئامانجەکانی خۆی و دەرخستنی دەردو مەینەتی خەڵکەکەی دان. باسەکەم درێژ بۆوە. بۆیە حەز ناکەم لەو بارەیەوە زۆرتر بدوێم. بەڵام بەجێ دەبێ ئەگەر شیعری بەناوبانگی "هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت" وەک نموونەیەکی بەرچاوی هۆنراوە نیشتمانی‌یەکانی بەدوای ئەم باسەدا بڵاو بکرێتەوە.

یادی بەخێر، رووحی شادو رێگای خەباتی پڕ رێبوار.

بەرێز مامۆستا زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی : ١ی سیپتەمبەری ٢٠٠٧

## دیمانەیەک لە گەڵ بەرێز و تێکۆشەر کاک مستەفا شڵماشی یەکێک لە تێکۆشەران و برای شەهید مەلا ئاوارە



دیمانەیەک لە گەڵ بەرێز و تێکۆشەر کاک مستەفا شڵماشی یەکێک لە تێکۆشەران و دڵسۆزانی سیاسی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە ژیان و بە سەرهاتی سەرکردەیەکی شەهیدی کورد مامۆستا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە.

٣٨ ساڵ بە سەر لە سێدارەدانی ڕۆڵەی هەڵکەوتووی گەل شۆڕەسواری ڕێگای ئازادی کوردستان، یەکێک لە سەرکردە بوێرەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاویی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە ناوی مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە تێپەری، بە پێویستم زانی بۆ ڕێز لێنان لە خزمەت و خەباتی شەهید مەلا ئاوارە و شەهیدانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێزیکەوە کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و کەس وکاری ئەو شەهیدە پایەبەرزەی گەلەکەمان کە لەو کات و سەردەمە دا لە گەڵی ژیاون بە سەر بکەمەوە، تا بە هیممەتی ئەو بەڕێزانە تا ڕادەیەک توانیبێتمان هێندێک تیشکمان خست بێتە سەر ژیان و تێکۆشانی شەهید مەلا ئاوارەی هەرگیز نەمر. لەو پەیوەندیە دا بە هەلم زانی چەند پرسیارێک ئاراستەی بەرێز کاک مستەفا شڵماشی برای بچووکتری شەهید مەلا ئاوارە بکەم کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی هولەندە.

**پرسیار**: ئەو کاتە باش، زۆر سوپاس بۆ بە دەنگەوە هاتنمان، سەبارەت بە زانیاری دان لە سەر شەهید مەلا ئاوارە و یاد کردنەوە لەو تێکۆشەرە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان.

**مستەفا شڵماشی**: منیش سوپاستان دەکەم بۆ ئەو ئەرکەی خستووتانەتە ئەستۆ و هیوادارم کە لە ئەرکەکانتان دا سەرکەوتوو بن.

**پرسیار**: باسەکەمان بە پرسیارێک لە سەر دەورانی پێش تێکۆشانی مەلا ئاوارە دەست پێدەکەین، واتە بە کورتی ژیان و هەڵس وکەوتی شەهید مەلا ئاوارە لە بنەماڵە دا چۆن بوو؟

**مستەفا شڵماشی**: بە داخەوە شەهید مەلا ئاوارە زۆر کەم لە نێو بنەماڵەکەی دا بوو. ئەوەندەی بە بیرم بێ هەتا تەمەنی من بوو بە هەشت، نۆ ساڵ جاروبار دەهاتەوە ماڵێ. ئەو کاتەی کە دەهاتەوە ماڵێ جێژنی هەموو لایەکمان بوو. ئەوەندە ڕوو خۆش و دەم بە پێکەنین بوو کە ماڵەکەی بە تەواوی دەگەشاندەوە و خۆشی دەکرد. بە تایبەت بۆ من هێنەری خۆشی و شادی بوو. لە بەر ئەوەی منداڵ بووم و بابم نەمابوو، ئاخری هەمووشیان بووم، خوشک و براکانم، بە تایبەت شەهید ئاوارە زۆری موحیببەت پێ دەکردم. لە بیرمە پۆلی دووی سەرەتایی بووم، ئەو کات لە گوندی شڵماش بووم، هۆنراوەیەکی بۆ نووسیم تا لە بەر دەم پشکێنەری فەرهەنگ و بارهێنان کە سەردانی قوتابخانەکەمانی دەکرد بیخوێنمەوە. ئەو کاتانەی لە ماڵ بوو هەمیشە لە گەڵ خۆی دەی گێڕام. هەموو لاوەکانی ئاوایی لێی کۆ دەبونەوە و گوێیان لە قسەکانی ڕادەگرت، دیارە ئەو کاتە من نەمدەزانی باسی چ دەکا. دوایی بۆم دەرکەوت کە هەموو جارێ باسی کوردایەتی بۆ کردوون. ئاوارە هەر ئەو کاتیش لە نێو خەڵک و لە بنەماڵەشدا زۆر خۆشەویست بوو. لە سەر فەقیر و هەژارانی دەکردەوە و هەر کەس زوڵمی لێ بکردنایە بەگژیدا دەچوو. لە بیرمە جارێک لە سەر جوتیارێکی خۆشەویستی ئاوایی کە لە لایەن ئاغاوە، زوڵمی لێ کرا بوو، بە گژ ئاغای گوندیدا چوو، لە گەڵ ئاغا بە جۆرێک تێکچون کە قەت ئاشت نەبونەوە.

**پرسیار**: بنەماڵەی بەڕێزی ئێوە تا چ ڕادەیەک کاریگەری لە سەر ژیانی شۆرشگێرانەی شەهید مەلا ئاوارە هەبووە؟

**مستەفا شڵماشی**: هەر لە سەردەمی بابمەوە بنەماڵەی ئێمە لە گەڵ مەسەلەی نەتەوایەتیدا تێکەڵ بووە. باوکم یەکێک بووە لەو پیاو ماقوڵانەی ناوچەی سەردەشت کە سەردانی پێشەوا قازی محەممەدی کردووە و لە گەڵ کۆماری کوردستاندا هاوکاری کردووە. دوایەش زۆر جار کادرەکانی حیزبی دێموکڕات سەری ماڵی ئێمەیان دەدا و پەیوەندی بنەماڵەکەمان هەمیشە بەردەوام بوو. جگە لەوەش پەیوەندی بنەماڵەی ئێمە لە گەڵ شۆڕشی باشووری کوردستانیش

زۆر بە هێز بوو. برا گەورەکەم کاک عەلی و شەهید ئاوارە کە هەر دووکیان بە ڕەحمەت چون، زۆر خەریکی کۆ کردنەوەی یارمەتی بوون بۆ شۆڕشی کوردستانی باشوور. هەروەها براکانی دیکەم و خزمەکانم هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەری پێشمەرگە بوون. دیارە لێوەشاوەیی و لە خۆبوردوویی شەهید ئاوارە لە ڕاددەیەکیتر دا بوو. بۆیە بە باوەڕیی من ئاوارە لە

هەر بنەماڵەیەک بایە بەو زاتەی کە هەیبوو، بێشک هەر لە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی دا دەبوو.

**پرسیار**: مەلا ئاوارە زێد و ژیانی خۆی بۆ رزگاری گەلە بەشخوراوەکەی بە جێ هێشت و لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە یەکێک لە ئەستێرە گەشاوەکانی شۆرش و بەرنگاری لە کوردستان دا، ئایا لە لایەن رێژیمی نگریسی پەهلەوییەوە زەخت و گوشار لە سەر بنەماڵەی ئێوە هەبوو، بۆ بە چۆک داهێنانی ئەو نەمرە، ئەگەر هەبوو بە چ شێوەیەک؟

**مستەفا شلماشی**: فشارێکی یەکجار زۆر لە سەر بنەماڵەکەمان هەبوو. برا گەورەکانم زۆر جار لە لایەن ساواکەوە بانگ دەکران و داوایان لێدەکرا هەوڵ بدەن ئاوارە بێننەوە. کاتێک ساواکییەکان لەوە نائومێد دەبوون، فشاری زۆرتریان دێنا و هەڕەشەیان دەکرد کە دەتان گرین. زۆر جاریش بە وەلام و خەبەریی ناخۆش ئازاری ڕوحیان دەدایین. بەکرێگیراوەکانی ساواک و نۆکەرە کوردەکانی بەر دەرگای تاغووتیش ئازاریان دەداین. دوکان و ماڵەکانمان لە سەردەشت هەمیشە لە ژێر چاوەدێری ساواک دا بوون. چاکم لە بیرە، کە منداڵ بووم و هاوینان لە بازاڕی سەردەشت میوەم دەفرۆشت جارێک کەسێک بە ناوی ساڵحی شافعی کە بۆ قازانجی شەخسی خۆی دەیهەویست خۆی لە لای دەوڵەت شیرن بکا، هات و یەخەی پێگرتم و پێی ووتم کە، براکەم لە دەرەوە چەتەیی دەکا و بۆ خۆشم بازاڕەکەم بە میوە فرۆشی تێکداوە و میوەکەشم گران کردووە، و پێی گووتم کە لە سپەینێ ڕا حەقم نییە بێمەوە بازاڕ. منیش زۆرم لە دڵ گران هات و گوتم کە بە تۆ هیچ مەربوت نییە و براکەشم هەر چییەک بێ، بەس نیە ساواکی نییە و جاسوسی بە سەر خەڵکەوە ناکا. کە ئەوەم پێ گوت پەلاماری دام کە لێمدا. لەو کاتە دا کاک کەریم حەدداد بەوێ دا ڕادەبری، هەر کە گوێی لە باسەکە بوو زۆر بە توندی بە گژ کابرا دا چۆوە و جنێوی پێدان و لە سەری کردمەوە. ئەو کاتیش کاک کەریم هەر ئەندامی حیزب بوو زۆریش نەترسانە جولایەوە. بە هەر حاڵ ئەوە وێنەیەکی زۆر چکۆڵە بوو لە چاو ئەو فشارەی کە دەوڵەت بۆ خۆی دەیهێنا. ئەو ڕووداوە زۆر ناخۆش بوو چونکە لە لایەن هاووڵاتیەکی خۆتەوە بوو. دیارە لە بەرامبەر دا زۆر کەسیش هەبوون کە بە هۆی چالاکیەکانی شەهید ئاوارەوە، زۆریان ڕێز لە بنەماڵەی ئێمە دەگرت.

**پرسیار**: دوایین جار مەلا ئاوارەت لە کوێ و لە چ ساڵێک دا چاو پێکەوتەوە، ئایا دوای ئەوە بوو بە یەکێک لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی ساڵانی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی سەردانی ئێوەی کردەوە، لە کاتی چاو پێککەوتنتان دا هەستی جەنابت چۆن بوو؟

**مستەفا شلماشی**: دوای ئەوەی کە شەهید ئاوارە بوو بە یەکێک لە کادرە لێهاتوەکانی حیزب و یەکێک لە سەرکردەکانی جوڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ ئەمن تەنیا یەکجار چاوم پێکەوتەوە، ئاخرین دیدارم لە گەڵ شەهید ئاوارە لە ساڵی ١٩٦٧ دا

بوو، ئەو کاتەی کە پێشمەرگە بوو نێوبانگێکی زۆر زۆری دەر کرد بوو. ئاواتم ئەوە بوو بیبینم، هەمیشە لە بیری ئەوە دا بووم کە تەمەنم وای لێ بێ بچم لە لای ببمە پێشمەرگە. بۆ کارێکی تایبەتی لە سەردەشتەوە چوو بوومەوە شلماش و ڕەزگە، ئەو کاتەی ماڵمان لە سەردەشت بوو. لە ڕەزگەوە دەچووەوە بۆ شلماش، لە مووچە و مەزرای ماڵێ خوشکم لامدا بۆ ئەوەی شەوێ لەوێ بم. بە هەورازێکی دا سەر کەوتم، هەتا چوومە بەردەمی ماڵێ خوشکم پشووم نەدا. هەر وەک دڵم خەبەری دا بێ بە پەلە بووم بگەمە ئەوێ. خوشکم باوەشی پێدا کردم و بە پێکەنینەوە گوتی، وەختێکی چاک هاتووی. کاکم لێرەیە و هەر لە بن هەورازیەوە بە دوربین چاوت لێدەکا. کاتێک چوومە لای لە قاقای پێکەنینی دا، گوتی تاوێکە چاوت لێدەکەم، هەر وەک گروێسیان۱ دەرۆیشتی. ئەو شەوە زۆر خۆشمان گوزەراند و بەیانی داوام لێکرد ئیجازە بدا کە لە لای خۆی بمێنمەوە و ببمە پێشمەرگە، هێندێک پێم پێکەنی و دوایەش ئیجازەی نەدام بمێنمەوە. ئەوە ئاخر جار بوو کە دیتمەوە، بەداخەوە قەت چاوم پێ نەکەوتەوە.

**ساڵی ١٣٤٦ واتە ١٩٦٧ی زایینی. ئەو کات کە چاوم پێکەوت سێ هەستی گەورە و بەتین لە منی لاو دا جووڵان.**

**١- هەستی خۆشەویستی و ڕێزی لە ڕادە بەدەر بۆ پێشمەرگە، کە یەکێک لە ئاواتەکانم بوو بەو لیباسەوە بیبینم.**

**٢- هەستی خۆشەویستی و ڕێز بۆ ناوبانگەکەی چ وەک قارەمانێکی گەل و چ وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕ کە لە نێو هەموو چین وتوێژەکانی خەڵکی کوردستاندا بە تایبەت لە نێو زەحمەتکێشانی کوردستاندا ڕێزێکی زۆری هەبوو خەڵکی هۆنراوەکانی لە بەر دەکردن.**

**٣- هەستی خۆشەویستی بۆ براییێک کە پەیوەندیەکی تایبەتیی ڕوحیم لە گەڵی هەبوو چەند ساڵ بوو نەمدیبوو.**

ئەوانە هەموی پێکەوە هەستی خۆشیەکی زۆریان لە مندا کۆ کردەوە، هەر بۆیە هەرگیز ئەو ئاخر دیدارەم لە بیر ناچێتەوە و ئێستاش، زەردەخەنەکانی هەر لە بەر چاومن. ئێستاش قسە خۆشەکانی و شۆخیەکانی لە گوێم دا دەزرینگێنەوە.

**پرسیار**: ڕاپەرین و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی یەکێک لە لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و جێگای تایبەت بە خۆی لە مێژووی حیزب و گەل دا هەیە، لەو خەباتە نابەرامبەرە دا بە داخەوە ٣٨ کەس لە تێکۆشەرانی ئەو کاتی حیزب و یەک لەوان مەلا ئاوارە شەهید بوون، دەکرێ لەو پەیوەندیەدا و بە تایبەت لە سەر مەلا ئاوارە زانیاریمان پێ بدەی؟

**مستەفا شلماشی**: جولانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی حیزبی دێموکڕاتە. کادرە لە خۆبردووەکانی حیزبی دێموکڕات لە سەردەمێک دا دژی دەسەڵاتی ئەهریمەنیی پاشایەتی ڕاوەستان، کە لە سەرانسەریی ئێراندا هیچ دەنگێکی

دژایەتی لە گەڵ ڕژیم نەدەبیسترا و ساواک بە سەر هەست و نیستی خەڵکدا دەسەڵاتی هەبوو.

لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە ڕژیم نیازی هەبوو لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا نفوزی خۆی بسەپێنێ و بە ناوی هاوڕەگەزی و ئێرانی گەری، هەموو گەلی کورد بکاتە داردەستی خۆی لە ناوچەدا، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئامادە نەبوو بچوکترین بەش لە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان قەبووڵ بکا. تەنیا دەیهەویست بەعینوانی پارێزەرانی سنووری دەسەڵاتەکەی و بە ناو مەرزدارانی غیور کەڵک لە کوردەکان وەر بگرێ.

ئەو جوڵانەوەیە بە جۆرێک جێگای خۆی لە نێو دڵ و دەرونی کۆمەڵانی خەڵکدا کرد بۆوە، کە ئێستاش داستانی لە خۆبوردوویی و دڵسۆزی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لەو سەردەمیدا وێردی سەر زمانی هەمووی ئەوانەیە کە ئاگاداری شێوەی کاری تەشکیلاتی، پێشمەرگایەتی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو جوڵانەوەیە بوون. بەتایبەت جێ پێی شەهید ئاوارە بە تەواوەتی لەو جوڵانەوەیە دا دیارە و تەنانەت بە هۆنراوە شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتیەکانی خزمەتێکی گەورەی هونەری و فەرهەنگیشی کردووە. هەر چەندە گەلی کورد لەو جوڵانەوەیە دا ژمارەیەک قارەمانی گەورەی وەک شەهید ئاوارە، موعینیەکان، شەریفزادە، باپیر شکاک، سەید فەتاح، مینەشەم، سالح لاجانی، مەلا کەچە، محەممەدی ڕەسوومەرە، ڕەحمان چاوشین، حوسێن خاتون و زۆر قارەمانی دیکەی لە دەستدا، بەڵام یەک بۆشایی گەورەی مێژوی خەبات و تێکۆشانی بۆ پڕ بۆوە. ئەگەر ئەو جوڵانەوەیە نەبوایە، بێ گومان مێژووی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە دوای ساڵی ١٣٣٢ هەتاوییەوە هەتا سەردەمی شۆڕشی تازە، چالاکیەکی ئەوتۆ بەرچاوی تێدا بەدی نەدەکرا. جوڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ پێشمەرگایەتی بوژاندەوە، کاری تەشکیلاتی فێری خەڵک کرد و پەیوەندی کۆمەڵانی خەڵکی بە خەباتی نەتەوەییەوە ڕاگرت و پەرەی پێدا. کاک حەسەنی شیوەسەڵی، شەهیدی زیندوی حیزب و گەلی کورد، کە بۆ خۆی یەکێک لە کادرەکانی ئەو سەردەمە بووە، زۆرجار باسی شێوەی سەرکەوتوی کاری پێشمەرگایەتی و تەشکیلاتیی ئەو سەردەمە دەکا، بە تایبەت شێوەی کاری شەهید مەلا ئاوارە بە سەرکەوتووترین شێوەی کاری تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی دادەنێ.

**پرسیار**: بە داخی گرانەوە مەلا ئاوارە لە بانەمەری ١٣٤٧ دا بە شێوەیەکی زۆر ناجوامێرانە گیرا، و پاش چەند مانگ دواتر لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکەی شەهید کران، دەکرێ باسێکمان بۆ بکەی؟

**مستەفا شلماشی**: بەڵێ، شەهید ئاوارە لە گەڵ دوو هاوڕێی بە ناوەکانی مەلا کەچە و ڕەحمان چاوشین و ڕەحمان ناوێک کە ئەو کاتە تەمەنی نەگەیشت بوو بە ١٨ ساڵ، لە بانەمەڕی ١٣٤٧ دا لە گوندی دیوالان گیران و لە خەرمانانی ئەو ساڵە دا لە گەڵ دوو کەس لە هاوڕێکانی، واتە مەلا کەچە و ڕەحمان چاوشین لە شاری سەردەشت، هەر لەو گەڕەکەی ماڵی خۆمانی لێ بوو واتە نیزیکەی ١٠٠ میتر لەو لای ماڵی خۆمانەوە تیرەباران کران و چوونە نێو ڕیزی شەهیدانی هەرگیز

نەمری گەلەکەمانەوە. ئەو جینایەتەی ڕژیمی پاشایەتی نەک تەنیا زەربەیەکی گەورەی لە جوڵانەوەی گەلەکەمان دا، بەڵکوو بنەماڵەی ئێمەشی بە تەواوی لە نێو برد. بە دوای شەهید بوونی ئاوارەی نەمر دا برایەکیشمان کاک مەحموود گیرا، کاک محەممەد مەجبور بوو شوێنی ژیانی خۆی بە جێ بێڵێ و ڕابکا، دەنا ئەویش قەرار بوو بگیرێ، منیش کە تازە تەمەنم ١٥ ساڵ بوو لە گەڵ کاکە محەممەدم ڕام کرد. تەنیا برا گەورەکەمان مایەوە کە ئەویش لەو کاتە دا بۆ بازرگانی لە تاران بوو. دایکیشم کە گوێی لە تەقەکان بوو و هەروەها سووڕانەوەی هێلیکۆپتەرەکەی بە سەر ماڵی خۆماندا، دیبوو، نەخۆشیەکی کوشەندەی پێیەوە نوساو و هەتا نەیکوشت لە کۆڵی نەبۆوە.

**پرسیار**: ڕەنگدانەوە و کاریگەری گیران و شەهید کرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەران دا و بە تایبەت لە سەر بنەماڵەی خۆتان چۆن بوو؟

**مستەفا شلماشی**: شەهید کرانی مەلا ئاوارە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە سەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و ناوچەی سەردەشت و بانە دا هەبوو. دەتوانم بڵێم تەواوی خەڵکی کوردستان بۆی بە پەرۆش بوون و دەیانزانی کە ڕێبەرێکی گەورەی داهاتویان لە دەستداوە. لە سەر بنەماڵەی خۆشمان کە هەر وەک لە پرسیاری پێشودا باسم کرد، ڕووخێنەر بوو. لە سەر کادر و پێشمەرگەکانی حیزبیش بە داخەوە زۆر کاریگەریی ڕووخێنەری هەبوو.

**پرسیار**: جەنابت لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا چەند ساڵێک تێکۆشانت هەبووە، هۆی چیێە کە بە کەمی ئاوڕ لە تێکۆشەرانی وەک مەلا ئاوارە و شەهیدەکانی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ ی هەتاویی دەدرێتەوە و یا دراوەتەوە؟

**مستەفا شلماشی**: بە داخێکی گرانەوە حیزبی دێموکرات هیچ کاتێک نەیتوانیوە بەڕادەی پێویست، بە قەد باڵای مێژووە پڕ لە شانازیەکانی و شەهیدە سەربەرزەکانی، کەڵک لە هەموو ئەو سەروەریانە وەرگرێ و نرخی تەواو بدا بە شەهیدە سەر بەرزەکانی. دیارە ئەوە بە درێژایی مێژووی حیزبی دێموکرات هۆی جۆربەجۆری هەبووە و بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە سەر زوڵمی زۆری دوژمن لە حیزب و گەلەکەمان. بەڵام دەبێ ئەوەش قەبووڵ بکەین کە حیزبیش بۆ خۆی یەکجار زۆر کەمتەرخەم بووە. بە تایبەت سەبارەت بە جوڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ هەتاویی ڕێبەرایەتی حیزب یەکجار زۆر کەمتەرخەمە. هەر وابزانە دەیهەوێ، لە دوای کۆماری کوردستان هەتا کۆنفرانسی ٣ بازنێکی مێژوویی بدا و خۆی لەو هەموو شانازیانە نەکاتە خاوەن. هیچ بیرەوەریەک لە شەهیدە سەربەرزەکانی ٤٦ - ٤٧ هەتاویی ناکرێ و دەرسێک لەو سەردەمەی کە پڕە لە ئامۆژگاری وەر ناگیرێ. هیوادارم ڕێبەرایەتی حیزب ئاوڕێک لەو مێژوە پڕ لە شانازیە بداتەوە و نرخی خۆی بدا بەو بەشە لە خەباتی حیزب و گەلەکەمان.

**پرسیار**: ڕادەی زانایی و هەڵسوکەوتی مەلا ئاوارە لە لایەن جەنابتەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟

**مستەفا شڵماشی**: من بەش بە حاڵی خۆم ئەوەندە لە نیزیکەوە ئاگاداری کارەکانی شەهید ئاوارە نەبووم. بەڵام ئەوەی لە کادر و پێشمەرگەکانی سەردەمی ئەو وەک کاک حەسەنی شیوەسەڵی، مامۆستا حەسەنزادە، مەلا خدری دۆڵەگەرمی، مەلا عەزیزی ئەحمەدی و زۆر کەسی دیکەم بیستووە، تەنانەت ئەوەی لە زمانی سەرکردەیەکی وەک بەڕێز مام جەلالم بیستووە، شەهید ئاوارە ئینسانێکی لە ڕادە بەدەر تێگەیشتوو و بە توانا بووە. ئەوەش هەم لە هەڵسەنگاندنی کارەکانی دا و هەم لە نێوەرۆکی شێعرەکانی دا دەر دەکەوێ.

**پرسیار**: شەهید مەلا ئاوارە چەندین شێعری شۆڕشگێری و ئەدەبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون، ئەگەر لەو بارەو تیشک بخەیە سەر بەشێک لە شێعرەکانی ئەو شەهیدە نەمرە سوپاست دەکەم و ئەگەر دیوانی شێعرەکانی پێشتر بڵاو کراونەوە، هۆی چیە ئێستا لە چاپ نادرێنەوە؟

**مستەفا شڵماشی**: شەهید مەلا ئاوارە شاعیرێکی زۆر پایە بەرز بووە. ئەوە لە هۆنراوەکانی وەک " توتنەوانێکی هەژارم، بەهەشتی ئالان، ڕەشبگیری، کوردم کوردستانم دەوێ و لایە لایە" دا بە تەواوەتی دەردەکەوێ. هەر چەندە هۆنراوەی کەم بڵاو بۆتەوە، بەڵام بێ شک ئەگەر تەمەن مۆڵەتی بدابایە، بەرهەمێکی چڕوپڕی پێشکەش بە خەزێنەی هونەری کوردی دەکرد. تا ئێستا دوو کەس هۆنراوەکانی شەهید ئاوارەیان لە نامیلکە دا بڵاو کردوەتەوە. کاک عەبدوڵڵا مینایی و کاک حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور کە کاری هەر دووکیان جیگای ڕێز و سوپاسە، بەڵام ئەو دوو نامیلکەیەش هەموو بەرهەمەکانی شەهید ئاوارەی تێدا نییە. هیوادارم لە داهاتویەکی نێزیکدا بە هیممەتی دڵسۆزان بتوانین تیشکێکی بەتینتر بخەینە سەر بەرهەمەکانی شەهید ئاوارە.


زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم.

**مستەفا شڵماشی**: لە کۆتایی دا داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم

١- گروێس ناوی یەکێک لە گوندە خۆش و پڕ لە میوەکانی ناوچەی ئالانی سەردەشتە.

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣١ی ئاگۆستی ٢٠٠٧**

# وتووێژی لە گەڵ بەرێز کاک مەلا ڕەحمان کاژەیی، یەکێک لە پێشمەرگەکان و هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە



**ئامادە کردنی شلێر حەسەنپوور**

**وتووێژی لە گەڵ بەرێز کاک مەلا ڕەحمان کاژەیی، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەروەها هاوڕێی نێزیک و سەردەمی پێشمەرگایەتی لە گەڵ شەهید مەلا ئاوارە.**

**پرسیار: بەرێز کاک مەلا ڕەحمان، سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەوە کە کاتی خۆتت پێداین کە یادێک لە یەکێک لە تێکۆشەرە دێرین و ناودارەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی واتە شەهید مەلا ئەحمەد شلماشی ناسراو بە شەهید مەلا ئاوارە بکەینەوە.**

**وەڵام: بە راستی سوپاسی جەنابت و ماڵپەری گیارەنگ دەکەم بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەو ئەرکە پیرۆز و گرینگە و بۆ ئەو یادە مەزنە، و هەروەها بۆ ئەو زەحمەتە کە جەنابت پاش دەورانێکی دوورودرێژ بە سەر شەهید کرانی ئەو نەمرە دا خستووتە ئەستۆی خۆت، ئەگەر ئیزن بدەی بە کورتەیەک لە سەر خەبات و تێکۆشان دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان دەست بە باسەکەم بکەم.**

**بەڵێ: دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان و پەرشوبڵاو بوونی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ماوەیەکی زۆر جموجۆڵی تەشکیلاتی ئەو حیزبە لە تێکۆشان وەستا، بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی حیزب پەرەوازەی**

کوردستانی عێراق بوون، بەشێک لە لایەن ڕێژیمی شاوە گیران و هێندێکیشیان ژیانی نیوە نەهێنییان بۆ خۆیان هەڵبژارد کە ئەوانیش یەک یەک و دەستە دەستە دەکەوتنە بەر هێرشی ڕێژیم و ڕەوانە گرتووخانەکان دەکران.

پاش ماوەیەکی زۆر لە تاسان و سەر لێشێواوی ڕیزەکانی حیزب، بە هیممەتی کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی ئەو حیزبە، کە هەموو کاتوساتێک لە دەرفەتی لەبار دەگەڕان بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی حیزب و بە تایبەت ئەو کات کە لە کوردستانی عێراق تا ڕادەیەک بواری ئەوە ڕەخسا بوو و دەکرا ئازادانە هەوڵەکان بکرێنە یەک و لە سەر بنەمایەکی پێشکەوتوو و هاوچەرخ ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزب جۆش بدرێنەوە و تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات دەست پێ بکرێتەوە، ئەو دڵسۆزانە هەوڵی خۆیان بۆ بوژانەوەی حیزب دەست پێکردەوە.

ئاکامی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بوو بە هۆی ئەوە کە کۆنگەرەی دووهەمی حیزب بە مەبەستی دارشتنەوەی قەوارەی حیزب و دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ پێک بێ. ئاکام و بەروبوومی کۆنگەرەی دووهەم چ بوو، باسێکی دوور و درێژە کە لێرەدا بواری ئەوە نیە بچینە ناو ئەو باسەوە، لە رابردووش دا زۆری باس لێوە کراوە. ئەوەی مەبەستە لێرەدا بۆ باس کردن ئەوەیە کە هێندێ لە کادرەکانی ئەو کاتی حیزب بەناهەق ڕێگەیان پێ نەدرا لە کۆنگەرە دا بەشداری بکەن و بە هەڕەشە و زۆری چەک ڕاونران و لە ئاوارەیی دا جارێکی دیکە ئاوارە بوونەوە و ڕوویان کردە چیا و بەندەنەکانی کوردستان، کە ئەو حەرەکەتە بوو بە هۆی پێک هاتنی " جووڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی کوردستانی ئێران ". یەکێک لەو کادرە بەوەج و دڵسۆزانەی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویی، مامۆستا مەلا ئەحمەد شلماشی ناسراو بە (مەلا ئاوارە) بوو.

**پرسیار**: بەڕێز کاک مەلا ڕەحمان شەهید مەلا "ئاوارە"ت چۆن ناسی؟

**وەڵام**: تەمەنم لە نێوان ١٦ تا ١٧ ساڵی دا بوو و لە گوندی نەڵاس دەمخوێند، کەسێک کە ئێستا لە ناوخۆی وڵاتە و نامهەوێ ناوی بەرم، هەڵسوورانی لە ناوچەی سەردەشت دا زۆر بوو، زیاتر دەوری ئەو کەسانەی دەدا کە تا ڕادەیەک لێیان دڵنیا بوو، کە باس و لێدوانەکان بە نەهێنی ڕادەگرن، هاتە لام.

ڕۆژێکیان داوای لێکردم کە بچین بۆ قەدەم لێدان، ڕوومان کردە دۆڵەکەی پشت ماڵان، لە ڕێگا دا باسەکەی کردەوە: تۆ ئاوارە دەناسی؟ وتم نەمدیوە، بەڵام ناوم بیستووە. وتی با لێشت نەشارمەوە من ڕاسپاردەی ئەوم و دەمهەوێ شانە بەندی بکەین و کار بۆ حیزب بکەین ... دیارە زۆر سەرم لێ دەر نەدەچوو و ئەویش بەو شێوە زانیارییەکی ئەوتووی نەبوو کە باش بتوانێ مەبەستەکەی دەر ببرێ و حاڵیم بکا کە دەبێ چ بکەین. دوای هێندێ پرسیار و وەڵام، وتی ئاوارە لەم ناوەیە و لە گەڵ چەند کەسێکی دیکە وا دەکەم چاوتان پێ بکەوێ، وابوو بۆ یەکەم جار لە مووچەی چەکۆ، نێزیک گوندی

بێشاسب چاوم بە ئاوارە کەوت.

لەو کۆبوونەوەیە دا، ئەوەندەی لە بیرم بێ دە یا دوازدە کەس دەبووین، ئاوارە قسەی بۆ کردین و ئێمەش تەنیا گوێمان بۆ گرت و کەسمان نەزەرەێکی ئەوتۆی نەبوو، بێجگە لەوەی هەموومان بەڵێنیمان پێ دا کە بە دڵەوە کار دەکەین و چیمان پێ بسپێرێ ئەنجامی دەدەین، ئەوە یەکەم چاو پێکەوتنی من ئاوارەی هەرگیز نەمر بوو.

**پرسیار**: هەڵسوکەوتی شەهید مەلا ئاورە و کاریگەری مەلا ئاوارە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا لە ڕوانگەی جەنابتەوە چۆن بوو؟

**وەڵام**: پێشتر ناوی ئاوارەم بیستبوو، هەر کەس کە ناوی کەسێک دەبیسێ، بەڵام هێشتا نەیدیتووە، لە زێهنی خۆی دا جۆرە بۆچوونێکی لە سەر هەیە، بەڵام کاتێک ئاوارەم بینی، بە تەواوی جیاواز بوو لەوە کە من بیرم لێدەکردەوە، پیاوێکی ڕووخۆش، رووح سووک، خۆ بە کەم گر و تا بڵێی لە بەر دڵان بوو، کاتێک قسەی دەکرد و باس و دەرد و مەینەتەکانی گەلەکەمانی دەکرد، کەس نەیدەتوانی بۆ چرکەیەکیش هەودای خەیاڵی ئەملاوئەولا بکا و خافڵ بێ لە بیستنی وتە بەنرخەکانی، کەس نەبوو بچێتە لای و شەیدای باس و لێدوانەکانی نەبوایە و بە دڵەوە ئەرک و مەئموورییەتەکانی کە لە لایەن مەلا ئاوارە و باسی لێدەکران قەبووڵ نەکرد بایە.

ئاوارە کۆمەڵی کوردەواری زۆر بە باشی دەناسی، لە گەڵ هەر کەس بە زمانی خۆی دەدوا، ئینسانەکانی دەرک دەکردن و ڕێزی لە کۆمەڵانی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانییەوە دەگرت. هەر بۆیە چوو بوو ناو قوڵایی دڵی کۆمەڵانی گەلەکەمان و بە گشتی خۆشیان دەویست و وەک چاوی خۆیان دەیان پاراست.

ئاوارە توانی لە ماوەیەکی زۆر کورت دا، سرنجی کۆمەڵانی خەڵک بەرەو کاری تەشکیلاتی ڕابکێشێ و شانە و کۆمیتەکانی حیزبی دێمۆکرات لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا پێک بێنێ، کە تا ئێستاش شوێنەواری چالاکییەکانی ئاوارە لەو ناوچانەی کاری تێدا کرد بوون، بەدی دەکرێ.

ئەو کات پەیوەندی بێسیمی نەبوو، کارەکان و ڕاگەیاندراوەکان، لە ڕێگای ئەندامانی چالاک و دڵسۆزەوە بەڕێوە دەچوون، بەو حاڵەش ئاگادارییەکان ئەوەندە زوو دەگەیشتن، هەر وەک لە تەکنیکێکی نوێی ئەو کات کەڵک وەر گیرا بێ، وابوو. لە ڕاستی دا ئاڵقەی پەیوەندییەکان بە گشتی کۆمەڵانی خەڵک بوون، کە ئەوەش بە ماندوو بوونی مەلا ئاوارە پێک هات بوو، بە دەیان جار لە شەر و تێکهەڵچوون لە گەڵ جاش و ژاندارمەکان، کە هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی پێ و شوێنی مەلا

ئاوارە و پێشمەرگەکان دا بوون، لە لایەن خەڵکەوە ئاگادار دەکران و دەیان پاراستن.

ئاوارە بێجگە لە کاری تەشکیلاتی و سازماندانی دڵسۆزانی گەلەکەمان، ئەرکی کاری کۆمەڵایەتی و یەک لایی کردنەوەی گیروگرفتەکانی خەڵکی ناوچەشی لە ئەستۆ بوو، کەم کێشەو ناکۆکی هەبوون کە بە قسە لێکردنێکی ئاوارە چارەسەر نەکرابان. خەڵک باوەری پتەو و بەتینیان بە ئاوارە هەبوو و دەیانزانی بە دڵەوە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی دواڕۆژی گەلەکەی دایە.

**پرسیار**: بەرێز کاک مەلا ڕەحمان لە ماوەی پێکەوە بوونتان لە گەڵ مەلا ئاوارە دا بێ شک بیرەوەریتان پێکەوە هەبوون، دەکرێ یەکێک لە بیرەوەرییەکانتان لە گەڵ ئەو نەمرە دا بۆ خوێنەران باس بکەی؟

**وەڵام**: ئاوارە زۆر زوو لە ناوچە دا گوڵی کرد و ناوبانگی دەرکرد و بوو بە خۆشەویستی گشت لایەک، بەڵام بە داخەوە زۆر لە گەڵمان دا نەژیا و کەوتە داوی دوژمنەوە و گیرا، لە گەڵ ئەوەشدا بیرەوەری زۆرم لە گەڵ ئەو نەمرە هەیە کە ناکرێ لێرەدا باس لە سەر هەموویان بکرێ. نموونەیەک لەو بیرەوەرییانە باس دەکەم کە تا ئێستاش بۆم ناچێتەوە سەریەک کە بۆچی وامان کرد؟!

وەک پێشتر باسم کرد ئاوارە خەمخۆری گەل و وەڵاتەکەی بوو و دەیهەویست کۆمەڵانی خەڵک بەوە ڕابێنێ کە بە کردەوە سامانی وەڵاتەکەی خۆیان بپارێزن و روونکردنەوەی خەڵکی لە هەموو بوارەکان دا زۆر لا مەبەست بوو.

یەکێک لەو شتانەی کە زۆر جار باسی دەکرد، پارێزگاری کردن لە جەنگەڵ و لێرەوارەکانی ناوچە بوو و پێی وابوو کە دارستانەکان یەکێک لە سامانە سرووشتییەکانی گرینگی وەڵاتەکەمانە و دەبێ بە هەموو لایەک بیپارێزن، لە ڕێگای شانە و کۆمیتەکانی حیزبییەوە وەک ئەرکێکی گرینگ لە نێو خەڵکدا تەبلیغ دەکرا.

ڕۆژێک لە نێزیک گوندی باساوێ بووین، نازانم کێ هەواڵی بۆ ئاوارە هێنا بوو کە کۆمەڵێک وەڵاخدار لە سەردەشت را هاتوون و لە نێزیک باساوێ داری تەڕ دەبڕن. بە پەلە بانگی کردین، هەر چەند ئێمە زۆر نەبووین، بەڵام شەش نەفەری لێ دەست نیشان کردین کە بچین پێشیان پێ بگرین و نەهێڵین داری تەڕ ببڕن.

وەدوایان کەوتین، بەڵام ئەوان پێشتر باریان لێ نابوو و ڕۆیشت بوون، ئیتر ئێمە نەگەراینەوە لای ئاوارە و کەوتینە دوایان، کاتێک گەیشتینە پشتی گوندی شێوەبرایمە، دیتمان ئەوان نێزیکی جادە ببوون، دیسان نەگەراینەوە و بووینە سێ

دەستەی دوو نەفەری، ئەوەی باشم لە بیر بێ من و میرزا عەولای بێژۆێ کە ئەو کات زۆر چالاک و دڵسۆز بوو، فریا کەوتین لە نێزیک خانووی حاجی ڕەسووڵی کە ئەو وەخت خانوویەک بوو بە تاقەوە و هێندێ لە شار دوور بوو، سێ کەس لە وەڵاخدارەکان بە بارەوە بگێرینەوە بەرەو گوندی شێوەبرایمە. دیارە لە ڕاستی دا ئاوارە بە ئێمەی نەگووت وەدویان کەون و لە نێو شاریش بێ بیان گێرنەوە، پێی وابوو لەو نێزیکانەن و مەبەستی ئەوە بوو کە نەفەرەکان ببینێ و لەو بارەوە قسەیان بۆ بکات.

ئێمە کە زۆرمان پێ چوو، ئاوارە و چەند کەسێکی دیکە کە لە لای مابوون، بە نیگەرانییەوە بە هانای ئێمە هاتبوون و لە پشتی ئاوایی شێوەبرایمە یەکمان گرتەوە. ئاوارە لەو کارەی ئێمە زۆر تووڕە بوو، وەڵاخدارەکانی لە بیرچوونەوە، یەکێک لە پێشمەرگەکانی لە نێو دەوەنەکان را ناردە خوارێ پێی گووتین زوو بۆ خۆیان وەرن و وەڵاخدارەکان ئیزن بدەن با بڕۆن!

کاتێک چووینە لای ئاوارە، دیتمان ناوچاوانی تێک ناوە و زۆر تووڕەیە، یەکەم قسەی ئەوە بوو: "هەواڵی نێو شاری چییە؟!" ماوەیەک کەس قسەی نەکرد. من بەش بە حاڵی خۆم بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێمە ئەو کارەمان بۆ کرد؟ ئەگەر لە سەر جادە تووشی شەڕ ببایین، بێجگە لە خۆکوژی چیترمان لە دەست دەهات؟ بێجگە لەوانە هەمیشە ئاوارە ئامۆژگارییەکانی ئەوە بوو کە کاری ئێمە کاری تەشکیلاتی و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە لە زوڵم و زۆری ڕێژیم و دەرەبەگەکان....

زۆری پێ نەچوو، فڕۆکەیەک لە جۆری پلاتۆز کە زیاتر دەوری کەشف و زانیاری کۆ کردنەوەی هەیە، پەیدا بوو و دەستی کرد بە گەڕان لە ناوچەکە دا، ئێمە بڵاو بووین و لە نێو دەوەنەکان دا خۆمان شاردەوە. شەهید ئاوارە دیار بوو هێندێ لە تووڕەییەکەی تەواو ببوو، لە بەر خۆیەوە دەیگووت: "ئێستا دایکم ڕەنگە زۆری شایی پێم بێ، کوڕەکەی پێ ئەمیر ئەرسلانی ڕوومە، نازانێ ئەوە لە نێو ئەو دەوەنە دا جۆرێک خۆم مەڵاس داوە، ئەگەر پەلەدار کەلەکەشم کون بکەن، ناوێرم خۆم بجووڵێنم"، ئەوە یەکێک لەو دەیان بیرەوەرییە کە لە گەڵ ئەو شەهیدە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان هەم بوو.

**پرسیار**: لە سەر گیرانی شەهید مەلا ئاوارە زۆر بۆچوون و نەزەری جۆراوجۆر هەبوون و باسیان لێوە کراوە، ئایا لە کاتی گیرانی شەهید ئاوارە دا جەنابت لە ناوچە دا بووی و تا چەند لە گیرانەکەی ئاگاداری و گیرانەکەی لە گوندی دیواڵان بە چ شێوەیەک بوو؟

**وەڵام**: ئاشکرایە داگیرکەرانی کوردستان بۆ سەرکوت کردنی جووڵانەوەکانی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، هەمیشە هەوڵیان داوە، سەرانی جووڵانەوە بە هەر شێوەیەک بێت لە ناو بەرن. بۆ ئەو مەبەستەش زۆرجار کەڵکیان لە خۆفرۆشان و ناحەزانی جووڵانەوەکان وەر گرتووە، دزەیان کردۆتە ناو ڕیزەکانی خەباتگێران بۆ لە داو خستنی سەران و بەرپرسانی ڕاپەرین و

جووڵانەوەکان.

یەکێک لە سەرکردەکانی ڕاپەرینی ٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاویی، کوردستانی ئێران کە ئامانجی سەرەکی بوو بۆ ڕێژیمی شا و هەر دەم هەوڵیان دەدا بە شێوەیەک لە داوی بخەن، شەهید مەلا ئاوارە بوو، کە بە داخەوە زۆر سادە و ساکار بە دەستیانەوە هات و دەست بەگیریان کرد. لە سەر گیرانی ئاوارە تا ئێستاش حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، نە لە کاتی خۆی دا کە لە ناوچە دا دەسەڵاتدار بوو و نە ئێستاش کە ئێستایە، ئەو زەحمەتەی بە خۆی نەدا لەو بارەوە لێکۆڵینەوە بکا و ڕوونی بکاتەوە کە تاوانباری ئەسڵی کێیە؟ هەر چەندە زۆریش ئاسان بوو دیتنەوەی تاوانباران، چونکە یەکێک کە ئەو کات چەکداری ڕێژیم بوو و دوایەش گەڕایەوە ناو حیزب، بەشداری ڕووداوەکە بوو، دەکرا بە وردی لێکۆڵینەوەی لە گەڵ دا کرا با، کە بێ شک بەڵگەی ڕاستییەکان بە دەست دەهات.

بەڵام بۆ نەکرا و پاش گوێ خرا، جێگای باسە؟!

شەوێک لە شەوانی بانەمەڕی ١٣٤٧ی هەتاویی، ئێمە لە دۆڵی بەردەسووری خوار گوندی ئاغەڵان بووین، قەول وابوو بەرەو گوندەکانی دەم چۆم بچین. زۆر باشم لە بیر نەماوە ژمارەمان چەند کەس بوو، بەڵام بێ شک لە ٢٥ کەس زیاتر نەبووین، سێ، چوار کەسیش لە کادر و پێشمەرگەکانی ناوچەی پیرانشار وەک شەهید ساڵح لاجانی، مەلا سمایل زەرگەتەنی و دوو نەفەری دیکە هاتبوونە لای مەلا ئاوارە، بۆ باس و ڕاوێژ کردن لە سەر پتەو کردنی پەیوەندییەکانی ناوچەکانی سەردەشت و پیرانشار و چەند ڕۆژێک بوو ئەوانیش لە گەڵمان بوون.

ئاوارە بانگی من و شەهید لەتیف نەقشبەندی کرد و پیی گووتین کە بە نیازە بچێتە گوندی دیواڵان، بۆ بەڕێوەبردنی کارێکی تایبەتی، گووتی ئێوە پێویست ناکا بێن و بچنە گوندی سەرشیو و ئێمەش دوای تەواو بوونی کارەکەمان دەگەڕێنەوە لای ئێوە، ناوی شەومان دانا و لێک جیا بووینەوە.

جێگای ئاماژە پێ کردنە کە ئێوارەی ئەو ڕۆژە " ڕەحمان شەخسی" کە ئەویش خەڵکی گوندی دیواڵانە و زۆر جێگای متمانەی ئاوارە بوو، هاتە لامان و لە گەڵ ئاوارە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان کرد و بڕیاریان دا بوو کە بێجگە لە مەلا کەچە و ڕەحمان کە هەر دووکیان خەڵکی گوندی دیواڵان بوون و لەهەمان کاتیش دا لە پێشمەرگە هەڵسوورەکان بوون، کەسیتر لە گەڵ خۆیان نەبەن.

دیارە لەو شێوە سەفەری ئاوارە و لەوە کە نەیهێشت ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە لە گەڵی بچین، هێندێ نیگەران بووین، بەڵام لە بەر ئەوە کە لە "رەحمان شەخسی" دڵنیا بووین و زۆرجاری دیکەش لەو جۆرە سەفەرانەی لە گەڵ کرد بوو، بە نابەدڵی و دڵەڕاوکێوە، ناوی شەوی داینێ و ئەوان بەرەو گوندی دیواڵان و ئێمەش بەرەو گوندی سەرشیو، وەرێ کەوتین.

کاتێک گەیشتینە گوندی سەرشیو، بە چەند گروپ دابەش بووین. دوای نان خواردن و حەسانەوە و قسە و باس لە گەڵ خەڵکی گوندەکە، دەوری کاتژمێر ۱۰ی شەو بوو، کە یەکێک لە پێشمەرگەکان، کە نۆرە کێشکی بوو، خۆی بە ژووریٰ دا کرد و گووتی: لە لای دیواڵان دەنگی تەقی دوو تەفەنگان هات، ئێمەش بە پەلە خۆمان پێچاوە و بەرەو دیواڵان وەرێ کەوتین.

نێزیک کاتژمێر ۱۱ی شەو بوو کە بە تەواوی لە چەند لاوە، گەمارۆی گوندەکەمان دا، زۆرمان هەول دا کە کەسێک وەدەست بێنین و لە وەزعەکە ئاگادارمان بکا، بەڵام لە تەواوی ئەو گوندە بێجگە لە دەنگی سەگان چیتر نەدەبیست. پاش ماوەیەک بێ دەنگی، شەهید قەرەنی ناسراو بە (عەلی یە ڕەش) کە لە گەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە لە لای خوارەوەی ماڵەکان، حەوزێکی لێ بوو و لەوێ سەنگەری گرت بوو و تیربارێکی زۆر باشی پێ بوو، لە کۆڵانێکی نێزیک حەوزەکە چەکداری دیتبوون، دەنگی دان و هەر دوای چەند چرکەیەک تەقەی لێ کردن، بەڵام چ تەقەیەک، بێ دەنگی شەوی شکاند هیچ، پەلە سوانەی خانووەکەش ئاوری گرت و ئیتر هەر ئەوە بوو کە لە هەموو لایەکەوە تەقە دەستی پێ کرد، وێرای تەقە کردن، بانگ کردنی ئاوارە و هاوڕێکانیشی بەردەوام بوو، هیچ کەس لە خەڵکی گوندەکە دەنگی لێوە نەدەهات و نەمان دەزانی ئاوارە لە چ ماڵێکە. ئەو وەزعە نێوە نێوە بەردەوام بوو، تا ڕۆژ ڕووناک بوو. پاشان هێندێک لە ماڵەکان دوور کەوتینەوە و لە چەند بەرزایی دەوری گوندەکە سەنگەرمان گرت و چاوەڕوانی ئەوە بووین کە چەند و چۆنی وەزعەکەمان لێ ڕوون بێتەوە و هەواڵێکی درووستمان دەستکەوێ، بۆ ئەوەی بتوانین لە رووی نەختێ زانیاری یەوە، هێرش بەرینە ناو گوندەکە.

پێشمەرگەکان وڕەیان زۆر بەرز بوو. شەهید ساڵح لاجانی کە تەنیا کەسێکی بە تەجرووبە و پێکراو بوو لە نێوماندا و پێشمەرگەیەکی تا ڕادەیەک کۆن و کارامە و بە ئەزموون بوو و لە شۆڕشی کوردستانی عێراق دا چالاکانە بەشداری کرد بوو، زیاتر ئەرکی فەرماندەیی بە دەستەوە گرت بوو و شوێنەکانی جێگر بوونی پێشمەرگەکان و هەروەها دیاری کردنی چەند کەناڵێک بۆ هێرش کردن و دابەش کردنی دوو، سێ گرووپی چووکە بۆ بەرگری و هێرش بەرانی خستە ئەستۆی خۆی.

زۆر چاوەڕوان بووین هیچ هەواڵێکمان گیر نەکەوت، لە تەواوی ئەو گوندە کەسێکمان نەدی لە ماڵ بێتە دەر و جووڵە بکات، پەلەوەر و حەیواناتیش بە کەمی دەدیتران، هەر وەک ئەوە ئەو گوندە خاپوور بوو بێ.

دەوری کاتژمێر ٩ی بەیانی بوو، هەلیکۆپتەرێک لە ئاسمانی ناوچەکە پەیدا بوو، دیار بوو نەفەر هەڵگر بوو و خەریکی ئەوە بوو بچێتە ناو گوندەکە و لەوێ بنیشێ، بەڵام پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد و ناچار بوو بگەڕێتەوە بەرەو سەردەشت.

دوای گەڕانەوەی هەلیکۆپتەرەکە و نیو سەعاتێک دواتر، پیرێژنێک لە نێو ماڵان را بەرەو شوێنی ئێمە وێ‌هەڵگەرا و وردە وردە تا گەیشتە لای ئێمە، زۆرمان پێ خۆش بوو، پێمان وابوو هەواڵێکی لە چەند و چۆنی جاش و ژاندارمەکان و هەروەها وەزعی ئاوارە و هاوڕێکانی بۆ ئێمە پێ یە. بەڵام کاتێک گەیشتە لای ئێمە، تەنیا نامەیەکی پێچراوەی چووکەی پێ بوو کە ئاوارە نووسیبووی، تەنانەت ئەو نەیدەزانی ئەوەی نامەکەی داوەتێ کێ بووە، دەیگووت: بە منیان گوتووە ئەو نامەیە بەرە بۆ ئەوبەری بۆ ئەوەی گوندەکە وێران نەبێ. کاتێک نامەکەمان کردەوە، تەنیا سێ، چوار خەتێک بوو، بە ناوی ڕەمزی من و لەتیف نەقشبەندی یەوە نووسرا بوو، داوای کرد بوو، "ئەگەر دەتان هەوێ من ڕزگارم بێ، دەوری گوندەکە چۆل بکەن، دڵنیا بن من ڕزگارم دەبێ."

پیرێژن گەڕایەوە و پێشمەرگەکان زیاتر لە گوندەکە نێزیک بوونەوە، لە کۆڵانێک را یەک دوو جاش و ژاندارم خەریکی ئەوە بوون بە لا شیوێک را بەرەو بەرزاییێکی گوندەکە وەسەر کەون، پێشمەرگەکان زۆر بە توندی جاشەکانیان وەبەر ڕێژنەی گوللەی چەکەکانیان دا، دیار بوو پێکرا بوون و کوژراو بریندایان هەبوون، چوونکە ئەگەر تەقە تاوێک بێ دەنگ دەبوو، یەکێک بە ڕاکردن دەهات و کەسێکی بە خێشکە خێشک بۆ لای شوێنی ئەمن و بەرەو خوارەوە ڕاکێش دەکرد.

ئەو وەزعە هەروا درێژەی کێشا تا دەمی نیوەڕۆیە. دیسان پیرێژن وێ هەڵگەڕایەوە و نامەیەکی دیکەشی هێنا. ئەو جارەیان نامەکە فەرقی هەبوو لە گەڵ هی پێشوو. لە نامەی پێشوو دا وێدەچوو بە زۆر و تەهدید پێیان نووسیبێ. بەڵام جاری دووهەم ناوی ڕەمزی و ڕوونکردنەوە و باسی ئەو کاتە کە لە دۆڵی بەردەسوور لێک جیا بووینەوە و لە هەمووی گرینگتر ناو و ڕەمزی شەوی نووسیبوو کە بە زۆر ناکرێ ئەو کارە بکرێ، چوونکە تەنیا ناوی شەو من دەمزانی لە گەڵ خۆی کە دەکرا شتێکی دیکە بنووسێ بێ ئەوەی ژاندارمەکان هەست پێ بکەن. * دوای ئەوە، چەند کەسێک کۆبووینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ناوەڕۆکی نامەکە و هەروەها بۆ ئەوەی کە دەبێ چ بکەین؟ دیارە ئێمە ناکۆکیمان کەوتە ناو، بەشی هەرە زۆر نەزەریان ئەوە بوو کە ئاوارە خۆی تەحویل داوە و ئەو شێوە چوونەشی بۆ دیوالان، تەنیا بۆ سەر لێشواندنی ئێمە بووە. بەتایبەتی شەهید ساڵح لاجانی و مەلا سمایل زەرگەتەنی و هێندێ لە هاوڕێیانی دیکەش زۆر تووڕە بوون و لە ڕاستیش دا فەرماندەیی لە دەست ساڵح لاجانی دا بوو.

لە لایەک نارازی بوونی زۆربەی پێشمەرگەکان لە نامەکانی ئاوارە، لە لایەکی‌تر بێ هەواڵی لە چەند وچۆنی جاش و

ژاندارمەکان و وەزعی ئاوارە و هاوڕێیانی، وای کرد کە تووشی سەر لێشێواوی و دوردۆنگی بین و نەتوانین بڕیاری هێرش بۆ ناو ئاوایی بدەین، یا لانی کەم درێژە بە گەمارۆ دانی زیاتری ئاوایی بدەین تا زیاتر وەزعەکەمان بۆ ڕوون ببێتەوە.

لە کۆتایی دا گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە دەوری گوندەکە چۆل بکەین، بە وشەی پاشەکشە شوێنەکەمان بە جێ هێشت ئەوە: "بزانین فەرمایشەکانی ئاوارە بە قازانجی گشتی یە یا هەر ئی خۆی"؟ دوای ڕۆیشتنی ئێمە دەرکەوت کە جاش و ژاندارمەکان لە مزگەوت کۆبوونەوە و لە بیری ئەوە دا بوون کە خۆ بە دەستەوە بدەن، بە شەرتێک کەسێک دڵنیایان بکا کە ناکوژرێن و ئازاد دەکرێن، خۆ تەسلیم دەکەن، بەو حاڵەشەوە لە تەواوی ئەو گوندە دا پیاوی تێدا نەبوو لەو حاڵەتەی جاشەکان ئاگادارمان بکاتەوە.

**پرسیار**: دوای گیرانی مەلا ئاوارە، و دڵنیا بوونتان لەوە کە دوژمن پیلانەکەی سەر کەوتووە و ڕەنگ بێ پیلانی دیکەشی بۆ ئێوە هەبێت، ئێوە ئەو دەستە پێشمەرگەیە بەرنامەتان چی بوو؟

**وەڵام**: چەند ڕۆژ دوای گیرانی مەلا ئاوارە، بۆ ماوەیەکی کورت سەر لێشێواوی و دڵەڕاوکێ و ناهومێدی بە دوارۆژ، قەوارەی ئێمەی داگرت بوو، بەڵام دەبوو بە کردەوە نیشان بدەین کە ئێمە درێژەدەری تا سەری ڕێگای ئازادی کوردستانین، هەر بۆیە کۆبوونەوەیەکی تا ڕادەیەک گرینگمان پێکهینا، جێگای ئاماژە پێ کردنە کە لە جەریانی گیرانی مەلا ئاوارە دا، کاوە مارەغانی کە بە ڕاستی کوڕێکی زۆر ئازا و نەترس بوو، لە گەڵمان نەبوو، مەلا ئاوارە، شەهید کاوە و چەند پێشمەرگەیەکی نارد بوونە ناوچەی ئالان. بێ شک ئەگەر کاوە لە گەڵ ئێمە بایە، وەزعەکە فەرقی دەکرد و وێدەچوو گوێی نەدابایە نامەکانی ئاوارە و هەر جۆرێ بوایە کارەکەی یەک لا دەکردەوە، و بە پێی شارەزایی کە هەیبوو دەستووری هێرش و پەلاماری بۆ نێو گوندی دیواڵان دەدا و ئەگەر بە تەنیاش بایە و بە مەرگی خۆشی تەواو بوایە خۆی لە نێو گوندەکە داویشت و نەی دەهێشت ئاوارە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، بەڵام داخی گرانم کاوەی قارەمان و شۆرشگێر لەوێ نەبوو.

دوای گەڕانەوەی کاوە مارەغانی هەرگیز نەمر، لە کۆبوونەوەیەک دا کە شەش، حەوت کەسێک بووین، زۆری سەرکۆنە کردین کە چۆن بوو ئێمە ئاوا ساویلکە و نەزانانە فریومان خواردووە و پاشەکشەمان کردووە؟! بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆر بە ورە بوو و وتی ئێمە درێژە بە خەبات دەدین و هەر جۆر بێ ئاوارە خۆی تەحویل دابێ یا گیرا بێ، ئاکامەکەی هەر یەکە ئێمە ئاوارەمان لە دەست داوە، کە وابوو دەبێ حیساب لە سەر خۆمان و پشتیوانی خەڵک بکەین... لەو کۆبوونەوەیە دا بڕیاری ئەوە درا کە زۆر لە جاران زیاتر نەهێنی کاری بکەین و هەڵس و کەوتمان جۆرێ بێ کە دوژمن هەست بە بوونی ئێمە لە ناوچەکە دا نەکات و زەربەی قورستر لە پەیکەری ئەو جووڵانەوەیە نەدات، تا پەیدا بوونی شەهید قادر شەریف بە تەواوی ئەو کارەمان کرد و لەوپەڕی نەهێنی کاری دا ئەرکەکانمان بەڕێوە دەبردن.

دیارە یەک، دوو مانگ دوای گیرانی مەلا ئاوارە، قادر شەریف خۆی و هەشت نۆ کەسێک هاتنە ناوچەی سەردەشت و پەیوەندی گرت و یەکترمان دۆزیەوە. کاک قادر شەریف کۆمەڵێک پێشمەرگەی لە گەڵ بوون، کە لە ئێمە کارامەتر بوون و چەک و چۆڵی باشتریان پێ بوو، ئەوەش بە کردەوە هەستی بەرەو ڕوو بوونەوە و بەربەرەکانی لە گەڵ جاش و ژاندارمەکان لە ئێمە دا بە هێزتر کرد بوو، بۆیە زۆری پێ نەچوو کە کۆمەڵێکی زۆر لە جاش و ژاندارمەکانمان لە دەوری گوندی سەرشیو گەمارۆ دان و گورزێکی باشمان بە تۆڵەی ئاوارە لێوەشاندن، کە ئەوەی لە بیرم بێ تەنیا یەک ژاندارمیان بە ساخی لێ دەرچوو و ئەوانی دیکە هەر هەموویان کوژران، بێجگە لە فەرماندەکەیان کە بە بریندار خۆی شاردبۆوە. دیارە تێک هەڵچوونی دیکەش هەر لەو ماوەیە دا ڕووی دان کە گرینگترینان شەڕی ناوچەی شڵماش بوو.

بە داخەوە کاک قادر شەریفیش، هەر چەند پیاوێکی تا بڵێی تێکۆشەر بوو، بەڵام کەسێک وا نەبوو کە بتوانێ ڕێبەرایەتی ئەو جووڵانەوەیە بکات، بۆیە هومێد بە دوا ڕۆژ و درێژەدانی خەبات، زۆر بە قووەت نەبوو، دیارە لەو جووڵانەوەیە دا و بە هیممەتی چەند کادرێکی ناسراو و تێکۆشەری وەک مەلا ئاوارە، لە هێندێک ناوچە توانرا بوو زنجیرە تەشکیلاتێکی زۆر بە هێز و پتەو پێک بێ، کۆمەڵانی خەڵک بە تەواوی تواناوە، پشتی ئەو جووڵانەوەیان دەگرت، ناحەز لە هێندێک ناوچە دا زۆر کەم بوون و یەک پارچەیی خەڵک بەرچاو بوو، بەڵام بە داخەوە بە بێ ڕێبەری نەدەکرا لە کوردستانی ئێران درێژە بە تێکۆشان بدەین.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری جووڵانەوە، کە لە سەرەتای دەست پێ کردنی جووڵانەوەکە دا پێک هاتبوو، تا ڕادەیەک لێک هەڵوەشا بوو و سیستەمی بەڕێوەبەری و سیستەمی تەشکیلاتی مەسئول نەبوو کە ناسراو بێ و بتوانێ جووڵانەوەکە بەڕێوەبەرێ، دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەوەی مابووین، هەموومان کەم ئەزموون و پێ نەکراو بووین، تەنیا وەرەی شۆڕشگێریمان لە سەرێ بوو، بەڵام نەمان دەزانی کە چۆن لەو ورە شۆڕشگێڕیە کەڵک وەر بگرین، لە جیاتی گرینگی دان بە کاری تەشکیلاتی و خۆ بواردن لە تێک هەڵچوون و شەڕی چەکداری لە گەڵ ڕێژیم، " کە لە ڕاستیش دا توانای ئەو چەند کەسە ئەوە نەبوو کە حیسابی زۆری لە سەر بکرێ و بۆ خۆشمان هەستمان پێ نەدەکرد"، لە هەوڵی تێک هەڵپڕژان لە گەڵ هێزەکانی ڕێژیم دا بووین کە بە بڕوای من زۆر نادرووست بوو و هیچ پشتیوانێکیشمان بێجگە لە خەلکی دڵسۆز نەبێ، نەبوو، بۆیە بە داخەوە دوای گیرانی ئاوارە زۆری نەخایاند کە پەراوازەی باشووری کوردستان بووین و جووڵانەوەی ٤٦ و ١٣٤٧ یش بە داخەوە کۆتایی پێ هات و چۆ نێو لاپەرە زێرینەکانی مێژووی خەباتی قارەمانانەی گەلەکەمانەوە.

**پرسیار**: لە کۆتایی دا زۆر سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەم و هیوادارم کە لە ژیانتان دا سەرکەوتوو بی، ئەگەر شتێکی زیاترت لە سەر مەلا ئاوارە هەیە دەتوانی لەو کۆتایە دا باسی بکەی؟

**وەڵام**: من تەنیا لە کۆتایی دا ئەوەندە دەڵێم کە مەلا ئاوارە بۆ گەلی کورد زەحمەتی زۆری کێشا و گیانی خۆی لەو پێناوە دا بەخشی هەر بۆیە پێویستە کە گەلی کوردیش ڕێز لە خزمەت و تێکۆشانی مەلا ئاوارە و باقی شەهیدانی دیکەی ساڵانی ٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی بگرن و بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی کە ئازادی و ڕزگاری کوردستانە، لە ڕۆژە سەختەکانی ئەو سەردەمە و لە تێکۆشانی ئەو نەمرانە ئەزموون وەر بگرن، جارێکی دیکە سوپاس بۆ جەنابت و سەرکەوتوو بی.

منیش سوپاست دەکەم.

ئامادەکردنی شلێر حەسەن‌پوور

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٧**

**تێبینی کاک مستەفا شڵماشی**

* نازانم بۆ هەرچەندی دەکەم ناتوانم باوەڕ بەو داستانەی بکەم. هەمو ئەوانەی ئاگاداربون دەڵێن بەری بەیانی هیلیکۆپتەر ئاوارە و هاوڕێیانی گواستوەتەوە بۆ سەردەشت. ئەوە تەنانەت لە زمان کاربەدەستانی دەوڵەتیشەوە گوتراوە. کەچی بە پێی ئەم بۆچونە دەبێ لای نیوڕۆیە نامەی بۆ هاوڕێکانی نوسیبێ. لێرەدا دەڵێ هێلیکۆپتەر نەی توانی بنیشێتەوە. پاشان وادیارە نەزەری زۆربەیان لەو کاتەدا ئەوە بوە کە ئاوارە خۆی تەحویل داوە، لەو لاشەوە دەڵێ پێشمەرگە زاڵ بوە بەسەر وەزعەکەدا. ئەگەر وا بووە بۆچی بە قسەی ئاوارەیان کردوە و هێرشیان نەکردوە. ئەگەر واش نەبوە و ئاوارە لە داو کەوتوە و ئەوان بە وەخت پێیان زانیوە و دەشیان توانی نەجاتی بدەن بۆ ئەو کارەیان نەکردوە. چۆنە تا نیوڕۆیە ماونەوە، کەچی لە نکاو بە جێیان هێشتوە. دیارە بە خوێنی شەهید ئاوارە، مەسەلەی خۆ تەحویل دانەوە ڕەت کرایەوە. ئەگەر وابوایە بیگومان شەهیدیان نەدەکرد. تازە پێشمەرگە سادەکانیشیان ئیعدام کرد تا بەو دەگا. لە کاتێکدا کەسانی دیکەی بەرپرس لەو سەردەمی دا خۆیان تەحویل دایەوە و نەک تەنیا ئیعدامیان نەکردن بەڵکو یارمەتیشیان دان بخوێنن و کار و پۆستیشیان دانێ. دوایەش کە شا ڕوخا لە نیو حیزب دا دووبارە بوونەوە بەرپرس.

## وتووێژ لەگەڵ بەرێز حاجی حوسێن حەدداد، یەکێک لەتێکۆشەرانی دێرینی حدک و هاوڕێی شەهید مەلا ئاوارە



وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ لە گەڵ بەرێز حاجی حوسێن حەدداد، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە تێکۆشان و ڕۆڵی شەهید مەلا ئاوارە.

**پرسیار**: بەرێز کاک حاجی حوسێن حەدداد، سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەوە کە بە دەنگمانەوە هاتی کە یادێک لە یەکێک لە تێکۆشەرە دێرین و ناودارەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی واتە شەهید مەلا ئەحمەد شلماشی ناسراو بە شەهید مەلا ئاوارە بکەینەوە.

**وەڵام**: منیش زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو ئەرکە گرینگ و پڕ بایەخەی کە جەنابت پاش ٣٨ ساڵ بە سەر شەهید کرانی ئەو نەمرە دا خستووتە ئەستۆی خۆت، هیوادارم کە منیش بە نۆرەی خۆم بتوانم تیشک بخەمە سەر بەشێک لە تێکۆشانی ئەو تێکۆشەر و شۆڕەسوارە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان.

**پرسیار**: بەرێز کاک حاجی حوسێن حەدداد مەلا ئاوارە یەکێک لە هەڵسوڕێنەرانی جووڵانەوەی ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاویی بوو، جەنابت مەلا ئاوارەت چۆن ناسی و پەیوەندیت لە گەڵ ئەو نەمرە چۆن بوو؟

**وەڵام**: بە هۆی ئەوەی ئیدارەی فەرهەنگ سەرپەرستی ئیدارەی ئەوقاف بوو، لە کاروباری مزگەوتەکان و مەدرەسەی دینی واتە (حوجرەی فەقێ) یان دا نەخشی هاوکاری هەبوو، لە ساڵانی١٣٣٠ تا ١٣٣٨ چەند مامۆستای«موستەعید» لە لای

عەللامەی بە ناوبـانگی سەردەشت مەرحومی مامۆستا مەلا «عەلیقازی» ناسراو بە «قـازی عەلی سەردەشتی» ئیجـازەی مەلایەتییان وەرگرت.

لەو ساڵانە دا کەمن لە قوتابخانە دەرسم دەخوێنـد لـە کـاتی ئیجـازە دانـی مەلایـەکان دا لـە لایـەن ئیـدارەی فەرهـەنگ بـە هەموو قوتـابییەکانی پۆلی ٤ و ٥ و ٦ ڕادەگـەیاندرا کە دەبێ بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە بکەن ئێمەش لەخوامان دەویست.

بـە هـۆی دۆسـتایەتی بنەماڵـەیی‌مان شـادرەوان جـەنابی قـازی زۆر سـەردانی بـاوکی ڕەحمـەتیمی دەکـرد و زۆریشـی کـاکم (کەریم حەدداد) خۆش دەویست، کاکم هاتووچۆی فەقێیەکانی دەکرد.

وام لە بیرە دوەم کەس کەئیجازەی مەلایەتی لەلای جەنابی قازی وەرگرت بەڕێز مامۆستا مەلا«محەممەد هەمەوند» ناسـراو بە مەلا (محەممەد شلّماشی) بوو، من لەحوجرەی مزگەوتی سووری سـەردەشت (مزگەوتی جامیعە) و لـە داوەتـی ئیجـازە وەر گرتنی مـامۆستا مەلا(محەممەد) دا مەلا (ئەحمەد شلّماشی)م ناسی، دیارە ئەویش هەر لە لای قازی دەیخوێند.

ساڵانی دوایی مەلا (ئەحمەد) دەستی لەخوێندن هەڵگرت و لە گـوندەکانی دەوروبەری شار معامەلەی دەکرد.

هاتووچۆی مەلا ئەحمەد بـۆ گونـدەکان و هەڵسوکـەوتی لـە گـەڵ خـەڵک بـوو بـە هـۆی ئـەوە ئـاڵ و گـۆڕێکی قـوڵ لـە بـاری کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەوە لەو مرۆڤە هەڵسووڕ و گـەل دۆستەدا پێک بێت، ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی منیان برد بـۆ سـەربازی، ساڵی ١٣٣٩ گەڕامەوە هەرکاتێ مەلا ئەحمەد بهاتبایە سەردەشت سەری ماڵ یا دوکانی ئێمەی دەدا و لە گەڵ کـاکم سـرت و خورتیان دەکرد.

**پرسیار**: شەهید مەلا ئاوارە ماوەیەک لە ناوچەی سەردەشت دا خەریکی کـاری ڕۆژانـەی خـۆی دەبێت و لـە پـڕ بـۆ ماوەیـەکیش کەس نازانێ کە مەلا ئـاوارە چۆتـە کوێ و چـی لـێ بـە سـەر هـاتووە، ئەگـەر جـەنابت لـەو پەیوەندی‌یـە دا زانیاریمـان پـێ بدەی، گەلێک سوپاست دەکەم؟

**وەڵام**: دوای گەشـە کردنـی کومیتـەی حیزبـی لـە سەردەشت و دەوروبـەر لـە سـاڵی ١٣٤١ مـن بـە ئەنـدامی کومیتـەی حیـزب هـەڵبژێردرام، شـەهید ئـاوارە هـاتووچۆی گـەرمێنی دەکـرد مـاوێکی زۆر بـوو ئـاوارەم نـەدیتبوو، لـە هـاوینی ئـەو سـاڵە دا ڕۆژێکیان لە دوکانی ئاسنگەری ئێمە پەیدا بوو دوای چاکوچۆنی لە گەڵ کاکم چونە عەمباری دوکانەکەمان، دوای ماوەیـەک مەلا ئەحمەد ڕۆیشت، لە کاکم پرسی دەمێکە مەلا ئەحمەد دیـار نییـە نـەیگوت لـەکوێ بـووە، کـاکم گـوتی ئـەو مـاوە باسـی

ئەووەمان دەکرد، ناوبراو لە گەرمێن بووە، چۆتە لای هاوڕێیانی حیزبی بۆ ئەوەی بمێنیتەوە، لە بەر ئەوەی نەیان ناسیوە وەریان نەگرتووە و داوای ناساندنیان لێکردووە، هەر ئێستا بڕۆوە ماڵێ و نامەیەکی بۆ بنووسە و وەکوو مرۆڤێکی دڵسۆز بە هاوڕێیانی بناسێنە، ناوی نەهێنیو ژمارەی ڕەمزی منو خۆتی لێدە و مۆری بکە و لە ناو کلکی تەورداسێکی بهاوێژە و کە مەلا ئەحمەد هاتەوە تەسلیمی بکە، من دەمودەست چومەوە ماڵ و نامەیەکم لەمبارەوە نووسی و ناوی نەهێنیو ژمارەی ڕەمزی کاکم و خۆمم لێدا و بە مۆری کومیتە مۆرم کرد و گەڕامەوە دوکان و خستمە ناو کلکە تەورداس، دوای ماوەیەک مەلا ئەحمەد هاتەوە تەورداسەکەم دایە دەستی و ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت.

لە نێوان ساڵانی ١٣٤٢ تا ١٣٤٦ زۆرجار کاکم بۆ ملاقاتی مەلا ئاوارە دەچوو بۆ گوندەکان جێگا مانەوەی شەهید«ئاوارە» زۆرتر لەو ماڵانە بوو لە گوندی «دیواڵان» لەماڵێ ڕحمانی حەمەی وەتمانچاوشینی کە لە گەڵ ئاوارە ئیعدام کرا لە نەلاسێ لە ماڵێ(خلە کەچەڵ) لە واوان ماڵێ عەوڵای ساڵحی، لە زێوەی ماڵێ برایمی حەسەنی، لە بوبانێ ماڵی حوسێن شەشەی ناسراو بەحوسێنشەیار، لە هەرزنێ ماڵیحاجی برایمی حاجی، لە بێتوش ماڵی میرزا حاجی، لە گوندی بێژوێ ماڵیعومەری خەیات و سەلیم پێخواس و عەوڵای مینایی و لە ئەشکان ماڵی حەمەی خاڵە باسی لە زووران ماڵێ ئەحمەدی حەمەی ئەمەری لە دەشتێ دیواڵان ماڵێ حاجی ڕەسوڵ برای حاجیعەلی هەوار سێمانی، ئەو دەم دەیانگوت برایم ئاغای بەریاجی و حاجیعەلی هەوار سێمانی دەرمانیان ناردۆتە ماڵێ حاجی ڕەسول و بۆ مەلا ئاوارەیان کردۆتە ناو «کەلانان» دوای کەلانە خواردن بە نیوە بێهۆشی گەیشتونە گوندی دیواڵان و لەوێ گیراون و بە هەلیکۆپتەر ناردراونە سەردەشت.

**پرسیار**: شێوەی کاری تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی مەلا ئاوارە لەو سەردەمە دا لە لایەن جەنابتەوە چۆن دەبیندرێ؟

**وەڵام**: دوای گەڕانەوەی شەهید ئاوارە بۆ دیوی گەرمێن، هەر زۆر زوو دەستی کرد بە کاری تەشکیلاتی لە ناوچەی سەردەشت.

مەلا ئاوارە یەکێک لە کادر و مرۆڤە دەگمەنەکانی ناو حیزب بوو، لە ناو جەماوەری خەڵک دا بە هۆی خەڵکی بوون و زمانپاراوی و کولتورناسی قەدر و قوتبێکی زۆری لە ناو هەژاران و گوندنشینان دا هەبوو، شەهید مەلا ئاوارە جگە لە کاری حیزبی خۆی بە کاری خەڵکەوە ماندوو دەکرد، لە هەر گوندێک شەڕوکێشە و نێوانناخۆشی هەبوایە، خێرا مەلا ئاوارەیان ئاگادار دەکرد و ئەو کێشانەی بە مەلا و ڕیشسپی و ئاغا و کوێخاکان چارەسەر نەدەکرا، ئاوارە بە چاوپێکەوتن و ئامۆژگاری لایەنەکان زۆر بە ئاسانی چارەسەری دەکردن چونکە بۆ خۆی دەردەکانی دەناسین و هەستی بە ئازارەکان دەکرد و چارەی بۆ دەدۆزینەوە.

هۆیەکیتر ئەوە بوو کە مەلا ئاوارە وەکوو خەڵکانی بەریوانی کەری گوندەکان هیچ چاوەڕوانی ماددی لە خەڵک نەبوو، تەنیا برایەتی و تەبایی و یەکریزی ناو خەڵکی مەبەست بوو لەو لاشەوە ئەوەندە شارەزایی لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی(بافت اجتماعی) ناو خەڵک هەبوو گورج دەردەکەی دەدۆزیەوە و ڕێگا چارەی بۆ دیاری دەکرد.

شەهید ئاوارە نەک هەر کاری ڕێکخستن و کۆمەڵایەتی و بەریوانی خەڵکی دەکرد، بەڵکوو زۆر جار لە مەزراو دێیەر و باخەکاندا یاریدەی خەڵکیدەدا و بژاری توتن و دەست کەنەی نۆکانی لە گەڵ دەکردن و لە هەمان کاتدا دەرسی وەڵات پەرستی و برایەتیو تەبایی وکورد پەروەری فێردەکردن.

**پرسیار**: بەرێز کاک حاجی حوسێن مەلا ئاوارە کۆمەڵێک شێعری ئەدەبی و شۆرشگێری هەن، کە لەو کات و سەردەمە دا وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی خەڵک بوون، شێعرەکانی مەلا ئاوارە لە لای جەنابت چۆن هەڵدەسەنگێندرێن؟

**وەڵام**: چەکەرەی هەڵبەستی شەهید ئاوارە لەحوجرەی فەقێیاندا وەکوو هەموو شاعیرە بەرزەکانیکورد سەری هەڵداوە، دواتر کە چۆتە ریزی شۆڕشگێڕانی (حدکا)وە لە کوردستانی باشوور و دەست ڕاگەیشتنی بە دیوانی شاعیرانی نیشتیمانپەروەر، زیادتر هەستی شیعر بێژیو ڕەوانبێژی لەلا پەروەردە بووە، بە هۆی ئەوەی کوردی پەتی و زمانی گوندی زۆر باش زانیوە، لە دەورانی پێشمەرگایەتیدا بە زمانی ئازار دیتوانیکوردەوە شیعری دادەنا.

هەڵبەستەکانی مامۆستا ئاوارە سەرەتایان بە ڕەنج و ئازارە کۆمەڵایەتیەکان دەست پێدەکەن و بە زمانی سادە بە ناخی دیاردە سیاسییەکاندا ڕۆدەچن و هەستی نەتەوایەتی و ئاگری نیشتیمانپەروەری لەدڵی بیسەر و خوێنەردا«نێڵ» دەدەن.

لە کوردم کوردستانم دەوێ دا دەفەرموێ:

تاکوو قۆناخی سەربەستی
ئەسپی خەباتم ناوەستی
تا دەر نەچم لە ژێر دەستی
نامەوێ سەرمایەو هەستی
مەرگ نەک ژینی ژێردەستی
کوردم کوردستانم دەوێ
هیوایبەرزم قەت نانەوێ

لەکۆپڵەیەکی تردا دەفەرموێ

دەستی زۆردار دەقرتێنــم
قـەڵای سەختی دەڕووخێنم
بـەردی بناغەی دەردێنــم
وەک دێڵە سەگ دەیتۆپێنم
کە نەش تۆپێ دەیڕەتێنــم
تۆڵەی کوردی لێدەستێنم
کـوردم کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نـانەوێ

لە«ڕەشبگیری» دا کە ژاندارمە چوونە گوندی بێژوێ بۆ گرتنی لاوان بۆ سەربـازی لە بـارەی ئـازایەتی ژنانەوە لە کۆپڵەیکدا دەفەرموێ،

سێ جەندرمە و یەک ئەسیر
هـاتنەخوارێ چەپ و چیڕ
هاتنە خوارێ چواربەچوار
کەوتنەڕێگـا بەرەو شـــار
خەڵکی نێو دێ ژن و پیـــاو
کـــوڕ و کـــچ و پیـــر و لاو
هەموو ماتو خەفەت بــار
وەک دێیەکی تـازیە بــار
بـەڵام هـەرگیز خودایـە
شوکری تۆم لە دەست نایـە
کـوردت وەهـــا دانـــاوە
بـۆ تـەنگـــانە ژن پیـــاوە

ئافرەتانی قــارەمــان
دایان نــابوو یەک پیـلان
نەخشەو پیلانێکی جوان
وەک داستـانی ئـەرسـەلان
گەینە دەرکی مـام بـاپیـر
پێش خویـان دابـوو ئەسیر
پوور فـاتمیان نـاردە پێش
کـردی بـە مرخێش مرخێش
کـــوڕی منــە بــەری دەن
سەگبـاب ئەزیـەتی مەدەن
زۆریان یەکتـر هێنـا و برد
زەفەریـان لـە یـەک نـەبرد
پوورم نەعرەتەی کێشـا
هێزیئافرەت خــرۆشــا

لە دواییدا دەڵێ...

لە پاش شین، گریان و زار
خورشید دەستی دایە دار
وەک شێرەژنی زەمــانە
گرتـی جەرگەی مـەیدانـە
ژاندارم لەو ترس و لـەرزە
لـە بیریـان چۆوە حـەوزە

لە هەڵبەستی توتنەواندا وەک شارەزایەکی وەرزێر لەباسی ڕەنجی هەژاراندا دەفەرموێ:

توتنـەوانێکی هــەژارم
بێ خــانووو بێ زەوی و زارم

بێ پووڵو باغ و بزن و مەڕ
دوور لە خێرم نزیک لە شەر
منداڵم ڕووت و برسییە
ژینم پڕ،لە مەترسییە
قەرز دارم دەردە دارم
شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم
ڕووم نییە بچمە ناو خەڵک
بێ بەرگ و پێڵاو بێ کەڵک
خەڵکی پێی وایە تەمبەڵم
بێ کەسپ و کار و چەپەڵم
بەڵام چبکەم چارەڕەشم
خەرمانم زۆرە و بێ بەشم

لەم دێڕی کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکات کە دێهاتی داهاتی زۆرە بەڵام هێندەی بەشوتووش لێدەبنەوە،کە لە چەنگی دوخانیە و ماڵیات و ئاغا و کوێخا و سووت و سەلەم خۆری شاری بەشی ئەو هەر شەونخونی و ڕۆژ بار کێشی و ماندوو بوون و مایە پووچی بۆ دەمێنێتەوە.

بە بڕوای من جگە لە مامۆستا هێمن کەس وەکوو ئاوارە زمان و ئازار و ڕەنجی گوندیەکانی نەزانیوە، بە داخەوە تەمەنی کورت ماوەی نەدا ئاوارە بگاتە چڵەپۆپەی شاعیری.

لە بەستەی «لای لایەی دایکە کوردێک بۆ کۆرپە ساواکەی» دا بەزمانی دایکەوە وانەی گەل دۆستی و نیشتیمان پەروەری و خۆڕاگری بە بەرەی داهاتووی کورد دەڵێ و فێری خەبات و تێکۆشان و بەربەرەکانی و ماف ئەستاندیان دەکات، کە دەفەرموێ:

هیوام زۆر پێتە وەک باب و کاکت
ببیە سەربازی نەتەوە و خاکت
بە خێوت دەکەم بە گیان و بە دڵ
نەکەی بترسی و لە هیچ بکەی سڵ

زانا و خوێندەوار، چاو و دڵ تێر بی
ڕۆژی تەنگانە پڵنگ و شێر بێ
لاوێکی گورج و خاوەن هۆش و بیر
نەترسی لە بەند لە کۆت و زنجیر

**پرسیار**: لە کۆتایی دا زۆر سوپاست دەکەم بۆ بەشداری کردنت لەو دیمانەیە دا، هیوادارم کە لە داهاتوو دا کەسانی شارەزا زیاتری لە سەر بنووسن بۆ ئەوەی ڕەنج و زەحمەتەکانی شەهید مەلا ئاوارە ون نەبن و گەلەکەمان هەر دەم خەباتی ئەو شۆڕە سوارانە بۆ گەیشتن بە ئازادی لە بەرچاو بگرن.

**وەڵام**: باس لە سەر شەهید (ئاوارە) زۆر لەوە زیادتری گەرەکە، بە هیوای ئەوە کە بە هەموو لایەکمان بتوانین کە کەڵک لە ئەزموونی ئەو خەباتگێرانە وەر بگرین بۆ ڕزگاری کوردستان و هەروەها بەش بە حاڵی خۆم سوپاست دەکەم بۆ ئەو یاد کردنەوە پیرۆزە و هیوادارم کە ئامانجەکانی شەهیدان و بە تایبەت شەهید مەلا ئاوارە کە ڕزگاری کوردستان بوو وەدی بێت.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

---

# وتووێژ لە گەڵ بەرێز کاک سەعید کوێستانی (کاوە) سەبارەت بە شەهید مەلا ئاوارە و هاوڕێیانی



وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ لە گەڵ بەرێز کاک سەعید کوێستانی (کاوە)، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها هاوڕێی سەردەمی پێشمەرگایەتی لە گەڵ شەهید مەلا ئاوارە.

**پرسیار**: بەرێز کاک سەعید کوێستانی ئەو کاتەت باش و ماندوو نەبی. سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەوە دڵسۆزانە بە دەنگمانەوە هاتی کە ئاوڕێک لە یەکێک لە تێکۆشەرە هەرە نەبەزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ساڵانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ی هەتاوی واتە شەهید مەلا ئەحمەد شڵماشی ناسراو بە شەهید مەلا ئاوارە بدەینەوە.

**وەڵام**: زۆر سوپاس منیش ماندوو نەبوونی لە جەنابت دەکەم.

**پرسیار**: بەرێز کاک سەعید ڕاپەرین و جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی یەکێک لە لاپەرە زێرینەکانی خەباتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و جێگای تایبەت بە خۆی لە مێژووی حیزب و گەل دا هەیە، لەو خەباتە نابەرامبەرە دا بە داخەوە ٣٨ کەس لە تێکۆشەرانی ئەو کاتی حیزب و یەک لەوان مەلا ئاوارە شەهید بوون، دەکرێ لەو پەیوەندی‌یە دا و بە تایبەت لە سەر مەلا ئاوارە زانیاری‌مان پێ بدەی؟

**وەڵام**: بەڵێ، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لە بە سەر کردنەوەی تێکۆشەرانی شەهید، سوپاست دەکەم بۆ ڕاپەڕاندنیئەو ئەرکە پیرۆزەی وەستۆی خۆت گرتووە. بەڕاستی بەرێزتان وەک ڕۆژنامەوانێکی وریا بە هۆی سایتە جوانەکەتان "گیاڕەنگی" خۆشەویست بێلایەنانە ئەرکی ڕۆژنامەگەری خۆتان بەڕێوە دەبنو داوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەکەم.

ڕاستە کە ڕاپەڕینی سالانی ٤٦ و ٤٧ لاپەڕەیەکی مێژوویی زێڕینە لە تێکۆشانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، بەڵام لانیکەم دەبێ بۆ شارەزا بوون لە مێژوو ئاگاداریمان لە سەر جووڵانەوەی نەتەوەکەمان هەبێت. جووڵانەوەی سالانی ٤٦ و ٤٧ کۆمیتە ناوەندی حیزب پێی هەڵنەستا، بە داخەوە ئەو کات ڕێبەرایەتی حیزب دەستی بەسەر داگیرا بوو کادرە دڵسۆزەکانی حیزب لە نێو چوارچێوەیەکی تەنگی تاکە کەسیدا گیریان کرد بوو. بەشێک لە کادرە وریاکانی حیزب لە ژێر دروشمی "نەسرەوتن تا سەرکەوتن" و پرۆگرامی کۆمیتەیەک بە نێوی "کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان" دا کە "تەرمیم" کراوەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بوو، لە دژی بیچمی دیکتاتۆری ئاریامێهر بۆ مافی پێشێلکراوی نەتەوەی کورد ڕاپەڕینو بە داخەوە تووشی شکست هاتین. بەشێک لە کادرەکان شەهید بوون و بەشێکیش وەک تووی زەوی هەر کام کەوتە قوژبنێک. کاک ئەحمەد شڵماشی "مەلائاوارە" کاک سولێمانی موعینی"فایق" کاک ئیسماعیلی شەریفزادە" مەلاعەزیز و... چەندین تێکۆشەریتر لە گەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی قارەمان بوون بە دەستە چیلەی ئەو ڕاپەرینە خوێناویە سالانی ٤٦ و ٤٧ و بە مێژوو حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان تەواو بوو، هەروەها بوو بە لاپەڕەیەکی درەوشاوەی لە مێژوو حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دا.

**پرسیار**: بەرێز کاک سەعید دەکرێ بۆمان باس بکەی کە لە کوێ و لە چ ساڵێکدا شەهید مەلا ئاوارەتان بینی؟

**وەڵام**: ئەمن لە گەڵ شەهید کاک هاشم ئەقەللطلاب "قادرشەریف" ڕێکەوتی ١٣٤٣ی هەتاوی لە سەفەریکدا کە لەناوچەی باڵەکایەتی بۆ قەڵادزێ بوومان، بە ڕێکەوت تووشی شەهید ئاوارە بووین. من نەم دیبوو، لە گەڵ کاک قادر شەریف ئاشنا بوون. پێشتر نێوی مەلا ئاوارەم بیستبوو، وەک مەلایەک لە مێشک و زەینمدا پێناسەم دەکرد. کاتێک پێکەوە دانیشتین و شەهید ئاوارەم دواند، ئاوارە مرۆڤێکی ڕووناکبیری تەواو سیاسی بوو، لە گەڵ زەینیاتی پێشووم جیاواز بوو. شەهید قادر شەریف قەراری لە گەڵ دانا لە کاتێکیتردا پێکەوە دانیشین لە بارەی تێکۆشانی داهاتوو وتوووێژ بکەین، بەڵام بە هۆی گوشار هێنانی ئەحمەد تۆفیق بەجێ هێشتنی قەڵادزێ، لەو کاتدا نە شەهید ئاوارەمان دیتەوە، نە پێکەوە دانیشتنمان بوو. هەتا نیزیک هەشت نۆ دە مانگ نەماندیتەوە.

**پرسیار**: ئایا شەهید مەلائاوارە ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوەبوو؟ ئەگەرئەندامی ئەو کۆمیتەیە بوو لەو ماوەیە دا هەوڵ و تێکۆشانی بۆ یەک ریزی تێکۆشەرانی حیزب چۆن بوو؟

**وەڵام**: ئێمە کاتێک لە قەڵادزێ قەرارمان دانا پێکەوە دانیشین و دوایی نەکراو ئێمە لەوێ ڕۆیینو بۆمان نەکرا پێک هاتنی کۆمیتەی ساخکەرەوەی لە گەڵ باس بکەین.

ئێمە چووینە مەکتەبی سیاسی پارتی دێمۆکرات کە ئەوکات مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دێمۆکراتی کوردستان بوو. تا ئەو کات کۆمیتەی ساخکەرەوە ٣ کەس بووین، واتە: من و کاک قادر شەریف و کاک حوسێن مەدەنی. دەبوایە کۆمیتەی ساخکەرەوە بەرین کەینەوە. زۆرمان هەوڵدا شەهید ئاوارە ئاگادار کەین بێت ئەگەر پێی خۆش بێت لەو کۆمیتەیە دا بێت، بەڵام دەستمان نەکەوت، دوایی کاک حەسەن ڕستگارو مەلا ئەبوبەکرمان پێوە زیاد کرد و بووین بە پێنج کەس. دوای دابەشکردنی کار چووینەوە ڕۆژهەڵات و شەهید ئاوارەمان لە گوندی بێژوێ دیتەوە. چۆنیەتی پێکهاتنی کۆمیتەی ساخکەرەو تەرمیم کردنەوەمان لە سەرەتاوە بۆ مەلا ئاوارە باسکرد و پێشنیاری هاوکاریمان پێکرد. زۆری پێ خۆش بوو و پێشوازی لە پێشنیاری ئێمە کرد. کۆمیتەی ساخکەرەوە بە ئینتصابی پێکهاتبوو، هەر بەو پێیەش شەهید ئاوارە بوو بە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە و دەست بەکار بوو. مەلا ئاوارەش وەکوو ئێمە ئامادە نەبوو لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق کار بکات، بەڵام دوای کۆنگرەی ٢ی حیزب، هەمووما‌ن هەوڵمان دەدا یەک بگرینەوەو پێکەوە کار بکەین. مەلا ئاوارە بۆ یەکگرتنەوە نەخشی سەرەکی هەبوو. من و شەهید قادر شەریف بە هۆی جڵغەگێڕانی ئەحمەد تۆفیق نەمان دەتوانی بچینەوە نێو شۆرش، بە شاخانەوەو لە ڕۆژهەڵات لە نێو خەڵکدا بووین و ڕۆژگارێکی زۆر سەخت و دژوارو پڕ مەترسیمان بەسەر برد، لە ماوەی ئەو سێزدە مانگەی کە بە نهێنی لە کوردستانی ڕۆژ هەڵات بووین شەهید مەلا ئاوارە دوو سێ جاری سەفەری قەڵادزێی کرد و زۆری هەوڵدا یەکگرتنەوەیەک بڕەخسێنێ. ئەو کات شەهید کاک سەدیقی هەنجیری ئازەر دوای کۆنگرەی دووهەم بە سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەڵبژێردرا بوو. کە بەداخەوە پاش ماوەیەک بە فیتی ئەحمەد تۆفیق و بە دەستی حەسەنی برازای شەهید کرا. مەلا ئاوارە بە هاوکاری هێندێک لە هاوڕێیان چوو بووە لای شەهید هەنجیری و یەکگرتنەوەی پێک هێناو ئێمە گەڕاینەوە کوردستانی باشوور.

بە دوای شەهید کرانی کاک سەدیق هەنجیری کۆمیتە ناوەندی کەوتە حاڵەتی بێسەرەو بەرەیی. ئێمەش بۆ ئەوەی کادرەکان بڵاو نەبن جارێکی دیکەش بە نهێنی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانمان پێکهێنا، کە شەهید ئاوارەو شەهید شەریفزادەش ئەندامی دامەزرێنەری ئەو تەشکیلاتە بوونو هەر دووکیان لە بەڕێوە بردنی بەرنامەی ئەو کۆمیتەیەدا سەریان لە سەر داناو شەهید کران .

**پرسیار**: بەرێز کاک سەعید ئەگەر بکرێ لە سەر شێوەی گیرانی مەلا ئاوارە لە بانەمەری ١٣٤٧ دا و هەروەها لە سەر ئێعدام کرانەکەی باسێکمان بۆ بکەی؟

**وەڵام**: شێوەی گیرانی مەلا ئاوارە ئێستاش زۆر ڕوون نییە، دیارە ئەو کات من دوور بووم و لە ناوچەی باڵەکایەتی نیشتەجێ بووم. هەڵاو بگرە و بەردەی ڕژێمی سەرەرۆی تاران ئەوەندەی تووندوتیژ بوو، ئەوەندەش ئێمە ئەوانەی لە ژێر سێبەری شۆرش بووین لە ژێر گوشار و هەڕەشەی کار بە دەستانی شۆرشدا بووین. هەواڵەکان زۆر بە زەحمەت وەر دەگیران.

ئاوارەو کوڕێک بە نێوی ڕەحمان، لە گوندی دیوالان گیران. گۆیا جاسوسی نێو خۆیان لە سەر بووەو شەوێ، یان بەیانی لە دیوالان لە مالێکدا دەورەیان داونو گیراون. مەلاڕەحیم لۆمانی و کوێخا پیرۆتی کونە مشکێ کە ئەو کات لە گەڵ ژاندارمەری هاوکاریان کردووە ئەوانیش جۆرێکی دیکەی دەگێرنەوە، بەڵام گوتەی ئەوان بە هێند ناگیرێ، چوونکە هاوکاری رژێم بوون. هێندێک کەسیش دەڵێن دەرمان خوارد کرا بوون مێشکیان لە کارخرا بوو بۆیە لەو ماڵەی لێی بوون وا بە هاسانی خۆیان تەسلیم کرد. لە ڕاستیدا مرۆڤ لەو دوو، سێ شێوە گێڕانەوە شتێکی وای بۆ ساغ نابێتەوە. دیارە لەو گیرو دارەیدا کە شەهید ئاوارەی تێدا دەستگیر کرا، ئێعدام کردنی مسوەگەر بوو. ئەو کوڕەی لە گەڵی گیرا بەرپرسایەتیشی نەبوو ئێعدام کرا، شەهید ئاوارە یەکێک لەو کادرە ئاکتیوو خۆشەویستانە بوو کە رژێم بە دوایەوە بوو بیگرێ و لەکاتەدا ئێعدامی بکاتو چاوی خەڵکی پێ بترسێنێ.

**پرسیار**: کاریگەری گیران و شەهید کرانی مەلا ئاوارە، لە نێو خەڵک و تێکۆشەران دا چۆن بوو؟

**وەڵام**: وەک باسم کرد زەبروزەنگی ئەوکاتی رژێمی ئێران ئەوەندە توندوتیژ بوو لە ناوچەدا کەس نەیدەتوانی بە ئاشکرا پەکوو پەکوو بۆ مەلا ئاوارە بکات وەڕەزی خۆی نیشان بدا، زانیبایان هەرکەسێک بۆ ئاوارەی بە خەمە دەگیرا. وەحشەتێکی وایان پێک هێنا بوو هیچ کەس نەیدەوێرا داخ و کەسەری خۆی دەر ببڕێ. گۆیا ئەندام و هەوادارانی حیزب لە ماڵی یەکتر دانیشتوونو بۆی گریاون.

**پرسیار**: ڕادەی زانایی و هەڵسوکەوتی مەلا ئاوارە لە لایەن جەنابتەوە چۆن هەڵدەسەنگێندرێ؟

**وەڵام**: ڕاستی و دروستی و دڵسۆزی لە ئەندازە بەدەری مەلا ئاوارە بۆ نەتەوەکەی، بۆ دۆستو هاوڕێیانی وێنەی زۆر کەمە. سەرڕای ئەوەش ئیجتماعی بوونی مەلا ئاوارە، کە مەرجی سەرەکی کادرێکی لێهاتووی سیاسییە، زۆر بەرچاو بوو. لە باری زانیاریەوە، خوێندنی مەلایەتی هەبوو، مرۆڤێکی مەندو ئاقل بوو، لە باری سیاسیەوە بە ئیستدلالەوە باسی سیاسی دەکرد و کادرێکی هەرە باشی سەردەمی خۆی بوو. لە داوێن پاکیدا نموونە بوو. لەو ماوەیدا کە پێکەوە بووینە کەمو کووڕیم لە خوو و خدەی ئاوارەدا نەدیوە.

**پرسیار**: بەرێز کاک سەعید، شەهید مەلا ئاوارە چەندین شێعری شۆرشگێری و ئەدەبی لە دوای خۆی بە جێ هێشتوون، ئەگەر لەو بارەو تیشک بخەیە سەر بەشێک لە شێعرەکانی ئەو شەهیدە نەمرە سوپاست دەکەم؟

**وەڵام**: بەداخەوە هیچ یەک لە شێعرەکانی شەهید ئاوارەم لە بیر نییەو نیمە. من شەیدای یەکێک لە هەڵبەستەکانی ناوبراو

بووم تا ئێستا لە هیچ شوێنێک نە بە دەست نووس، نەبە چاپکراوی نەمدیوە. هەڵبەستەکە پڕۆگرامی حزبێکی سیاسی بوو. نیزیک بە هەشتاو چەند شێعر بوو کە ستراتیژیەکەی سەربەخۆیی کوردستان بوو. لە دوازدە بەش پێکهاتبوو، لە ئەندامگیری، تەربیەتی ئەندام، کلاسی کادر، هەوڵدان بۆ دارشتنی فەرهەنگیکی یەک گرتوو، نێوی زۆربەی هەرە زۆری قەومو تایفەو عەشیرەتەکانی کوردستانی ناو بردبوو، لە پۆلی سەرتایی ڕا یانەی فێرکردنی نیشتمانپەروەری، ڕاهێنانی مندال بە شێوەی شۆرشگێڕی، دامەزراندنی زانستو سەنعەت لە کوردستانی سەربەخۆدا، داوێن پاکی، بە ڕاستگۆ ڕاهێنانی کۆمەڵگا، لابردنی یاسای کوشتنو ئێعدامو... زۆر شتی تری کە بەڕاستی لە بیرم نەماون.

**پرسیار**: من لێرە دا کۆتایی دێنم بە پرسیارەکانم، بەرێزتان ئەگەر شتێکتان لەو پەیوەندیەیە دا ماوە دەتوانن باسی بکەن؟

**وەڵام**: دیارە باسکردن لە سەر کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو بە شێوەی پرسیار، بە ئاماژە پێکردنێکی کورت دەبڕێتەوە، دەنا باسکردن لە سەر شەهید مەلا ئەحمەدی شەڵماشی "مەلا ئاوارە" مرۆڤ دەتوانێ بڵێ هەر بارە کۆمەڵایەتییەکەی دە ئەوەندەی گوترا، زیاتر هەڵدەگرێ. خۆشەویستی ئاوارە لە ناوچەدا بۆخۆی باسێکی دوورو درێژە. هەر دەبێ بڵێین: بیروەری شەهید ئاوارە پیرۆز بێتو ڕوحی هەر شاد بێت.

زۆر سوپاس بۆ ئەو کاتەی کە پێت داین و سەرکەوتنت بە ئاوات دەخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ریکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

## وتووێژ لەگەڵ بەرێز مامۆستا خالەق حەفیدی هاورێی نێزیکی شەهید مەلا ئاوارە



وتووێژی ماڵپەری گیارەنگ لە گەڵ بەرێز کاک مەلا خالەق حەفیدی (سیروان)، یەکێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەروەها هاوڕیی نێزیک و جێی مەتمانەی شەهید مەلا ئاوارە.

**ماڵپەری گیارەنگ**: بەرێز مامۆستا سیروان سەرەتا سوپاست دەکەم بۆ ئامادە بوونیت.

پرسیارەکەم بەوە دەست پێدەکەم، مەلا ئاوارە خەڵکی کوێ بوو و لەو یاد کردنەوەیە دا مەلا ئاوارە چۆن زیاتر لە ئێستا بە گەلەکەمان دەناسێنی؟

**وەڵام**: باس کردن لە سەر ژیان و ئاکار و کردەوەی شەهید مەلا ئاوارە پاش تێپەربوونی دەیان ساڵ بە بێ لە دەست دابوونی یاداشت هێندێک دژوارە. بەڵام هەول دەدەم ئەوەی خۆم دیتوومە یان بیستوومە لە رۆژگاری ئەو دەم دا شتێک باس بکەم، رەنگە دەقاودەقی ڕووداوەکەش نەبێ، بەڵام ناچارم بچمەوە ئەو سەردەمە و مێشکی خۆم هەڵکرێنم، بەڵکوو بتوانم وەڵامی بەرێزتم دا بێتەوە، هەر بۆیە بە گەرمی سوپاست دەکەم بۆ وەئەستوو گرتنی ئەو ئەرکە گرینگ و مێژوویە و یاد کردنەوە لە تێکۆشەرێکی وەک مەلا ئاوارەی خەباتگێر و شەهید.

مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا محەممەد ئەمین هەمەوەندی ناسراو بە شەهید مەلا ئاوارە لە دایک بووی ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی خەڵکی گوندی شڵماش سەر بە شاری سەردەشتی سەرسەوزە.

مەلا ئەحمەد (ئاوارە) وەک هەموو کوڕە مەلایەک سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن و نووسین کردووە، پاشان چۆتە نێو فەقێیان. مەلا ئەحمەد (ئاوارە) ناسنامەی مەلایەتی لە لای زانای گەورە قازی عەلی " لە مزگەوتی سووری" سەردەشت

وەدەست هێناوە. شەهید مەلا ئاوارە هەر لە حوجرەی فەقێیان هەست بە ئێش و ئازار و بەشخوراوی نەتەوەکەی دەکات. ئەو لێکدانەوەیەی دەبێتە هۆی هاندانی بۆ دەست پێکردنی شۆڕشێکی نوێی سیاسی و تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی لە نێو فەقێ و مەلا و زەحمەتکێشان و جووتیاران و بە گشتی لە نێو هەموو قشر و چین و توێژەکانی گەلەکەمان دا. مەلا ئاوارە لە جیاتی وەدوای ژیانی ئاسای خۆی کەوێ ڕێگای کوردایەتی و حیزبایەتی دەگرێتە بەر و ڕێگای تێکۆشان و خەبات بە دژی زوڵم و زۆری بە سەر ژیانی ئاسایی خۆی دا هەڵدەبژێرێ.

مەلا ئاوارە بە بێ ئەوەی لە هیچ کلاسێکی سیاسی دا بەشداری کرد بێ بە لێهاتوویی خۆی توانیویەتی ببێتە بە یەکیک لە کادرە هەرە باشەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و لە هەمان کاتدا بە ئاکار و کردەوەی شۆڕشگێرانەی خۆی توانیویەتی لە نێو گەلانی ناوچە و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئێرانی و کوردستانیش دا وەک تێکۆشەر و شۆڕشگێر سیمای ڕاستەقینەی خۆی و گەلەکەی بە ئەوان بناسێنێ.

شەهید مەلا ئاوارە لە ماوەیەکی کەم دا توانی زۆر کادر و ئەندامی دڵسۆز لە ناوچەکانی سەردەشت و بانە پێ بگەیێنێ و تەحویلی گەل و حیزبەکەی بدات، بەشێکی بەرچاو لەو ئەندامانە مەلا و فەقێ بە هەست و دڵسۆزەکانی گوندەکان بوون، کە بە داخەوە بەشێک لەو تێکۆشەرانە لە لایەن ساواکەوە گیران و بەشێکیش وەک شەهید مەلا ئاوارە چەکی مەردایەتی‌یان بە لا دا کرد، یان ئاوارە و پەریوەی هەندەران بوون، یان لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە دژی ڕژیمی ملهوڕی پاشایەتی شەهید بوون، بە خۆشیەوە هەر ئێستاش چەندین کەس لەو شۆڕشگێرانەی کە شەهید مەلا ئاوارە کرد بوونیە ئەندامی حیزب هەروا بە بەردەوامی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دان و بەو پەری دڵسۆزی‌یەوە بە تەمەنێکی زۆر و ئەزموونێکی زۆرەوە مەیدانی کوردایەتی و سەنگەری خەباتیان بەر نەداوە.

شەهید مەلا ئاوارە کەسێکی ڕاستگۆ، ڕوو خۆش، دەم بە پێکەنین و هێدی و لە سەرەخۆ بوو، زمانی لێ حاڵی بوونی بە هێز بوو، هەڵسوور و زانا و شاعیر بوو، بە ئەخلاق و بە دیسپلین و لە هەمان کاتیشدا نەهێنی کارێکی وەستا کار بوو. خەمی خەڵکی لەبەر بوو. شەهید مەلا ئاوارە بەر لە هەموو شتێک پێی وابوو بۆ بەربەرەکانی دژی

داگیرکەران دەبێ خەڵک ڕوون و وریا و هوشیار بکرێنەوە و لە تەشکیلاتێکی ڕێکوپێک دا ڕێکبخرێن و کۆ بکرێنەوە و ئەو لە سەر ئەو باوەرە بوو کە بە بێ ئەم شێوە کارە حەرەکەت و جووڵانەوە بە دژی داگیرکەران، سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ.

بە حەق ئەوەی شەهید مەلا ئاوارە لەو سەردەمە دا کردی نە ئەوانەی پێش خۆی و نە ئەوانەی دوای خۆشی نەیان توانیوە ئەو حەرەکەتە و جووڵانەوە سیاسی و تەشکیلاتی‌یە بە هێزە و شاراوەیە پێک بێنن و بیکەن. بە کوردی و بە کورتی،

شەهید مەلا ئاوارە چەمکی دێمۆکرات و پێشکەوتن خوازی و کۆمەڵایەتی بوو، حیزبی دێمۆکرات شەهید مەلا ئاوارەی پێ نەگەیاند، بەڵکوو ئەوە ئاوارەی شەهید بوو کە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی بووژاندنەوە و ڕێکیخستنەوە و تەشکیلاتێکی بە هێزی بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی سەردەشت و بانە و ناوچەی مەنگورایەتی پێک هێنا.

**پرسیار**: شەهید مەلا ئاوارە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ساخکەرەوە بوو، ئەو کۆمیتەیە چۆن ساز کرا و ئەندامەکانی دیکەی کێ بوون و ئەرکی ئەو کۆمیتەیە چی بوو؟

**وەڵام**: ئەو کۆمیتەیە لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی دا بە مەبەستی پێشگیری لە هەڵوەشانی حیزبی دێمۆکرات و بوونی بەر بەستێک لە بەردەم دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و خۆ بە دەستەوە دانی ئەحمەد تۆفیق دا لە کوردستانی گەرمێنێ پێک هات. ئەو کۆمیتەیە لە سەرەتا دا بریتیبوون لە بەڕێزان کاک حەسەن ڕەستگار، سەعید کوێستانی، حوسێن مەدەنی و شەهیدی هەرگیز نەمر کاک قادر شەریف، بۆ بە هێز کردنی ئەو کۆمیتەیە لە ساڵی ١٣٤٣ دا چەند کەسێکی لە ژێر ناوی "ڕاوێژکار" بە خۆوە زیاد کرد ئەوەی لە بیرم بێ شەهید مەلا ئاوارە، مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی و مەلا رەسووڵ پێشنەماز بوون.

بە داخەوە بە هۆی نێزیکایەتی و دوو زمانی ئەحمەد توفیق لە لای بارزانی نەمر و زەخت و فشاری حەسۆ میرخان لە سەر تێکۆشەران ئەم کۆمیتەیە نەیتوانی بە ئامانجی دارێژراو و سەرەکی خۆی بگات، بارزانی ئەحمەد تۆفیقی پێ باشتر بوو لە حیزبی دێمۆکرات و ئەوان ئەو کۆمیتەیان لە بەرژەوەندی خۆیان دا نەدەدیت، هەر بۆیە زۆری پێ نەچوو کە بە بەرنامەی دارێژراوی ئەوان ئەو کۆمیتەیە لە ناوچوو. "دیارە ئەو کۆمیتەیە جێگای هیوا و ئومێدی تێکۆشەرانی دێمۆکرات بوو لەو سەردەمە پڕ لە زەبر و زەنگە دا."

شەهید ئاوارە لە بارودۆخێکی ئاوا و بە تایبەتی لە ژێر زەخت و فشاری حەسۆ میرخان دا بە ناچاری کوردستانی گەرمێنی بە جێ هێشت و زۆر بوێرانە و ئازایانە لە گەڵ دوو کەس لە هاوبیر و تێکۆشەرانی دێمۆکرات شەهید قادر شەریف و کاک سەعید کوێستانی گەرانەوە ناوچەی سەردەشتی مەکۆی شۆرشگێران و بانەی لانەی شێران.

شەهید مەلا ئاوارە شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبوو بۆ کار کردن، هەر بۆیە بە گەیشتنەوەی بۆ ناوچەی بانە و سەردەشت دەستی کرد بە کاری ڕێکخستن و سازماندەهی کۆمەڵانی خەڵک و دانیشتوانی ئەو ناوچانە، شەهید ئاوارە بۆچوونی وابوو کە، بۆ ئەوەی حیزبی دێمۆکرات چالاک و زیندوو ڕابگرێت، پێویستی بە تەشکیلاتێکی پتەو هەیە و دەبێ چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت شوێنی کار و تێکۆشانی خۆی بە تەواوی ڕێک بخات و دوای ئەوە کە تەشکیلات دامەزرا ئەو

تەشکیلاتە چالاک و ئاکتیو بکرێ و دوایەش شێوەکانی خەبات و بەربەرەکانی قۆناغ بە قۆناغ بۆ سەرکەوتنی گەل بەرەو پێش بەرێ.

بەڵام بە داخەوە ئەو ئاواتەی کە خواستی بوو وەدی نەهات، دوژمنان و نۆکەران شەڕی چەکداریان بە سەردا سەپاندن و لە گەرمێن و لە کوێستانێ را پیلانیان بۆ داڕشت.

بە بۆچوونی خۆم لێکترازان و هەڵوەشانەوەی کۆمیتەی ساخکەرەوە و راونانی تێکۆشەران و شەهید کرانی دەیان کادر و پێشمەرگەی ئازا و بە توانا و هەموو ئەو کارەساتانە و بە تایبەت هەرەس هێنانی جووڵانەوە پان و بەرینەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی دەخرێنە سەر کارنامەی تەکڕەوی و خۆبەستنەوەدانی بە ناو سکرتێر ئەحمەد تۆفیق بە بارزانی...

**پرسیار**: چۆنیەتی لە داوخستن و گیران و شەهید کردنی مەلا ئاوارە تا ئێستاش بە وردی باسی لێ نەکراوە، جەنابت تا چەند ئاگاداری گیرانی مەلا ئاوارەی و لەو پەیوەندیە دا چۆنمان بۆ دەدوێی؟

**وەڵام**: بە لێکدانەوەی خۆم دوژمن سێ پیلانی داڕشت بوو بۆ بەربەرەکانی دژی تێکۆشەرانی دێمۆکرات و بە تایبەت تێک شکاندنی جووڵانەوەی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی:

١- کێشانی گەلی کورد بەرەو مەیدانی شەڕ.
٢- فریودانی ڕێبەران لە ژێر ناوی وتووێژ.
٣- لە ڕێگای ساواک و نۆکەر و چڵکاو خۆرەکانی بە هەموو ئیمکاناتی ماددی، تێکۆشەرانی حیزب و گەلەکەمان لە داو بخات.

دوژمن بۆ لە داو خستنی شەهید مەلا ئاوارە کەڵکی لە خاڵی سێهەم وەر گرت و تێیدا سەرکەوتوو بوو، بۆ ئەم کارەش ماوەیەکی زۆر بوو بۆ لە داو خستنی مەلا ئاوارە کاری دەکرد و هەوڵی ئەوەی دەدا کە شەهید مەلا ئاوارە بە زیندوویی بگرن بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان گەلی پێ چاوترسێن بکەن، سەرئەنجام پیلانەکەی دوژمن بە هۆی دوو چڵپاو خۆر و کاسە لێسی بەر دەرگای تاغووتی بە ناوەکانی حاجی برایم ئاغای بەریاجی و حەسەن سەکر خەڵکی گوندی دیواڵان سەری گرت و شەهید مەلا ئاوارە بە زیندوویی لە گەڵ دوو هاوڕێی پێشمەرگەی کەوتنە داوی دوژمن و گیران.

لە شەوی ٦ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاویی شەهید مەلا ئاوارە لە گەڵ ٢ کەس لە پێشمەرگەکان بە ناوی رەحمانی حەمەدی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە "محەممەد ئەحمەدی" هەردووکیان خەڵکی گوندی (دیواڵان ناوچەی سەردەشت) بوون،

دەچێتە گوندی دیوالآن.

شەهید مەلا ئاواره بە مەبەست جێ بەجێ کردنی کارێکی تایبەتی بۆ نەهێشتنی گیروگرفتەکان دەچێتە گوندی دیوالآن. گۆیا دەبێ لەوێ کێشەیەکی زەوی و زاری کە لە نێوان چەند کەس لە دانیشتوانی گوندەکە دا بووە حەل بکات و چیدی کیشەکە تەشەنە نەکاتە نێوان بنەماڵەکانی دیکەی گوندی دیوالآن.

دوای ئەوە دەگەنە گوندی دیوالآن، کوێخای ئاوەدانی حەسەن سەکر دەچێتە پێشوازیان و شەهید مەلا ئاواره و ٢ پێشمەرگەکە دەباتەوە ماڵی خۆیان. دوای پشوویەکی کەم بەرنامە لە پێش دا دارێژراوەکەی دوژمن لە ماڵی ئەو نۆکەرەی دوژمن سەر دەگرێ و لەوێ دەرمانی بێهوشی‌یان بۆ لە خواردن دەکەن و بە داخەوە لە هۆش خۆیان دەبەن.

هەر ئەو شەوە مەحموودیان و بنی عامری دوو کەس لە فەرماندەکانی ئەرتەش لە گەڵ چەند جاشێکی خۆفرۆش و ژاندارمەکانی بەر دەستی بنی عامری خۆ دەگەیێنە پێش ماڵی دیوالآن و لە مێرگەکانی خوار ئاوایی خۆ مەڵۆس دەدەن. و دوایە دەچنە ناو گوندی دیوالآن و بە بێ هیچ دژ کردەوەیەک ئەو ٣ تێکۆشەرە بە بێهۆشی بە دیل دەگرن.

هەر ئەو شەوە دەستەیەک لە پێشمەرگەکان خۆ دەگەیێنە دەوری ئاوایی و سەنگەر دەگرن و ناهێڵن کە هیچ کەس لە ئاوایی بچێتە دەر و تا ڕۆژ دەبێتەوە هەر لەوێ دەمێننەوە ودوایەش بەرزای‌یەکانی دەوری ئاوایی دەگرن و لەوێ را تەقە لە ژاندەرمەکان دەکەن و ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە دەمێننەوە.

لەو ماوەیەدا دوژمن نامەیەک بە مەلا ئاواره دەنووسێت کە بەشێک لە نێوەرۆکەکەی داواکاری لە پێشمەرگەکان بووە کە دەوری ئاوایی بە جێ بێڵن و تەقە نەکەن، مەلا ئاوارەش لە بەر ئەوە بە دەرمانەکە هۆشی تێکچووە نامەکەی بە دڵی ئەوان نووسیوە و ڕەوانەی لای پێشمەرگەکانی کردووە و پێشمەرگەکانیش بێ ئەوەی هیچ بکەن دەوری ئاوایی بە جێ دێڵن. ماوەیەک دواتر هەلیکۆپتێر دێتە نێزیک ئاوایی دیوالآن و مەلا ئاواره و دوو پێشمەرگەکەی دیکە هەڵدەگرێت و دەیان باتە پادگانی شاری سەردەشت و دوای ٣ ڕۆژ مانەوە بۆ زیندانی جڵدیان بەڕێ دەکرێن، بە داخەوە دوای ١٣١ ڕۆژ ئازار و ئەشکەنجە دەیان هێننەوە بۆ شاری سەردەشت و لە بەرەبەیانی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاویی لە خوار شاری سەردەشت لە شوێنێک بە ناوی سەرکەنەکان بە دەستی ڕەشی ڕێژیمی پەهلەویی ئێعدام دەکرێن و کۆتایی بە ژیانی ئەو تێکۆشەرە و دوو هاورێکەی دیکەی دێنن. ڕووحیان شاد.

شەهید قادر شەریفی هەرگیز نەمر بۆی گێرامەوە کە ئەمن دوای ئەو ڕووداوە تاڵە هەوڵم دا حەسەن سەکر بگرم و بە سزای

تاوانەکەی خۆی بگەیێنم، بەڵام بە داخەوە خۆی حەشار دا و دوایەش ئاوایی بە جێ هێشت، لە درێژەی قسەکانی دا شەهید قادر شەریف باسی ئەوەی کرد کە دوای لێکۆڵینەوە و بە دوا داچوون، ئەو مەسەلەیەمان ئاوا بۆ ڕوون بۆوە کە، ئەم پیلانە زۆر پێشتر داڕێژراوە و بۆ ئەم کارەش حەسەن سەکر دیاری کراوە کە ئەوان دەرمان خواردوو بکات، هەر بۆیە حەسەن سەکر دەرمانەکە دەداتە دەستی خێزانی کە بۆیان لە چا بکات و ژنەکەش ئەم کارەی کردووە، دوای خواردنەوەی چا بەرەبەرە هەر سێ پێشمەرگەکە بە داخەوە هۆشی خۆیان لە دەست دەدەن و ئەوەی لەو ساتە دا بیری لێ ناکەنەوە دوژمن و سیخورەکانی سەر بە ڕێژیم بووە و بێ مەترسی لە ماڵی حەسەن سەکر دەمێننەوە.

**پرسیار**: شەهید مەلا ئاوارەت چۆن ناسی و لە کوێ و چ ساڵێک؟

**وەڵام**: وێڕای بوونی خزمایەتی دەگەڵ بنەماڵەی ئێمە ئەمن دوو جار چاوم بە مەلا ئاوارە کەوتووە لە چوارچێوەی ڕێنوێنی و کاری حیزبی دا.

**یەکەم**: جار لە گوندی قەڵەڕەشێ لە (شاخی مرادی) بەرامبەر بە گوندی قەڵەڕەشێ، دەگەڵ مەولوودی حاجی مەلای قەڵەڕەشێ، ڕەسووڵ شێخەپووری، ئەحمەدی مەولانی و عەوڵای محەممەدپەنا کوڕی ئەمەر پاشای قەڵەڕەشێ، لە هاوینی ساڵی ١٣٤٤ی هەتاویی دا.

**دووهەم**: جار لە گوندی بێژوێی ناوچەی ئالانی سەردەشت، ئەو کات لە گەڵ مەلا سابیری گوێنەی، مەلا ساڵحی مارەغانی، مەلا محەممەد دولکەیی، لەوێ دەرسم دەخوێند و لە گەڵ ئەوەشدا لە ئالان خزمی زۆرمان هەن و زۆرجار سەردانی خزمانمان دەکرد و بە تایبەت بۆ لای ماڵی مەلا ئەبووبەکری شەریعەت پەنا، هەر لە ماڵی ئەو بەرێزە کە بۆ خۆی ئەندامی حیزب بوو، چاوم بە شەهید مەلا ئاوارە کەوت، مامۆستا ئاوارە کادری بەوەج و لێوەشاوەی حیزب لە سەر زوڵم و زۆری ڕێژیم و دەرەبەگەکان بە وردی قسەی بۆ کردین، مامۆستا ئاوارە لە کاتی قسە کردن دا زۆر هێدی و لە سەرخۆ بوو، بە وشەی جوان و پاراوی کوردی سەری قسەکانی دەکردەوە و تا کۆتایی باسەکەی بە سەدان وشەی ڕەسەنی کوردی لێ فێر دەبووی، بەشێک لە قسەکانی باس لە سەر ئەرکی مەلا و فەقێکان و مامۆستای قوتابخانەکان بوو، ڕۆڵی ئەوانی لە وشیار کردنەوەی دانیشتوانی کوردستان بە گرینگ دەزانی و بە تایبەت لە گەڵ فەقێکان زۆر نێزیک بوو، بە دائیم دەیگووت کە دەبێ بە حوکمی ئەوە کە لە گەڵ گوندنشینەکان زۆر تێکەڵن و لە هەمان کاتدا دانیشتوانی گوندەکان بڕوایان بە ئێوە هەیە، دەبێ ئەرکی ڕوون کردنەوەی ئەوان وەئەستۆ بگرن و لە گەڵ ئەوەشدا دەبێ لە هەموو کاتێک دا گیانی گوندنشینەکان بپارێزن تەنانەت ئەگەر بە فەوتانی خۆشتان تەواو بێت.

لە سەریەک ئەو شەوە مەسەلەی نهێنیکاری ئەساسی تەبلیغی شەهید مەلا ئاوارە بوو، لە کۆتایی دا بە ڕێزەوە ناوی هەمووانی هێنا و گووتی دەبێ هاوکاری یەکتر بکەن، مەلا ساڵحی پێ ناساندین و داوای لێکردین کە ئەگەر مەلا ساڵح ڕاسپاردەیەکی پێدان بە ئەمانەتەوە جێبەجێی بکەین، وا دیار بوو پێشتر مەلا ساڵحی دیتبوو، جا لە کوێ نازانم؟

لە ساڵی ١٣٥٨ دا مەلا ئەبووبەکر گووتی کە مەلا ئاوارە دەزگایەکی"تایپ" نووسینی لە لای من دا نابوو، ئەم تایپە مام جەلال بۆ مەلا ئاوارەی نارد بوو، ناوبراو گووتی پاش ساڵێک مەلا ئاوارە هات و تایپەکەی لە گەڵ خۆی برد و ڕۆیشت ... بەڵام زۆر دوای ئەو مەسەلەیە مەلا ئەبووبەکر لە لایەن ساواکەوە گیرا، ماوەی چەند ساڵێک لە زیندان دا بوو. (ڕووحی ئەو نەمرەش شاد)

**پرسیار**: گیرانی شەهید مەلا ئاوارە، چۆن ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکی لە سەر خەڵک و تێکۆشەران هەبوو؟

**وەڵام**: شتێکی ئاساییە، سەرکردەیەک ئەگەر شەهید دەبێ ویا خود دەگیرێ کاریگەری تایبەت بە خۆی لە دوا بە جێ دەمێنن، بە بۆچوونی خۆم ئەوە دوو بەشە:

**یەکەم**: بە نەمانی هەر سەرکردەیەک، بۆ ماوەیەک تێکۆشەرانی لە مەیدانی تێکۆشان دا بێ مامۆستا دەمێننەوە، ناوەندی ڕێنوێنی و سەرکردایەتی لاواز دەبێ و خەڵکیش بێ هیوا دەبن و دوژمن مەعنەوییاتی دەچێتە سەر و هارتر و دڕتر دەبێ، بۆ نموونە لە کاتی گیرانی "مەلا ئاوارە" دا.

**دووهەم**: ڕق و بێزاری تێکۆشەران و بڕوای تۆڵە ئەستاندنەوە بە هێزتر دەبێ و هەوڵ دەدەن کە بە زووترین کات جێگا و بۆشایی ئەو سەر کردەیە پڕ بکەنەوە و بە دوژمن بڵێن کە ئەگەر سەرکردەیەکی وەک مەلا ئاوارە شەهید دەبێ دەیان و سەدان ئاوارەی دیکە هەن کە جێگای پڕ بکەنەوە، بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەش مێژوو نیشانی داوە بۆ نموونە دوای گیرانی مەلا ئاوارە، چەندین عەمەلیات و چالاکی بە ناوبانگ لە ناوچەکانی سەردەشت و مەهاباد بەڕێوە چوون کە بەرچاوترینیان شەڕەکانی گوندی سەرشیو و شەڕی قالوێ و شەڕی هۆمل بوون. دەستەیەک پێشمەرگەی ٢٥ کەسی لە هۆملی ناوچەی ئالانی سەردەشت لە بەرامبەر ٥٠٠ کەس لە هێزەکانی پێک هاتوو لە ئەرتەش و جاش و سیخوری حکوومەتی زاڵمی پەهلەوی بە فەرماندەهی خۆفرۆشانی وەک چیچۆ و سەروان مەحموودی شەڕیان کرد و ١٦ کاتژمێر گیان فیدایانە لە خۆیان نیشان دا و کەلاکی ٤٩ کەس لە بەکرێگیراوانیان خستە سەر عەرز، لەم شەڕە قورسە دا تەنیا پێشمەرگەیەک بە ناوی عەوڵای حەمە گۆزەڵەی ناسراو بە "سەلیم" خەڵکی گوندی وەڵیو بە پرینچکی تاشە بەردێک چاوێکی بریندار بوو و دوایەش بە داخەوە چاوی لە دەست دا،

ناوبراو ساڵی ١٣٥٨ لە شەڕێکی قارەمانانە دا لە ناو شاری سەردەشت چوو ناو ڕیزی شەهیدانی گەل، کە وابوو ڕاستە مەلا ئاوارە گیرا و شەهید کرا، داخی گەورەی لە سەر دڵی هەموو لایەک دانا بەڵام شۆڕش و ئامانجەکانی مەلا ئاوارە نەمردن و پاش شەهید مەلا ئاوارەش بە دەیان و سەدان کەس لەو ناوچەیە بوونە پێشمەرگە و یا لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی دا کاری شۆرشیان بەڕێوە دەبرد و بە خوێنی خۆیان مان و کەرامەتی کوردیان پارستووە.

**پرسیار**: سەبارەت بە شێعر و نووسینەکانی مەلا ئاوارە

**وەڵام**: سەرەتا بەشێک لە شێعرەکانی ئاوارەم لە حوجرەی فەقێ یان گوێ لێ ببوو، و دوایەش بەشێکی دیکەی شێعرەکانی کە لە کاتی مانەوەی دا لە ژێر دار و لێرەوارەکانی کوردستان دا نووسیبوونی بە گوێمان گەیشتن، بە داخەوە ئێستا هیچ شێعرێکی مەلا ئاوارەم لە بەر دەست دانییە، بەڵام شێعرەکانی مەلا ئاوارە ڕووحیان وەبەر مرۆڤی نیوەگیان دێنایەوە، شێعرەکانی نیشتمان پەروەرانەن و ئەو کات ماڵە و ماڵ دەگەڕان و وێردی سەر زمانی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵ بوون، دوای شەهید بوونی مەلا ئاوارە، زۆربەی شێعرەکانی لە لایەن پێشمەرگەیەکی ئەو کات بە ناوی عەبدوڵڵای مینایی خەڵکی بێژوێ بوو.

**پرسیار**: پێت خۆشە لە دوایین وتەت دا چ بڵێی؟

**وەڵام**: لە کۆتایی دا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی شەهید مەلا ئاوارە و دوو پێشمەرگەی هاوڕێی و هەروەها هەموو شەهیدانی ساڵانی ٤٦ ، ٤٧ی هەتاویی و تێکرای تێکۆشەران و ماندوو نەناسانی ئەو کات و ئێستای گەلەکەمان و سوپاسی جەنابت دەکەم و هیوادارم کە لە کارەکانت دا سەرکەوتووبی.

**منیش سوپاست دەکەم.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٧

---

**کۆلردنەوە و ئامادەکردنی**: ڕەحمان نەقشی

**سەرماوەزی ٢٧٢٣ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی**



# سپاس و پێزانین


**هاوڕێ شلێر حەسەن پوور بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان**

**و کارو چالاکییەکانتان، دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**